بەرزان ئەحمەد کوردە

# کورتە مێژووی
# جوولەکەکانی کوردستان

هەواڵنامەی کتێب

٢٠١٩

# کورتە مێژووی جوولەکەکانی کوردستان

## بەرزان ئەحمەد کوردە

هەواڵنامەی کتێب

بابەت: مێژوویی
تایپ: نەورۆز فوئاد عەزیز
نەخشەسازی بەرگو ناوەرۆك: چرۆ محەمەد مراد
چاپخانەی:
نرخ:
تیراژ: ٢٠٠٠
نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم
ژمارەی سپاردن: (        )ی لە بەڕێوەبەرێتی گشتی کتێبخانەی سلێمانی پێدراوە

# پێرست


پێشەکی ........ ٧

بنەچەی جوولەکە ........ ١١

مێژووی جوولەکەکان لە عێراق ........ ٢١

لەکاتی فەرمانڕەوایی ئیسلامیدا: ........ ٢٢

لەسەردەمی عەباسییەکاندا: ........ ٢٤

سەردەمی عوسمانی: ........ ٢٥

فەرهەنگ ........ ٢٧

ئاماری فەرمی ........ ٢٩

کۆنگرەی جوولەکەکان، پێش دروستبوونی دەوڵەتی ئیسرائیل ........ ٣٢

ژمارەی جوولەکەکان لە ئیسرائیل ........ ٤٠

شوێنی نیشتەجێبوونی جووەکان لەدنیادا ........ ٤٢

ژمارەی جووەکان لە ولاَتانی عەرەبیدا ........ ٤٤

جوگرافیای ئیسرائیل ........ ٥٠

ئایا جوولەکە نەتەوەیە- یان باوەڕێکی ئایینی؟ ........ ٥٣

تۆماری پەڕتوکەکانی پەیمانی کۆن ........ ٦٤

تەورات: ........ ٦٦

دە ئامۆژگارییەکان: ........ ٦٨

باوەڕەکانی جوولەکە ........ ٧٠

تیرەکانی جوولەکە ........ ٧٢

گەورەیی ئایینی جوولەکە ........ ٧٣

جوولەکەکانی کوردستان: مێژوو- شوێنی نیشتەجێبوونیان.................. ٧٤
ئامارەکان دەربارەی جوولەکەکانی کوردستان................................ ١٠١
جووەکانی شاری سلێمانی........................................ ١١٠
لەڕووی ئابوورییەوە:............................................ ١١٤
لەڕووی سیاسییەوە:............................................ ١١٦
لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە:........................................ ١٢٣
فەرهەنگ و داب................................................ ١٢٦
پێنج جەژنەکانیان............................................. ١٢٩
دەستپێوەگرتن................................................ ١٣٢
نان و خواردن:............................................... ١٣٤
جل و بەرگ.................................................. ١٣٦
هاوسەرگیری................................................ ١٣٩
تەداروکاتی خەنەبەندان:....................................... ١٤٣
لەدایکبوون:................................................ ١٤٤
تەڵاق:..................................................... ١٤٦
مردن:...................................................... ١٤٧
بووکە بەبارانێ:.............................................. ١٥٠
هەندێك نەریتی جوولەکەی سلێمانی............................. ١٥٢
نیشتەجێبوون:................................................ ١٥٧
جوولەکەی هەڵەبجە........................................... ١٦٠
جوولەکەی پێنجوێن........................................... ١٦٣
جوولەکەی چەمچەماڵ.......................................... ١٦٧
جوولەکەی کەلار............................................. ١٧٠
جوولەکەی کفری............................................. ١٧١
جوولەکەی قەڵادزێ........................................... ١٧٣
جوولەکەی قەرەداغ........................................... ١٧٧
جوولەکەی کەرکوك........................................... ١٧٩

هەوالنامەی کتێب

جوولەکەی خانەقین ........................................ ١٨١
جوولەکەی هەولێر ........................................ ١٨٣
جوولەکەی کۆیە ........................................ ١٨٨
جوولەکەی دیانە ........................................ ١٩١
جوولەکەی شەقڵاوە ........................................ ١٩٤
جوولەکەی رەواندز ........................................ ١٩٦
جوولەکەی دهۆك ........................................ ١٩٧
جوولەکەی زاخۆ ........................................ ١٩٩
جوولەکەی بارزان ........................................ ٢٠٢
جوولەکەی ئاکرێ ........................................ ٢٠٤
جوولەکەی ئامێدی ........................................ ٢٠٥
جوولەکەی موسڵ ........................................ ٢٠٧
کۆچکردنی جووەکان بۆ ئیسرائیل ........................................ ٢١١
( تۆماری مێژوویی ) رێچکەی مێژووی جوولەکە - پێش زایین ................ ٢١٥
پاشکۆ و زانیاری ........................................ ٢٤٠
سەرچاوەکان ........................................ ٢٥٣
هەورامەی کتێب

# پێشەکی

هەڵبــــژاردنی ئـــەم بابەتـــە (کورتـــە مێژوویـــەکی جوولەکـەکانی باشـووری کوردسـتان) بایـەخ و تایبەتمەنـدی خـۆی هەیـە، بەتایبـەت ئـەم پێکهاتەیـە مێـژووێکی دەیـان سـەدەیان لەکۆمەڵگـەی کوردسـتانیدا هەیـە، بەچەشـنێك مێژووی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و لایەنەکانی ئابووری و بازرگانی و سیاسـی و تەنانـەت بەشـێکی بەرچاوی داب و نەریتیشی تێکەڵی یەکتری بوون و توند پێکەوە گرێدراون. لەمـەش بـترازێ تێکـەڵی لـە ژن و ژنخـوازی و خزمایەتیشـدا دروسـبووەو بەدرێـژایی پێکـەوە ژیانیـان جیـاوازی ئـایینی نەبۆتـــە هۆکـــاری رێگـــری لـــەو پێوەندیـــە برایەتییـــە مێژووییەدا.

دوای دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل لەساڵی (١٩٤٨)داو کۆچ و رەوپێکردنی ئەم پێکهاتە گرنگەی کوردستان بـەرەو ئیســـرائیل، بۆشـــاییەکی کارەســـاتباری لەکۆمەڵگـــەی کوردســـتانیدا دروســـتکرد، کـە هـەتا ئێســتاش لەگـەڵێت-ئاسـتەمە ئـازاری ئـەو ژان و لێکدابڕانـەی هـەردووك گـەلی کوردو جوو وابەئاسانی سارێژبێت.

لـەم کتێبـەدا مێـژووی ئـەم پێکهاتەیـەو پێوەندیـەکانی بەتەواوی لایەنە جیاوازیەکانیـەوە - لەباشـووری کوردسـتان شیکراونەوتەوەو خراونەتە بەردەست.

بۆ نرخاندنی لایەنی زانستییانەی ئەم بابەتە، دەبێ بگەڕێینەوە بۆ خستنەڕووی هەندێك خاڵی گرنگی وەك:

یەكەم: پێڕستی بابەتەكان، واتا: پلانی ئەم نووسینە كەلێرەدا زۆر بەجوانی وەك تێزێكی زانستییانە داڕێژراوەو خۆی لەچوار بەشی سەرەكی و چەند تەوەرێكدا دەبینێتەوە، جگە لەدەرئەنجام و لیستی سەرچاوەكان. بەشی یەكەمی تەرخانكراوە بەمێژووی جووەكان لەسەردەمی دەسەڵاتدارێتی ئیسلامیدا (عەبباسی و عوسمانی) سێ بەشەكەی دیكەشی تەواو بۆ كوردستان تەرخانكراوە.

دووەم: سەرچاوە بەشێكی یەكجار گرنگی بەئەنجامدانی تێزێكی زانستیانەیە، ئەم نووسینەش جیاوازی هەیە لەگەڵ نووسینی پەڕتوكێك كەڕەنگە زۆر لەرۆشنبیران بیخەنە بەردەست. (نووسینێكی ئەكادیمی جگەلەوەی پێویستی بەژمارەیەكی زۆر لەسەرچاوەی رەسەنی باوەڕپێكراو هەیە، لە هەمان كاتیشدا دەبێت لەژێر سەرپەرشتی مامۆستایەكی پسپۆڕدا بنووسرێت و دواتر لیژنەیەكی تایبەت بەم پسپۆڕێتییە نرخاندنی بۆبكەن و بڕیار لەئاستی زانستییانەی نووسەر بدرێت). بۆیە لێرەدا دەكرێ بوترێ كەهەردوو لایەنی زانستییانەی بابەتەكە بەئەرێنی وەرگیراوە. لەئەنجامدانی ئەم پەڕتوكەدا بیست و پێنج پاشكۆ و چل و سێ سەرچاوەی باوەڕپێكراوی بەكارهێناوە. بۆیە لەرووی زانستییەوە، ئەم نووسینە وەك تێزێكی ئەكادیمی وەردەگیردرێت.

سێیەم: بۆ تێزێکی زانستیانە جگە لەو دوو لایەنەی سەرەوە، لایەنێکی بایەخداری دیکەش هەیە، ئەویش چۆنێتی هەڵسەنگاندن و پێکەوەگرێدان و دارشتنی سەرچاوەکانە لەگەڵ بۆچوونەکانی نووسەر خۆیدا، لەو دەستەواژە نوێیانەدا کەوەك کارێك- یاخود توێژینەوەیەکی نوێ لەنووسینەکەدا ئەنجامی دەدات. واتا: لەهەر کارێکی ئەکادیمیدا پێویستە بەرهەمێکی نوێی توێژەر بەدەستەوە بدرێت کەببێتە سەرچاوەیەکی زانستیانەی رەسەن و نووسەرانی دیکەش بتوانن سوودی لێوەربگرن. بۆیە بەدڵنیاییەوە دەگرێ بوترێ نووسەری ئەم توێژینەوەیە لەم رووەوە سەرکەوتوو بووە، کارەکەی وەك سەرچاوەیەکی زانستییانەی بابەتیانە سودمەند دەبێت.

شایانی وەبیر هێنانەوەیە نووسەری ئەم کتێبە ساڵی (٢٠٠٧)یش کتێبێکی دیکەی لەژێر ناونیشانی (جوولەکەکانی سلێمانی) بلاوکردۆتەوە، ئەمەش زۆر جێگای دەستخۆشییە.

پاش خوێندنەوەی ئەم نووسینە دوو خاڵ سەرنجم رادەکێشێت: لەبەرئەوەی ناوی بابەتەکە بریتییە لە (کورتە مێژوویێکی جووەکانی کوردستان) پێم باشەو جێی خۆیەتی بکرێت بە (کورتە مێژوویێکی جووەکانی باشووری کوردستان)، چونکە لەراستیدا لێرەدا بەهیچ شێوەیەك ئاماژە بەجووەکانی کوردستانی گەورە- یاخود بە بەشەکانی دیکە نەکراوە.

سـەرەنجی دووەمـم: وەك پێشـنیاز وایـە. لەراسـتیدا سـەبارەت بـەم پێكهاتـە گرنگـەی باشـووری كوردسـتان. لـە گـەلێك رۆژنامـەو گۆڤارو چاپەمەنییەكاندا باسـی لێكـراوە، تەنانەت لەراگەیاندنەكانیشـدا بەهـەمان شـێوە، بـەڵام ئـەم نووسینە جیاوازترە لەهەموو ئەوانە، چونكە بۆ یەكەمجارە لەتوێژینەوەیەكی زانستییانەداو لەسەر بنەمای ژمارەیەكی بەرچـاو لەسـەر چـاوەی رەسـەن، دەخرێنـە بەردەسـت و دەكـرێ وەك سەرچـاوەیەكی زانسـتی بكرێتـە بەرنامـەی خوێنـدن و لانـی كـەم وەك وانەیـەك بـەناوی: مێـژووی جووەكـانی باشـووری كوردسـتان، لەخوێندنگـە ناوەنـدی و ئامادەییەكانـــدا بخوێنـــدرێت، تەنانـــەت لـــەزانكۆ و پـــەیمانگاكانیش لەتوێژینەوەكانــدا ســودی لێوەربگیرێــت، ئەمـــە وێـــڕای لایەنـــە پەیوەندیـــدارەكان و ناوەنـــدە رۆشنبیریەكان- گەر مەبەستیان بێت بگەڕێنەوە بۆ مێژووی ئـــەم پێكهاتـــە گـــرنگ و تایبەتمەندیـــەی كۆمەڵگـــەی كوردســـتانی، ئـــەوا ئـــەم پەرتوكـــە وەك یەكـــەم كـــاری زانستییانە لەبەردەستیاندایەو دەتوانن سودی لێوەربگرن.

هیـوادارم نووسـەری ئـەم پەرتوكـە بـەڕێز (بـەرزان ئەحمـەد) زیـاتر ئـەم كـارەی فـراوانتر بكـات و پارچـەكانی دیكەی كوردستانیش بگرێتەوە.

**دكتۆر: كەمال علی**

**٢٠١٩/٣/٢٩**

# بنەچەی جوولەکە

کاوتسکی دەڵێت: (عیبرانیەکان لەو خێڵە سامیانە بوون کەسەردەمی خۆی هەرێمێکی مەدەنی هاوسێیان داگیرکردووە. بەگرتنە بەرچاوی ئەوەی خولیای کۆچەرێتی بوون، ئەگەری ئەوە هەیە گەیشتبێتنە سنووری میسرو کێوی سینا، پێش ئەمە ئەو عیبرانیانە شێوازێکی دیاریکراویان نەبووە، تەنها ئەو کاتە نەبێت کەلەفەلەستیندا نیشتەجێبوون. ئیدی قۆناغی کۆچەری و شوانکاریان جێهێشتووە، چونکە لەسایەی ئەمەدا دەتوانرا ئەگەری دروستکردنی نەتەوەیەکی گەورە فەراهەم بکرێت)(١).

هەندێك رای دیکە هەیە دەڵێت: کلیلی تیگەیشتن

---

(١)- الدین و الصراع الطبقی- فی المجتمع الشرقی العبودی القدیم. تالیف: کارل کاوتسکی. ترجمة: سعید العلیمی. مرکز الدراسات و الابحاث العلمانیة فی العالم العربی. دار روافد للنشر والتوزیع فی القاهرة. (القسم الثالث- الیهود) ٢٠١١ ص١٦

لەئەسڵی نەتەوەی ئیسرائیلی ئەوەیە جیاوازو نەگونجاوبووە لەگەڵ کۆمەڵگای کەنعانی پێشخۆی. دانیشتوانی رەسەنی فەلەستینی لەسەردەمی بەردەوە زۆر گۆڕانکاریان بەسەردا نەهاتووە، هەر لەسەر شێوازی کۆنی نیشتەجێبوون و رەوشێکی ئابووری ماونەتەوە. هەتا سەردەمی ئاشوریەکان.

(ئەرمەنییەکان خۆیان و کوردو جوولەکەکان بەو دانیشتوانە رەسەنانە دەزانن کەلەخۆرهەڵاتی ئەنازۆڵ نیشتەجێبوون و دواتر شارستانیەتی ئەورووپی و خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لەئەوانەوە سەرچاوەی گرتووە)(١).

بەڵام بەپێی تەوڕات: بنەچەی جوولەکە دەگەڕێتەوە بۆ باپیرە گەورەیان ئیبراهیم، دوای ئەو بۆ کوڕەکەی ئیسحاق و دواتر یەعقوب و دوازدە کوڕەکانی، کەناوی ئیسرائیلیەکان لەمانەوە هاتووە. ئەوانەی لەمیسری کۆندا ژیاونو دواتر رۆیشتوون بۆ بیابانی سیناو لەوێ خواوەند تەوڕاتی لەسەردەستی موسا پێبەخشیون. پێشتر ئیسرائیلیەکان بەعیبرانی ناسرابوون، بەهۆی باوکاینەوە کەلەرووبارێکی خاکی ئاشوریەکان پەڕیوەتەوە.

---

(١)- بنەچەی کورد- یان رەچەڵەکی کوردو زمانەکەی. نووسینی: فێردیناند هێنەر بیشلەر. وەرگێڕانی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆر. عەتیە کەریم محمد. ناوەندی توێژینەوەی مێژوویی جەمیل رۆژبەیانی ٢٠١٦ ل٦٢

جوولەکـــە ئەوانـــەن کـــەباوەڕیان بەموســـا هێنـــاوەو پابەندی یەهودیەتن، لەبنەڕەتدا پەیڕەوێکی ئایینییە نەك ئـــەتنیکی و رەگـــەزی: بـــەڵام موســـا تـــەنها بۆنـــەوەکانی ئیسرائیل نێردراوە.

جووەکـــان وەك دەقێکـــی بنچـــینەیی تـــەنها پشـــت بەڕێنماییەکانی تەوڕات دەبەستن، بەپێی باوەڕی جووەکان پـــەیامێکی ئاسمانیـــەو بـــۆ موســـا دابەزێنـــدراوەو بریتییـــە لـــەئایینو فەلســـەفەو فەرهـــەنگی نەتـــەوەییان. بـــەلای ئیماندارەکانیانەوە جوولەکەیی ئەو پەیمانەیە کەخواوەنـد لەگەڵ مللەتی ئیسرائیلیدا بەستویەتی. جووێتی پێکهاتووە لەکۆمـەڵێك دەقو رێکخسـتن و کـرداری لاهـوتی. تـەوڕات بەشێکە لەدەقێکی گەورەتری عیبری ناسراو بە (تناخ)- یان کتێبـــی پـــیرۆزی عیبریـــەو شـــەریعەتەکانی تـــەوڕات بەسەرزارەکی شیدەکاتەوەو بـریتین لـەو دەقانـەی کـەدواتر دانراوەن. وەك: مدراش و تەلمود.

بۆچـــوونێك هەیـــە دەڵێـــت: (مێـــژووی جوولەکـــە لەپەڕتوکی ئیبراهیمـەوە دەسـتپێدەکات، لـەخۆرئاوای خـاکی کلدانیەکانـەوە بۆخـاکی کەنعانییـەکان)(١) بـەڵام زانسـتی شوێنەوارناسـی سـەبارەت بـە بنەچـەی جووەکـان شـتێکی

---

(١)- اليهـود انثروبولوجيـا: تـاليف: د. جمـال حمـدان. الناشـر: دار الهـلال. ٢٠٠٧ ص٨٢



هەوڵنامەی کتێب

دیكە دیاردەخات و دەڵێت: بەڵگەی ئەوەنییە وڵاتی شامیان جێهێشتبێت، بەڵگەكان دەربارەی بنەڕەتی ئیسرائیلییەكان جەخت لەسەر ئەوە دەكەنەوە كەنعانیین و میسری نین. دوای ئەوەی زانایانی شوێنەوارناسی بۆماوەی سەدەیەك لێكۆڵینەوەیان لەوبارەوە كردو بۆیاندەركەوت هیچ بەڵگەیەك دەربارەی بەسەرهات و حیكایەتەكانی دەرچوون و رزگاربوون لەكۆیلایەتی ژێر دەسەلاتدارێتی فریرعەونەكان نییە. رایەكی دیكە هەیە پێیوایە: جووەكان لەماوەی هەزارەی دووەمی پێش زایین وەك كۆمەڵێكی ئەتنیكی ئایینی لەبەشێكی خاكی شام گەشەیان كردووە. هەر لەسەدەی دووەمی زایینیشەوە جوولەكەكان بەهەموو دنیادا بلاوبوونەوەو زانیاری لەسەر ئەوە هەیە كەجووەكان لەزۆر لەوڵاتاندا هەبوون.

بەپێی كتێبی پیرۆزی جووەكان، گەلی جوولەكە لە ساڵی(١٤٥١)ی پێش زانین لەخاكی كەناری خۆرهەڵاتی دەریای سپی ناوەڕاستو رووباری ئوردن و كەنعاندا، نیشتەجێ بوون. ئیسرائیلیەكان بنەچەیان دەگێڕنەوە بۆ وەچەی پێغەمبەر ئیبراهیمو هەردووك كوڕەكەی: ئیسحاق و یەعقوب. ئەوانە ئەو عیبرانیانەن كەلەنێوان ساڵانی (١٧٠٦-١٩٩١)ی پێش زایین، رەوەندی كۆچەری بوون، لەناوچەی خەلیل.

پێشتر بەعیبرانیەکانی ئیسرائیلیان گوتووە جوولەکە، بەڵام لەکتێبەکانی دواتردا لە (تناخ)دا وەك پەڕتوکی ئەستیر، زاراوەی جوولەکە گۆڕدراوە بۆ رۆڵەکانی ئیسرائیل.

هەندێك رای دیکە هەن دەڵێن: عیبرانیەکان تێکەڵەیەکن لەگەلانی سامی کۆن و بنەچەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ سامی کوڕی نوح، ئەوانە لەسەرخاکی کەنعان نیشتەجێبوونو پێکهاتوون لە: ئارامیەکان، عموریەکان، ئاشوریەکان، ئاموریۆنەکان، عەمالیقو هەندێك لەهکسوسیەکانیش. بەپێی ئەم پێناساندنە، کەواتە ئیبراهیم پێغەمبەرو رۆڵەکانی عیبرانین. هەروەها ئەوەش روون بۆتەوە عیبرانیەکان رەچەڵەکیان تەنها لەنەوەکانی ئیسرائیلیدا قەتیسم نابێت، وەك ئەوەی ئێستا باوەو ئەو بۆچوونە هەیە. هەموو ئەو هۆزە عیبرانیانە لەسەردەمی پاشا شائولی یەکەم، پاشای دەوڵەتی ئیسرائیلی مەزن یەکخران، قورئانی پیرۆزیش بە(تالوت) ناوی هێناوە.

ویل دیورانت: سەبارەت بەو مەملەکەتی شانشینە دەڵێت: دروستکردنی مەملەکەتی شانشینی جوولەکە، یەکێکە لەگرنگترین رووداوەکانی داستانی جووەکان، تەنها خانەی خواپەرستی (یەهوە) نەبووە، بەڵکو ناوەندێکی رۆحیو پایتەختی شانشینەکەشیان بووەو بۆتە ئامرازی گواستنەوەی کلتورەکەشیان. هەروەها بەرزکردنەوەو بالابردنی ئایینی جوولەکە لەئایینێکی سەرەتایی

فرەخواوەنـدەوە بـۆ بـاوەڕێکی پایـەداری خـاوەن ڕیشـە گـۆڕاوە.)[١] ئـەو شانشـینیە هـەموو تـیرەی جوولـەکانی کۆکردنـەوە کەژمارەکـەیان (١٢) هـۆز بـوون، ئـەوانیش لەرەچەڵەکی پێغەمبەر یەعقوب بوون و ژمارەیان (١٢) کوڕ بووە. ئـەو شانیشـینە بۆمـاوەی (١٠٠) سـەد سـاڵ لـەماوەی فـەرمانڕەوایی سـێ پاشـا: شـائول و داوودو سـلیمانیدا، مایـەوە. دوای مردنـی پێغەمبـەر سـلیمان، مەملەکەتەکـە دابەشبوو بۆ دوو بەش، دەوڵەتی ئیسرائیلی سەروو کە (١٠) هـۆزی لـەخۆگرتبوو، پایتەختەکـەی سـامرە بـوو. دەوڵـەتی یـەهوزاش لـەخواروو کەلـە دوو هـۆز پێکهـاتبوو، پایتەختەکەی ئۆرشەلیم بوو. دەوڵـەتی ئیسـرائیلی سـەروو ساڵی (٧٢٢) لەلایـەن ئاشـوریەکانەوە بـۆ هەمیشـە لـەناوبرا. دەوڵـەتی یـەهوزای خـوارووش (کـەناری یـەهود لەئـەوەوە هاتووە) هەتا ساڵی (٥٨٧) پێش زایین، بەپایـەداری مایـەوەو دواجـار لەلایـەن بابلیەکانـەوە وێرانکـراو دانیشـتوانەکەی وەك دیل و کۆیلە بردران بۆ ئیمپراتۆریەتی بابل.

ئـەم جوولەکانـە هاوشـێوەی جووەکـانی دەوڵـەتی ئیسرائیلی سەروو، ئاوێتەی کۆمەڵگای بابلی نەبوونو وەك قەوارەیـەکی سـەربەخۆ ماونـەوەو تێکـەڵاوی

---

[١]ـ قصة الحضارات. تاليف: ول داريل ديورانت. ترجمة: زكي نجيب محمود. الناشر: دار الجيل للطبع والنشر والتوزيع ٢٠٠٧ مجلد ٢ ص ٣٣٨

دەوروبەرەکەیان و کۆمەڵگای بابلی نەبوون،. دوای ئەوەی پاشای فارسی قورش دەوڵەتی بابلی داگیرکرد، جوولەکە یەهوزیەکان جارێکی دیکە گەڕانەوە ئۆرشەلیم‌و بوونە دوایین پاشماوەی ڕەگەزو ڕەچەڵەکی پێغەمبەری خوا یەعقوب.

دواجار وشەی میللەتی ئیسرائیل بۆ هەموو دوازدە هۆزەکە بەکار دەهێندرا، لەکاتێکدا ئەو جووانەی گەڕانەوە بۆ ئۆرشەلیم زۆربەیان لەهۆزی یەهوزا بوون، جگەلە هەندێك کەسانی هۆزەکانی: بنیامین‌و لاویین. بۆیە ئەو جوولەکانەی لەمەملەکەتی ئیسرائیل مابوونەوە ڕێژەیان زۆر کەمبووەو زۆربەیان جوولەکەی دەوڵەتی یەهوزا بوون. بۆیەش باشتر وایە پێیان بگوترێت: جوولەکە نەك نەوەکانی ئیسرائیل.

هەتا سەردەمی پێغەمبەر سلێمان هەر ناویان بەئیسرائیلەکان هاتووە، لەکاتێکدا قورئان وشەی جوولەکەی (سەبارەت بەتیرەی یەهوزا) دوای قۆناغی ئەنفالکردنیان لەلایەن بابلیەکانەوە، بەکارهێناوە. نەوەی ئیسرائیلیەکان لەدوازدە هۆز پێکهاتوون: ئەوانیش: ڕوبین، شمعون، لاوی، یەهوزا، یاساکر، زفولون، دان، جاد، نفتالی، عشیر، یوسف و بنیامین.

کتێبی پیرۆزی جووەکان (تەوڕات) جەخت لەوە دەکاتەوە یەعقوب و هەر دوازدە کوڕەکەی بەهۆی قاتوقڕی

و برسێتی کەنعانیان جێهێشتووەو لەناوچەی جاسانی سەرووی میسر نیشتەجێ بوون. لەوماوەی کەلە میسر ژیاون، حکومەتی میسری بەسەرۆکایەتی فرعەون- خۆیانو رەگەزەکەشیانی بەدزو دەستبڕ سەیر دەکرد. دوای چوار سەد ساڵ لە کۆیلایەتی خواوەند یەهوای جووەکان، پێغەمبەر موسای لەهۆزی لاوی نارد هەتا رۆڵەکانی ئیسرائیل لەچنگی زۆرو ستەمی فیرعەونی میسری رزگاربکات.

دەقی تەورات دەڵێت: عیبرانیەکان لەمیسر رۆیشتنو (بە بەدەرچوون بەناوبانگە) گەڕانەوە سەرخاکی باوكو باپیرانیان لەکەنعان. واتا: لەساڵی (١٤٠٠)ی پێش زایین.

دوای رزگاربوونی ئیسرائیلەکان لەکۆیلەکردنیان لەلایەن میسرەوە بۆماوەی (٤٠) ساڵ لەسینا نیشتەجێ بوون، پێش رزگارکردنی کەنعان ساڵی (١٤٠٠ پ.ز) بەسەرکردایەتی (یوشع نون). کتێبی پیرۆز ئاماژە بەوەدەکات: لەوماوەی لەبیابانی سینا بەسەریان بردووە، خواوەند (یەهوا) رێنوێنی لەکێوی موسا بۆ پێغەمبەرەکەی موسا ناردۆتە خوارەوە، ئەمە سەرەتای راستەقینەی دەرکەوتنی جوولەکایەتی بوو- وەك یەکەم ئایینی ئیبراهیمی.

دوای چوونیان بۆ کەنعان هەر یەك لەو دوازدە هۆزە، بەشێك لەو خاکەیان گرتەدەست، ئیدی بۆچەند سەد

سالێك بەخاكی ئیسرائیل مایەوەو بەسەر ئەو دوازدە هۆزەدا دابەشکراو کۆمەڵێك فەرمانڕەوا بەڕێوەیان دەبرد. ئیجا شانشینی ئیسرائیلی لەساڵی (١٠٠٠ پ.ز) بەفەرمانڕەوایی پاشا شائول دامەزرا، دوای ئەویش پاشا داوودو دواتر کوڕەکەی سلیمان فەرمانڕەوایی ئەو شانشینیەیان گرتەدەست. لەسەردەمی فەرمانڕەوایی شا داوودا شاری قودس هەبووەو پایتەختی ڕۆحیو نیشتمانی ئیسرائیل بووە، پاشا سلیمانی یەکەم پەرستگایەکی لەسەر کێوی موریای قودس دروستکرد، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەرەو هەڵوەشانەوەی سیاسی دەچوونەوە، دوای مردنی شا سلیمان، شەڕی ناوخۆ لەنێوان دە هۆزەکەی سەرووی شانشینیەکەو دوو هۆزەکەی یەهوزای خوارووی شانشینەکە هەڵایسا، لەئەنجامدا دەوڵەتی ئیسرائیل لەسەروو، دەوڵەتی یەهوزا لەخواروو، دروستبوون.

مێژوونووسی جوولەکە (شاهین مکاریوس) دەڵێت: ئاشکرایە زۆرینەی مێژووی جوولەکە هەتا وێرانبوونی ئۆرشەلیم، لەتەوراتەوە وەرگیراوە، گەنجینەی مێژووەکەیان بەسەرهاتی ستەم و کویلەبوونیان، هەروەها شکۆ و سەرکەوتن و پێشەوایەتیان دەگێڕێتەوە. هەروەك چۆن کتێبێکە سەرچاوەی بەهرەگیریە بۆ کۆمەڵێك شەریعەتی ئایینی و مەدەنیان.

ئـەوەی بیـەوێت سـەیری مێژووەکـەیان بکـات، دەبـێ پشــت بەتــەوڕات ببەســتێت بۆبــەکورتی تێگەیشــتن لەمێژووەکەیان، چونکە مێژووەکەیان دوورو درێـژەو دەیـان سەدە درێژ دەبێتەوەو پڕە لەڕووداو وچیرۆكو گێڕانەوە.

بۆنموونــــە: بــــەپێی سەرچــــاوە مێژووییــــەکان: داگیرکارییــەکانی: فیرعــەونی، ئاشــووری، ئـارامی، کلـدانی، فینیقی، یۆنانی و بەتالیسەکان، پەرتەوازەیان کردوون.

بـەلاّم سـەبارەت بـەداگیرکاری ئاشـوریەکان پێغەمبـەر موسا پێشبینی کردوەو نووسیویەتی:

(وَكَمَا سُرّ الـرّبُّ بِكُمْ فَأَحْسَنَ إِلَيْكُمْ وَكَثّرَكُمْ، فَإِنّهُ سَيُسَرُّ بِأَنْ يَفْنِيَكُمْ وَيُهْلِكَكُمْ فَتَنْقَرِضُونَ مِنَ الأَرْضِ الّتِي أَنْتُمْ مَاضُونَ إِلَيْهَا لامْتِلاَكِهَا. وَيُشَتّتُكُمُ الـرّبُّ بَيْنَ جَمِيعِ الأُمَمِ مِنْ أَقْصَى الأَرْضِ إِلَى أَقْصَاهَا، فَتَعْبُدُونَ هُنَاكَ آلِهَةً أُخْرَى مِنْ خَشَبٍ أَوْ حَجَرٍ لَمْ تَعْرِفُوهَا أَنْتُمْ وَلاَ آبَاؤُكُمْ) (28:63-64).

# مێژووی جوولەکەکان لە عێراق

سەرەتای هاتنی جوولەکەکان بۆ عێراق دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی شەشەمی پێش زایین، دوای ئەوەی پاشای بابلی نەبوخوزنەسر ئەنفالیکردن بۆ شانشینیەکەی، لەراستیدا بەوردتر بلێین: مێژووی جوولەکە لەعێراقدا لەگەڵ تالان و بڕۆکردنی مەملەکەتی ئیسرائیل لەلایەن ئاشوریەکانەوە دەستیپێکرد، ئینجا بابلیەکان دەوڵەتی شانشینی ئیسرائیلیان داگیرکردو ئورشەلیمو پەرستگای[1] سلیمانی یەکەمیان وێرانکرد، لەو ماوەیەدا نزیکەی چل هەزار جوولەکە بەکۆیلە گیرانو بردران بۆ بابل.

لەسەردەمی فەرمانڕەوایی بابلیەکاندا قەدەغەبوو جووەکان بگەڕێنەوە بۆ فەلەستین، بەڵام دوای هاتنی ئەخمینیەکان بۆ عێراق ساڵی (٥٣٩ پ.ز) ڕێگا درا جووەکان بگەڕێنەوە بۆ فەلەستین و هەندێکیان گەڕانەوە، بەڵام دوای زاڵبوونی ساسانییەکان بەسەر عێراقدا کۆمەڵێك کۆتو بەندیان بەسەر جووەکاندا سەپاند، بەمەش

---

[1]_ یەکەم قیبلەی جوولەکەکانە.

جوولەکەکان هەستیان بەنائارامیو هەراسانی کردو بارودۆخیان خراپبوو.

ئاوا مانەوە هەتا سەردەمی پاشا شاپوری یەکەمو شاپوری دووەم، ئیدی کەمێك بارودۆخیان بەرەوباشی چۆوە.

**لەکاتی فەرمانڕەوایی ئیسلامیدا:**

بەپێی گۆڕانی هەلومەرجی ئیمپڕاتۆریەتی فارسی، حاڵی جوولەکانیش گۆڕانی بەسەردا دەهات، هەتا سوپای ئیسلام لەسەدەی حەوتەمی زایینی ئەو ئیمپڕاتۆریەتیەی لەناوبرد. جووەکان پێیانوابوو رزگاریان دەبێت لەکۆتو بەندو ستەمەکانی فارسی، بۆیە پێشوازیان لەسوپای ئیسلام کردوو، ماوەیەك لەسایەی خەلیفەکانی راشیدیندا بەئارامیو ئاسایش ژیان، دواتر کەوتنە ژێر رکێفی دەوڵەتی ئەمەوی. بەڵام لەسەردەمی عەباسییەکاندا گەیشتنە لوتکەی بوژانەوەو پێشووەچوون. دەتوانین بەگشتی بڵێین: جگە لەماوەی داگیرکاری مەغۆلیەکان جوولەکەکانی عێراق لەئارامی گیانیو بوژانەوەی ئابووری و پارێزراوی موڵکداریێتیو خۆشگوزەرانیدا بوون.

بەپێی سەرچاوەکان جوولەکەکانی عێراق لەماوەی سەدەی دوازدەی زایینیدا (١٠) قوتابخانەی ئایینیو (٢٣٨)

پەرستگایان هەبووە، دوو قوتابخانەی گەورەشیان هەبووە، یەکەمیان: لەشاری (سورا)[1] دووەمیشیان لە (فوم بدیسا)[2] بووە، بەڕێوەبەری خوێندنگای (جائوون)یش حاخامیان بووە. دواتر ئەو ناوە ناونراوە (جیئونیم). جووەکان لەماوەی فەرمانڕەوایەتی فارسەکاندا تووشی زۆرو ستەم بوونەوەو سەرکوتکراون، هەتا ئەوکاتەی ساڵی (١٦٣٨) تورکەکان هاتو عێراقیان داگیرکردووە.

ئیدی بارەدودۆخی جوولەکەکان بەرەوباشتر چووە. توانیان لەماوەی فەرمانڕەوایی عوسمانیەکان (١٦٣٨-١٩١٧) کاروباری ژیانی خۆیان بەئازادانە بەسەربەرن، وردە جووەکان زۆر بوون و هاوشان لەگەڵ مسوڵمانەکانی عێراقدا ژیانو عێراقییەکان پێیانوابووە بەرپرسن لەوەی پارێزگاری لەهاوسێ و برا جووەکانیان بکەن.

جوولەکەکان لەسایەی خەلافەتی عوسمانیەکاندا ببوونە جێگای گرنگی پێدانی سوڵتانەکانی عوسمانیو زۆر ڕێساو یاسایان بۆ دەرکرا کەمافەکانیانی دەپاراست. ئەمەش لەو بڕیارانەی سوڵتان مستەفای دووەم (١٧٥٧-١٧٨٩) ڕەنگی دایەوە، کەلە (٣/ی تشرینی دووەمی ساڵی (١٨٣٩)دا دەرچوون، هەروەها بڕیاری ساڵی (١٨٥٦)یش. زۆر

---

[1]- سورا: ئێستا ئەو شارە ناوی (القاسم)ە لەپارێزگای بابل.

[2] فوم بدیسا: شاری فەلوجەی ئێستا.

سەرچاوە ئاماژە بەوە دەکەن جووەکانی عێراق خاوەنی ماف و ئازادی خۆیان بوونو پەیوەندیان لەگەڵ مسوڵمانەکاندا زۆر باش بووە.

### لەسەردەمی عەباسییەکاندا:

لەگەڵ دەستپێکردنی سەردەمی عەباسیو کردنی بەغداد بەپایتەختی خەلافەتەکەی. ژمارەی جوولەکەکان زیادی کردووە، هەردووك قوتابخانە دینییە گەورەکەیان گوازرانەوە بۆ پایتەخت. جوولەکەکان تەنها لەماوەی حوکمڕانی هاڕوونە ڕەشیدو خەلیفە متوکلیدا، جیاوازی دەمارگیریان لەبەرامبەردا کراوە، جگەلەم دوو ماوەیە ئیدی سەردەمی عەباسییەکان سەردەمێکی زێڕین بووە بۆ جووەکانو هەموو ئەتنیكو ئایینەکانی دیکەی عێراقیش، بەئاستێك بەغداد بوو بەناوەندی ئایینی جوولەکەکانی دنیا، هەموو پرس و ڕا ئایینیو شەریعەتیەکان ئاراستەی بەغداد دەکرانەوە - بۆئەوەی گەورە حاخامەکانی جوولەکە راو ڕێنوێنی خۆیانی لەسەر دەبڕن، ئەم بەرەوپێشچوون و بوژانەوە فەرهەنگیە بەردەوامبوو هەتا مەغۆلەکان هاتنو عێراقیان داگیرکردو زۆر لەکەنیسەکانیان وێرانکردن. دوای ئەوەی سەفەویەکانیش عێراقیان داگیرکرد بارودۆخی جوولەکەکان هەر لەخراپیدا مایەوە.

## سەردەمی عوسمانی:

عوسمانیــــەکان ســـاڵی (٥٣٤ م) عێراقیـــان داگیرکـــردوو سەفەویەکانیان دەرکرد، سـەرانەیان بەسـەر جوولەکەکانـدا سـەپاند، بـەو بڕوایـەی ئەوانـە خـاوەن پـەرتوکی ئـایینی ئاسمـانین، هـەروەها مـافو ئاسایشـی جووەکـانی عێـراق پـارێزراو بـوو. دوای ئـەوەی ئارامی بـاڵی بەسـەر بەغـدادا کێشـایەوە، ئیـدی بـووە ناوەنـدی ئـایینیو فەرهـەنگیو ئـابووری جووەکـان- لەسـەر ئاسـتی عێـراقو هینـدو وڵاتـی فارس. ساڵی (١٨٤٠) خوێندنگای گەورەی جوولەکە بـەناوی (خانــەی زیلخــا) دامــەزرا، بــۆ پێگەیانــدنی حاخامــەکانی جوولەکە.

لەســــەردەمی عوسمانیەکانــدا کەمینــه ئایینیـــەکان ســەربەخۆ بــوون، لەسەرپەرشــتیاری کردنــی کاروبارەکـانی ئـــــایینیو ئیـــــدارەکردنی دامـــــەزراوە خێـــــریو پەروەردەییەکانیان. دواجـار پەیوەسـتبوونی ئـەو کەمینانـە بەدامـــەزراوە گشـــتییەکانی دەوڵەتـــەوە. جووەکـــان دامەزراوەیـــەکی بـــاڵای مـــەدەنیان هـــەبووەو کاروبـــارە ئایینیەکانیشـیان لەدەسـت سـەرۆکی حاخامـەکان (حاخـام پاشا)دا بووە، کەلەلایەن دیـوانی دەسـتەی بـاڵای حکومـەتی عوسمانیــەوە دیاریــدەکرا، بــەڵام بــەڕێوەبردنی کاروبــاری ئیداری لەدەست کەسایەتێکی دیکـەی جوولەکـەدابوو، پێـی

دەگـوترا (ناسـی) واتـا: سـەرۆك. دوای ئـەو دوو كەسـە، ئەنجوومـەنێكیان هـەبووە. دادگـای حاخامیـەت لەبەغـداد یارمـەتی ماددی لەسـندوقی پاشـەكەوتكردنی جووەكانـەوە وەرگرتـووە. ئـەو قانونانـەی توركیـا كەلەسـاڵی (١٨٣٩- ١٩١٤) سـەبارەت بەجوولەكـەكان دەریكـردن، زۆر باشـتربوون لـەو قانونانەی سەبارەت بەجوولەكەی شـوێنەكانی دیكـەی ژێـر دەسەڵاتدارێتی دەوڵەتی عوسمانی دەركرابوون.

# فەرهەنگ

شـــوێنی گرنگـــی جووەکـــان لـــەرووی مێـــژوویی‌و فەرهەنگییـــەوە لـــەبابل بـــووە، لـــەوێ تـــەلمودی بـــابلی نووســـراوەتەوەو دوو فێرگـــەیان لـــە (ســـورا)و (بومبادیتـــا) هـــەبووە، بـــەڵام ئایـــا: جوولەکـــەکانی بابـــل لەکوێـــدا نیشـــتەجێبوون؟ بـــەپێێ سەرچـــاوەکان لـــەنزیك چـــەم‌و ئاوەکانـدا نیشـتەجێبوون، ئەمـە بـەپێی پـەڕتوکی مـزامیر. شـایانی وەبیرهێنانەوەیـە هـەر لەسـەردەمی بابلیەکانـەوە جووەکان لەعێراقدا بوونیـان هـەبووە، تەنانـەت پێگەیـەکی باشـیان بۆخۆیـان دەسـتەبەرکردووە- بەبـەروارد لەگـەڵ جوولەکەی شوێنەکانی دیکە، بـەجۆرێك لـەرۆژگاری تـەلمودا ببـووە ناوەنـدی رۆحـی‌و رێنمـایی‌و ئاڕاسـتەکردنی ئـایینی هەموو جووەکانی دنیـاو بۆچـەند سـەدەیەکی یـەك لـەدوای یـەکیش. ئەمـەش لـەرێگای ناوەنـدە زانسـتییە مەعریفیـە بەناوبانگەکانی (سوراو بۆمبادیتا)وە بوو.

یەکـەم ئـامێری چـاپکردن کەسـاڵی (١٨٦٣) لـەعێراق

دامــەزرا، لەسەردەســتی (موســی بــاروخ مزراحــی) بــوو کەیەکـەم رۆژنامــەی بــەزمانی عیـبری بــەناوی (هـادوفیر) دەرکرد، هەروەها هەندێك كتێبشی بەزمانی عیـبری بەچاپ گەیاندن.

باشـترین دەزگـای چـاپو پەخشـی جوولەکـە، خانـەی بڵاوکردنەوەی (رحمایم) بـوو لەبەغـدا، بەرهەمـەکانی ئـەم دەزگایە لەنێوان جوولەکـەکانی عێـراقو هینـددا رەواجێکی زۆری هەبوو.

# ئاماری فەرمی

بەپێی ئامارە راگەێندراوە فەرمییەکان، کۆی گشتی جوولەکەی کوردستان لەنێوان (٢٣- ٢٥) هەزار مەزندە کراوە.

سەرچاوەی کەم هەن کەگومان لەدروستیان نەکرێت، بەپێی ئاماری ساڵی (١٩٤٧) ژمارەی ئەو جوولەکانەی لەشاری هەولێر بوون (٣١٠٩) کەس بوون. لەشاری کەرکوکیش (٤٠٤٣) لەپارێزگای موسلیش (١٠٣٤٥) لەسلێمانیش (٢٢٧١) و لەشاری دیادلەش (٢٨٥١)کەس بوون، بەوپێیە کۆی گشتی جوولەکەکانی کوردستانی باشوور (٢٢٦١٨) بوون. ئەمە بەپێی ئاماری فەرمی حکومەتی عێراقی.

دواتر لەساڵی (١٩٤٨) حکومەتی عێراقی رایگەیاندووە کەنزیکەی (١٩) هەزار کوردی جوولەکە لەعێراقدا دەژین، ئەمە ئەو دژەیەکیە دەردەخات سەبارەت بەژمارەی جوولەکەکانی کوردستان، هیچ ئامارێکیش نییە سەبارەت بەو کوردە جووانەی ئەوکاتە لەدەرەوەی وڵات بوون.

سەبارەت بەجوولەکەی سلێمانیو تۆماری ژمارەکەیان لەعێراق، تەها مەزندەکردنی لێرەو لەوێمان دەستدەکەوێن.

لەسەردەمی داوود پاشا کەلەنێوان سالآنی (١٨١٦- ١٨٣٦) فەرمانڕەوایی عێراقی کردووە، هیچ زانیاریەك سەبارەت بەژمارەی جووەکان لەبەردەستدا نییە.

گەڕیدەی ئینگلیزی (ولستد) ئاماژەی بەوە کردووە: لەبەغداد نزیکەی حەوت هەزار جوولەکە هەبوون، لەکاتێکدا گەشتەکەی بەرێز (ولستد) لەسالّی (١٨٣٠)دا کراوە. لەسەرەتای سەدەی نۆزدەدا ژمارەی جووەکانی شاری بەغداد بەنزیکەی (٢٥٠٠) خێزان مەزندەکراوە، بەلاّم لەشاری سلێمانیدا ژمارەیان بە (٣٠٠) خێزان خەملێندراوە، لەشاری موسلیش بەهەزار خێزان.

لەو سەرژمێریەی لیژنەی کۆمەڵی نەتەوەکان لەسالّی (١٩٢٤) کەسەبارەت بەکێشەی ولایەتی موسل بوو، ئاماژە بەوەکراوە کە (٣٠٧٩) خێزانی جوولەکە لەموسڵدا هەن.

(یوسف غنیمە) ئاماژە بەوە دەکات حکومەتی بریتانی ئاماری دانیشتوانی عێراقی کردووەو ژمارەی جووەکانی بەو (٨٧ ٤٤٨) کەس دیاریکردووەو بەسەر پازدە شاردا دابەشبوونو زۆرترینیان لەبەغداد نیشتەجێبوون-کەژمارەیان پەنجا هەزار کەس بووە، کەمترین ژمارەشیان

لەشاری کەربەلا بوون کەلە (١٦٠) کەس تێنەپەڕیوە. بەڵام بەپێی سەرژمێری ساڵی (١٩٤٧) ژمارەی جوولەکەکانی عێراق بە (١١٧ ٨٧٧) کەس دیاریکراوە.

لەماوەی ئەو (٣٠) ساڵەدا، واتا: لەمێژووی سەرژمێریەکەی حکومەتی داگیرکەری بریتانی (١٩١٧) بۆ سەرژمێری حکومەتی عێراقی لەساڵی (١٩٤٧) شاری بەغداد زۆرترین جوولەکەی تێدا نیشتەجێبووە، بەجۆرێك ژمارەیان گەیشتۆتە نزیکەی (٧٧٥٢٤) کەس. شاری نەجەف و کەربەلاش تەنها (٤٠-٦٠) جوولەکەی تێدا ژیاون.

بەپێی سەرژمێری ساڵی (١٩٥٧)یش، تەنها چەند خێزانێکی کەم لەجوولەکەکان ماونەوەو زۆربەشیان لەپایتەختدا نیشتەجێبوون. بەڵام لەسەرژمێری گشتی ساڵی (١٩٦٧)دا ژمارەی جووەکانی عێراق بە (٢٥٠٠-٣٠٠٠) کەس دیاریکراوەو زۆربەشیان کەسانی دەوڵەمەندو رشتەیی بوون. لەناوەڕاستی هەشتاکانیشدا ژمارەی جوولەکەکانی عێراق تەها بە (٥٠٠) کەس دیاریکراون. (لەساڵانی (١٩٥٠-١٩٥١) زیاتر لە (١٢٠) هەزار جوولەکەی عێراقی گەیشتوونە ئیسرائیل. زۆربەشیان لەڕێگای هێڵی ئاسمانییەوە گوازراونەوە. ئەمەش بەگەورەترین پرۆسەی

گواستنەوەی ئاسمانی دێت کەلەمێژوودا تۆمارکراوە)[1].

## کۆنگرەی جوولەکەکان،
## پێش دروستبوونی دەوڵەتی ئیسرائیل

جوولەکەی سیاسی: ئەو بانگەشە فکریەی کەپێشەوایانی جوولەکە رایانگەیاند، بەردی بناغەی ئەو بیرۆکەیە (هیرتزل)ە کەلەساڵی (١٨٩٧) رابەرایەتی کرد، بەدەربڕینێکی دیکە: سەهیۆنیەتی سیاسی هەر هەبووە، بەڵام تەنها لەدینای تیۆریدا، هەتا هیرتزل هاتو گۆڕی بۆ بزوتنەوەیەکی سیاسی. هەندێک کەس تەنها ئاماژە بەسەهیۆنیەتی سیاسی دەکەن‌و وابەستەکردنی بەسیاسەتەوە بەهۆی نارەزایەتی ئەو جوولەکە پراکتیکی و فەرهەنگیانەوە بووە کەدژایەتی (هیرتزل)یان کردووە،

---

[1]- الخروج من بابل- المواطنون اليهود تذكرة بلا عودة. تاليف: استير مئير غليتسنشتين- دفنه تسمحونيا و موشيه غات. ترجمة: د. طالب القريشي. دار قناديل للنشر والتوزيع. بغداد الطبعة الاولي ٢٠١٩ ص ٢٥١

ئەمـــەش بووەهــۆی بەرئــەنجامی جیاکردنـــەوەی ئـــەوەی پەیڕەوکــەی لەســـەر بناغــەی ســـەهیۆنی ساســییە - یـــان ســـەهیۆنی دیپلۆماســی. جوولەکــەی سیاســی لەناوەڕاســتی ئـــەوروپا لەکۆتاییـــەکانی ســـەدەی نـــۆزدەدا ســـەریهەڵداو بانگەشــەی بۆئــەوە دەکــرد: جوولەکــەکان بگەڕێنــەوە بـۆ خاکی فەلەستین، چونکە خاکی باوكو باپیرانیانە.

شایانی باســە (ئیرتـیش ئیسـرائیل) ئـەوەی رەتکـردەوە جوولەکەکان تێکەڵاوی کۆمەڵگاکانی دیکەبن، بۆ رزگـاربوون لەدژایـــەتیکردنی ســـامیو ئـــەو ســـتەمەی لێیـــانکراوە لەپەرتــەوازەکردنیان. دوای ماوەیــەك ســەرکردایەتی ئــەو بزوتنەوەیە داوایان لەدەوڵەتی عوسمانی کـرد، دەوڵـەتێکیان لەفەلەســتین بــۆ دابمــەزرێنێت[1]. لەراســتیدا بزوتنــەوەی سیاســـی جوولەکــە وابەســـتە بەکەســـایەتی (هیرتز)لـــەوە کرابوو، ئەو دیـارترین کەسـایەتیان بـوو. دامەزرانـدنی ئـەو جووڵانـــەوە سیاســـیەش لەجیهانـــدا لەســـەر بنـــەمای راو بۆچوونەکانی ئەو بوو.

دوای دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل ئەو بزوتنەوەیـە یارمەتیدانی ماددیو مەعنەوی بۆ ئیسرائیل گرتە ئەستۆ.

کـۆنگرەی یەکــەم: کـۆنگرەی یەکــەم ئــەو بزوتنـــەوە

---

[1]- ئەوکاتە خاکی فەلەستین لەژێر دەسەڵاتداریێتی عوسمانییەکاندا بووە.

سیاسییه له(بازل)ی سویسرا بەسترا، بۆئەوەی بەشێوەیەکی پراکتیکی لەفەلەستنیدا جێبەجێبکرێن، ئێدی ئەو بزوتنەوە سیاسییە کاری لەسەر کۆچکرنی جوولەکەکان بۆ ئیسرائیلو یاریدەدانی پرۆژە ئابووریەکانی جوولەکەی لەوێدا کرد.

یەکەم: کۆنگرەی بزوتنەوەی سیاسی جوولەکە لەساڵی (١٨٩٧) لە(بازل) بەسەرۆکایەتی (تیودۆر هیرتزل) بەسترا، ناوبراو لە وتاری کردنەوەی کۆنگروکە رایگەیاند: ئامانجی ئەم کۆنگرەیە بریتییە لەدانانی بەردی بناغەی نیشتمانێك بۆ گەلی جوولەکە، هەروەها جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کەمەسەلەی جوولەکەکان دەبێ بەنیشتەجێکردنی هیواشو چوون بۆ فەلەستین بێت، بەبێ دانوستانی سیاسی- یان گرێنتی نێودەوڵەتی- یان دانپێدانانی رەوایەتی پێدان لەلایەن دەوڵەتە گەورەکانەوە، چارەسەر ناکرێت. ئەو کۆنگرەیە سێ شێوازی پەیوەست بەیەکی دیاریکرد بۆ دەستەبەرکردنی ئامانج، ئەوانیش: گرنگیدان بەنیشتەجێکردنی کرێکار — یان ورزێری جوولەکە لەسەر خاکی فەلەستین.

دووەم: بەرزکردنەوەی ئاستی وشیاری نەتەوەییو فەرهەنگی جوولەکەکان.

سێیەم: ئامادەکاری بۆ بەدەستهێنانی رەزامەندی نێودەوڵەتی بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەی سەهیۆنی. ئەم سێ

شێوازە ڕەنگدانەوەی ناوەڕۆکی بزوتنەوەکەیە، لەسەر ئەم سێ بنەمایە: ڕۆیشتنی جوولەکەکان بۆ فەلەستین، فەرهەنگی ئەتنیکیو سیاسەتی دیپلۆماسی. دواتر لەو کۆنگرەیەدا باسی ئەو جوولەکانە کرا کەلەساڵی (١٨٨٢) چوون لەفەلەستین نیشتەجێبوون.

کۆنگرەی دووەم: (بازل) مایسی (١٨٩٨) بەسەرۆکایەتی (هیرتزل) بەسترا. لەو کۆنگرەیەدا ناوبراو تیشکی خستەسەر ئەوەی پێویستە ئینتمایەکی سیاسی لای جوولەکە هەبێت. ئەمەش دوای ئەوەی زۆربەی سەرکردەکانی کۆمەڵەی جووەکان لەئەورووپای خۆرئاوا ڕایانگەیاند دژی ئەو چارەسەرەن بۆ مەسەلەی جوولەکە. سەرەکیترین شێوازی ڕوو بەڕوو بوونەوەی ئەو بزوتنەوە سیاسییە لەبەرامبەر ئەوانەی دژیان وەستانەوە، بریتیبوو لە: دیاردەی دوژمنایەتیکردنی جوولەکە، بانگەشەی ئەوەیاندەکرد هەموو ئەو کۆمەڵگایانەی جوولەکەیان تێدا دەژێت، لەلایەن هاوڵاتیەکانیەوە جووەکانیان وەك کەمینەیەك دەدزێن.

(ماکس نوردو) لەو کۆنگرەیەدا ڕاپۆرتێکی سەبارەت بەمەسەلەی (دریفوس) خوێندەوە، بەو ئیعتبارەی نموونەیەکە لەدیاردەی ڕقلێبوونەوە لەجوولەکەو بەردەوام ڕوو بەڕووی ستەم لێکردن دەبنەوە، هەتا لەئەورووپای خۆرئاواش لەسایەی سیستمی لیبرالیشدا، تەنانەت دوای

نەمانی پاوانەکانی (دیوارەکانی جیتۆ)ش [١].

هەروەها ئەو سەرکردانە داوایانکرد رۆحی پەرۆشیتی بەکۆمەڵو پاڵپشتیکردنی جوولەکە نیشتەجێبووەکانی فەلەستین بکرێت. بەو پاساوەی حالو گوزەرانیان زۆر خراپە. ئەمەش لەراپۆرتەکەی (موتزکین)[٢] بەروونی دیاردەکەوێت.

لەو راپۆرتەردا ئاماژە بەوەکراوە: ئەو جوولەکانە لەحاڵێکی دیژواردا دەژینو پێویستە جووەکانی دنیا یارمەتیان بدەن بۆئەوەی گرنتی بەردەوامبوونی نیشتەجێکردنی جوولەکەکان لەفەلەستنیدا درێژەی هەبێت. بۆ ئەم مەبەستەش لیژنەیەکی تایبەت بۆ سەرپەرشتیاری دامەزراندنی بانکێکی تایبەت بەیارمەتیدانی ماددی بۆ پرۆژەکانی نیشتەجێکردنی جووەکان لەفەلەستن دامەزرێندرا.

کۆنگرەی سێیەم: بازل، مایسی سالی (١٨٩٩) بەسەرکردایەتی هیرتزل بەستراو ناوبراو لەراپۆرتەکەیدا

---

[١]- وشەی (جیتۆ) ئاماژەکردنە بەگەڕەکەکانی جوولەکەنشین لەئەوروپا، یەکەم جیتۆی جوولەکە سالی (١٥١٦) لەرۆما دروستکرا. (واتا؛ جیاکردنەوەی گەڕەکی جوونشین).

[٢]- موتزکین: لیژنەیەك بوو نێردرابوو بۆ فەلەستین هەتا بەدواداچوون بۆ حالو گوزەرانی جوولەکە نیشتەجێبووەکانی ئەوێ بکات.

باسـی بەرئـەنجامی ئـەو پەیوەندیانـەی کـرد کەلەگـەڵ قەیسەری ئەڵمانیدا ئەنجامیداون‌و باسی ئەو خزمەتانەی کـردووە کەبزووتنـەوەی جوولەکـە دەتوانێـت لـەڕووی ئـابووری‌و سیاسـییەوە یارمـەتی ئیمپریاریـەتی ئـەڵمانی پێبدات، لەبەرامبەر ئەوەی ئیمپراتۆر پشتگیری پرۆسەی دروستکردنی دەوڵەتی ئیسرائیل بکات. هەروەها کۆنگرە داوای ئەوەی پێشنیارکرد کەبانکێکی جوولەکە لەژێر ناوی (پشـتگیری جوولەکـە بـۆ نیشـتەجێکردن) دابمـەزرێت. ئەمەش بۆ یاریدەدانی چالاکی نیشتەجێکردنی جوولەکەو یارمەتیدانی ئیداری بۆ بزوتنەوەی سیاسی جووەکان. هەروەها کۆنگرەکە گفتوگۆی لەسەر چالاکی فەرهەنگی جوولەکە کرد لەسەر ئاستی جیهانی. باسی لەمەسەلەی دروسـتکردنی سیتسـمێکی ئیـداری هەمیشـەیی کـرد بـۆ بزوتنەوەی سیاسی جوولەکە، بۆئەوەی ببێتە جێگرەوەی سیستمە کاتیەکەی پێشوتر.

کـۆنگرەی چـوارەم: لەنـدەن، لەمایسـی سـاڵی (١٩٠٠) بەڕابەرایەتی هیرتزل بوو، بۆیە بەستنی ئەو کۆنگرەیە لەپایتـەختی بریتانیـا بەسـترا، چـونکە سـەرکردەکانی جوولەکە دەیانزانی بەرژەوەندیەکانی بریتانیا لەناوچەکە زیادیکردووە. ئینجا مەبەستیان ئەوەبوو بریتانیا پشتگیری ئامانجـەکانی جوولەکـە بکـات‌و ناسـاندنی ئامـانجی بزوتنەوەکـەیان بـۆ ڕای گشـتی بریتانیـا ئاشـکرابێت.

بەکردەوەش هەروابوو، یەکێك لەبڕگە سەرەکیو دیارەکانی لیستی کاری کۆنگرەکە ئەوەبوو پڕوپاگەندە (بانگەشە) بۆئامانجی جوولەکەکان بڵاوبکرێتەوە. لەو کۆنگرەیەدا (٤٠٠) نوێنەرایەتی بەشداربوونو دوای ئەوەی مەسەلەی فەرهەنگی رۆحی پێشنیارکراو- کەوتە بەرباسو لێکۆڵینەوە، ناکۆکیو دەمەتەقەی توند کەوتە نێوان رەوتە ئایینیو سکۆلاریزمەکان.

جووی ئایین پەیڕەو ئەوانەن لەسەر ئەو بنەما سەرەکیەن کەباوەڕبوون بەخواوەندی تاكو تەنهاو جووەکان نەتەوەیەکی هەڵبژێردراون و خواوەند سپاسیتێڵ دەنێرێت بۆ رزگارکردنی گەلەکەییو مرۆڤایەتی. هەروەها باوەڕبوون بەوەی جوولەکەکان دەگەڕێنەوە بۆ نیشتمانە ئەسڵیەکەی خۆیان فەلەستین. بەڵام بزوتنەوەی جوولەکەی فەرهەنگی- یان پێشی دەگوترێت: جوولەکەی رۆحی، سەرچاوە فەلسەفیەکەی گرنگیدانی لەپێشینەی فەرهەنگو زمانی عیبری و سیمایەتی.

دواجار دەوڵەتی ئیسرائیل لەسەر بنچینەی پەیمانی بلفۆر دامەزراو ئەمەش دەقی بڕیارەکەیە کەلەلایەن کۆمەڵی نەتەوەکانەوە دەرچووە: لەکۆبوونەوەی ٢٤ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٢٢) کۆمەڵی نەتەوەکان رەزامەندی لەسەر ئەم بڕیارە نێودەوڵەتییە دەربڕی کە ئەمە دەقەکەیەتی:

(دەوڵەتانی دەست ڕۆیشتوو بەسەر ئەوخاکانەی ژێر دەسەلاتی خۆی  بەرپرسە لەو بەڵێنەی لە ساڵی (١٩١٧) سەبارەت مافی جوولەکەکانی لە فەلەستنی داوە، هەروەها دەستەبەرکردنی کۆچکردنی جووەکان و هاندانیان بۆ نیشتەجێ بوونو ئاسانکاریکردن بەپێدانی ڕەگەزنامە پێیان. عیبریش زمانی فەرمی ئەوانە. ئیدارەی فەلەستین ئاگاداردەکاتەوە کەهەرچی پەیوەندی بەدامەزراندنی نیشتمانی نەتەوەیی جوولەکەوە هەیە، زەمینەسازی و ئاسانکاری بکات).

## ژمارەی جوولەکەکان لە ئیسرائیل

لەنێوان ساڵانی (١٩٤٨- ١٩٥٧) ژمارەی جووەکانی نیشتەجێی دەوڵەتی ئیسرائیل لە (٨٠٠) هەزار کەسەوە گەیشتە دوو ملیۆن.

لەسەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل ئەو جوولەکانەی لەهۆلۆکۆس رزگاریان ببوو، بەکۆمەڵ کۆچیانکرد بۆ ئیسرائیل. هەروەها زۆریشیان لەوڵاتانی عەرەبییە بۆ ئیسرائیل کۆچیانکرد.

لەکۆتایی ساڵانی هەشتاکانو سەرەتای نەوەتەکاندا ژمارەیەکی زۆر لەجوولەکەکانی ئەسیوبیا بەفڕۆکە گوازرانەوە بۆ ئیسرائیل. لەنێوان ساڵانی (١٩٧٤- ١٩٧٩) نزیکەی (٢٤٠) هەزار جوولەکە کۆچیانکرد بۆ ئیسرائیل کەلەیەکێتی سۆڤیەتی جارانو ئەورووپای خۆرئاواو کیشوەری ئەمریکای باکوورو کیشوەری ئەمریکای باشوورەوە بوون. هەندێکیشیان لەچەند دەوڵەتێکی دیکەوە چوون بۆ ئیسرائیل: لەمانەش جووەکانی

هیندستان‌و ئێران‌و تورکیاو ئیستورالیاو ئەفریقای باشوور. بەڵام لەسەرژمێری ساڵی (٢٠١٣) ژمارەی دانیشتوانی ئیسرائیل گەیشتۆتە شەش ملیۆن. بەپێی ئاماری فرمی حکومەتی ئیسرائیل، لەسەرەتای ساڵی (٢٠١٩) ژمارەی دانیشتوانی ئەو وڵاتە گەیشتۆتە (٩) ملیۆن کەس.

## شوێنی نیشتەجێبوونی جووەکان لەدنیادا

بەپێی مالپەی (ئادهرینتش) ژمارەی جوولەکەکان لەدنیادا لەنێوان (١٢- ١٨) ملیۆن کەسە. ئەم ئامارە هەموو ئەو جوولەکانەش لەخۆدەگرێت کەباوەڕدارن و ئەرکەکانی ئایینی بەجێدەهێنن‌و هاموشۆی پەرستگاکانی جوولەکە دەکەن. ئەمە جگە لەو (٤,٥) چوار ملیۆن‌و نیو جوولەکانەی بێ دینن‌و سکولارین.

زیاتر لەنیوەی جوولەکەکانی دنیا لەپەرتەوازەیدا دەژین، زۆرترین رەوەندنی جوولەکە لەولاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا دەژین. نزیکەی (٦,٤٠٠,٠٠٠) شەش ملیۆن‌و چوارسەد هەزار جوولەکە لەولاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکاو هەردووک کیشوەری ئەمریکادا دەژین، لەمانەوەش کەنەدا (٣١٥٠٠٠) جوولەکەی لێدەژین، ئەرجەتین (١٨٠,٠٠٠) بەرازیل (١٢٠,٠٠٠) لەهەندێك ولاتی دیکەش ژمارەیەکی کەم جوولەکەی تێدا دەژین، وەك: مەکسیك‌و ئۆراگوای‌و ڤنزویلاو تشیلی. شایانی باسە سێیەم

گـەورەترین رەوەنـدی جوولەکـە لەئـەوروپای خورئـاوادا دەژین. لەفەرەنسا نزیکەی (نیـو ملیـۆن) جوولەکە دەژیـن. زۆرینەشـیان ئـەو پەنابەرانـەن کەلـەوڵاتانی عـەرەبیو سـەرووی ئـەفریقاوە چـوون، وەك: جـەزائیرو مـەغریبو تـونس و...هتـد، لـەبریتانیاش نزیکـەی (٢٩٢٠٠٠) هـەزار جوولەکـە هـەن، لەئـەوروپای خۆرهـەڵاتیش نزیکـەی (٩٠٠) هـەزار بـۆ ملیۆنێـك جوولەکـەی تێـدا دەژیـن، لەئـەڵمانیا تـا بەئەمڕۆش (١٠٢,٠٠٠) جوولەکـە هـەن. تائێسـتاش لـەوڵاتانی عەرەبیـدا نزیکـەی هەشـت سـەد هـەزار بـۆ ملیۆنێـك جوولەکەی تێدا دەژین، لەئێرانـدا (٤٥٠٠٠) هـەزار جوولەکە دەژیـنو زۆرتـرین جوولەکـەی خۆرهـەڵاتی ناوەڕاست دوای ئیسرائیل لە ئێراندان.

لـەنێوان سـاڵانی (١٩٤٨- ١٩٥٣) سـێ لەسـەر چـواری جووەکـانی ئێـران کەزۆربـەیان هـەژاربوون کۆچیانکرد بـۆ ئیسـرائیل. پـێش شۆڕشـی ئیسـلامی لەسـاڵی (١٩٧٩) ڕێـژەی جوولەکـەکان لەئێرانـدا (١٠٠,٠٠٠) سـەد هـەزار کـەس بـوو، دوای شۆڕش زۆربەیان کۆچیانکرد بۆ ئیسـرائیلو ئـەوروپاو ئـــەمریکا، هـــەروەها ژمارەیـــەکی زۆر جوولەکـــەش لەئیســـترالیاو ئـــەمریکای باشـــوورو نیوزلەنـــدا هـــەنو بەڕیزبەندی بەمشـێوەی خوارەوەیـە:(١٢٠,٠٠٠) و (٧٠,٠٠٠) و (٧٠٠٠)

## ژمارەی جووەکان لە ولاّتانی عەرەبیدا

###ساڵی ١٩٤٦

لەسەر بنەمای سەرچاوەکانی ئاژانسی جوولەکەو ئەو ئامارانەی داونی بەلیژنەی هاوبەشی بریتانی- ئەمریکی لەساڵی (١٩٤٦)دا، ژمارەی جووەکان لەولاّتانی عەرەبیدا نزکەی (٧٠٠) هەزار کەس بووە، واتا: (٥٪)یان (٦٪)ی کۆی گشتی جوولەکەکانی دنیا دەکات، کەلەوکاتەدا ژمارەیان لەنێوان (١٦-١٧) ملیۆن کەس بووە[1].

دابەشبوونەکەشیان بەمجۆرەی خوارەوە بووە:

[1]- مصدر الجداول المشار إليها هو: موسوعة اليهود واليهودية والصهيونية. عبد الوهاب المسيري. المجلد الرابع. دار الشروق- القاهرة. الطبعة الأولى ١٩٩٩ صفحة ٢٦٢-٢٦٣

| ولآت | ( ژمارەیان بەنزیکەیی ) بەهەزاران |
|---|---|
| سوریاو لوبنان | ١٦-١٨ |
| عێراق | ١٢٠- ١٣٠ |
| یەمەن | ٤٥-٥٠ |
| میسر | ٧٠- ٨٠ |
| تونس | ٧٠-٨٠ |
| مەراکیشی فەرەنسی | ١٧٠-١٨٠ |
| مەراکیشی ئیسپانی و جەزایر | ١٢٠ |
| ناوچـــــەی دیکـــــــە: حـــەزرەموت. بـــەحرێن. سودان | ٣ |

## ساڵی ١٩٥٠

بەمەزەندەی هەندێك سەرچاوەی دیكە:

ژمارەی جوولەكەكان لەوساڵەدا بەمجۆرەی خوارەوە بووە:

| وڵات | ژمارەی دانیشتوانی جوولەكە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| میسر | ٧٥٠٠٠ | ٪٠،٤ |
| عێراق | ١٢٠٠٠٠ | ٪٢،٤ |
| لوبنان | ٦٧٠٠ | ٪٨،٠ |
| سوریا | ٦٠٠٠ | ٪٣،٠ |
| بەحرێن | ٤٠٠ | ٪٤،٠ |
| حزرموت | ٢٠٠٠ | - |
| یەمەن | ٨٠٠٠ | ٪٢،٠ |
| عەدەن | ١٢٠٠ | ٪٢،٥ |
| لیبیا | ١٤٠٠٠ | ٪١٥ |
| تونس | ١٠٠٠٠٠ | ٪٢،٩ |
| جەزایر | ١٢٠٠٠٠ | ٪٢،٦ |
| مەغریب | ٢٢٥ | ٪٢،٦ |
| مەراكشی ئیسپانی ساڵی ١٩٤٦ | ١٤٧٠٠ | ٪٢١ |
| تەنتە | ٧٠٠٠ | ٪٢،٨ |

**سالآنی: ١٩٥٨- ١٩٦٩**

| ولآت | سالّی ١٩٥٨ | سالّی ١٩٦٩ |
|---|---|---|
| میسر | ٤٠٠٠٠ | ١٠٠٠ |
| عێراق | ٦٠٠٠ | ٢٥٠٠ |
| لوبنان | ٦٠٠٠ | ٣٠٠٠ |
| سوریا | ٥٠٠٠ | ٤٠٠٠ |
| یەمەن | ٣٥٠٠ | - |
| لیبیا | ٣٧٥٠ | ١٠٠ |
| تونس | ٨٥٠٠٠ | ١٠٠٠٠ |
| جەزایر | ١٤٠٠٠٠ | ١٥٠٠ |
| مەغریب | ٢٠٠٠٠٠ | ٥٠٠٠٠ |

تێبینی دەکەین دوای سالّی (١٩٥٠) ژمارەی جوولەکەکان بەرەو کەمی چۆتەوە، هەندێکیان کوچیانکردووە بۆ ولآتانی خۆرئاواو ئیسرائیل. شەڕی سالّی (١٩٦٧)تیش بوو بەبەهانە بۆ رۆیشتنی جووە عەرەبەکان.

## ساڵانی: ١٩٨٦- ١٩٩٢

بەپێی سەرژمێری وڵاتانی عەرەبی ساڵی (١٩٨٦) ژمارەیان (٢٦٩٠٠) کەسە، بەڵام لەساڵی (١٩٩٢) ژمارەیان دەگاتە (١٣٢٠٠)و بەمجۆرەی خوارەوەیە:

| وڵات | ساڵی ١٩٨٦ | ساڵی ١٩٩٢ |
|---|---|---|
| مەغریب | ١٧٠٠٠ | ٧٥٠٠ |
| سوریا | ٤٠٠٠ | ١٢٠٠ |
| تونس | ٣٧٠٠ | ٢٠٠٠ |
| یەمەن | ١٢٠٠ | ١٦٠٠ |
| جەزایر | ٣٠٠ | ٣٠٠ |
| لوبنان | ٢٥٠ | ٢٥٠ |
| میسر | ٢٥٠ | ٢٠٠ |
| عێراق | ٢٠٠ | ٢٠٠ |
| کۆی گشتی | ٢٦٩٠٠ | ١٣٢٥٠ |

بەڵام بەپێی دوایین سەرژمێریەکانی جوولەکە لەساڵی (٢٠٠٤)دا بـــەمجۆرەی خـــوارەوە ئامـــاژە بـــەژمارەی جوولەکەکانی نیشتەجێی وڵاتانی عەرەبی دەکات:

| وڵات | ژمارەی جوولەکە |
|---|---|
| مەغریب | ٧٥٠٠ |
| تونس | ٢٠٠٠ |
| عێراق | ١٢٠ |
| سوریا | ٢٥٠ |
| یەمەن | ٨٠٠ |
| میسر | کەمتر لە ١٠٠ |

## جوگرافیای ئیسرائیل

جووەکـــان دەیانـــەوێت ئـــەو خەونـــەیان بێننـــە دی کە(تـەوڕات پـەیمانی پێـداون) بەدروسـتکردنی دەوڵـەتێك جوگرافیاکەی لە رووباری فوراتەوە بۆ رووباری نیل بێت.

ئیسرائیل گەورە - یان خاکی ئیسرائیلی تەواو بریتییـە لە: (بەپێی ئەو شیکردنەوەو لێکدانـەوەی جوولەکـەکان بـۆ دەقی تـەوڕاتی دەکـەن، هـەروەك چۆن لـەتۆماری پـەڕتوکی دورسـتبوون (١٥:١٨-٢١)یـش ئامـاژەی بـۆ کـراوە) سـنووری ئیسرائیل بەپێی ئەو پەیمانەی خواوەند بەئیبراهیمی داوە، ئەمە دەقەکەیەتی (١٨- لەو رۆژەی خواوەند پەیمانی لەگەڵ ئیبراهیمدا بەسـتو گوتی: ئـەم خاکانـە دەدەم بەنـەوەکانی تۆ: لەدۆڵی عریشـەوە بـۆ رووبـاری گـەورە، رووبـاری فـورات .١٩- خـاکی قینینیـەکانو قەنزیـەکانو قەدمونیـەکان.٢٠- وە حەسـینو فەرزینـەکانو رەفانیـەکان .٢١- وە ئومۆریـەکانو کەنعانیەکانو جرجاشیەکانو یەبوسیەکان ٩ -)

ئیسـرائیل حاشـاك، دەڵێـت: پێناسـەی وردی زاراوەی جوگرافیای خاکی ئیسـرائیل بۆتـە جێگای دەمەتـەقێی زۆر

لـەناو ئـەدەبی تەلمودیـدا، ئـەو دەمەتەقێیـەش هـەتا ئـەو سـەردەمەشمان لـەنێوان راو بۆچـوونەکانی بزوتنـەوەی سیاسی جوولەکەکاندا درێژەی هەیە. سەبارەت بەبۆچوونی هەنـدێك لەتونـدڕەوەکانیان خـاکی ئیسـرائیل بریتییـە لـەخاکی ئێسـتای ئیسـرائیلو هـەموو خـاکی فەلەسـتینو سیناو ئوردنو سوریاو لوبنـانو بەشـێکی زۆریـش لـەخاکی تورکیا.[1]

لەراسـتیدا زۆرجـار هۆکـاری ئـایینی ئاسـتەنگ دروستدەکەن، دەمانەوێت ئاماژە بەوە بکەین ئایدیۆلۆژیای ئایینی کاریگەری لەسەر سیاسەتەکانی دەوڵەتی ئیسرائیل هەیـە. ئەمـە لێـرەدا بەسـەر هـەموو دەوڵەتـەکانی وڵاتـانی جیهـانی سێیەمیشـدا جێبـەجێ دەبێـت، ئەگـەر ئـەم ڕایـە لەگـەڵ بەڵێننامـەی راگەیانـدنی دەوڵـەتی ئیسـرائیل لـە (١٥/ی مایۆی ساڵی ١٩٤٨) بـەراورد بکـەین، دەبیـنین جـەخت لەسـەر گوتـەی پێغەمبـەرەکانی ئیسـرائیلو شـەریعەتی تـەلمودی کراوەتـەوەو بەمشـێوەیەی خوارەوەیـە: (دەوڵـەتی ئیسـرائیل پشـتگیریو یاریـدەی بەرەوپێشچـوونی دەوڵەتـداری دەکـات، بـەجۆرێك گونجاوبێـت بـۆ هـەموو

---

[1]- الديانة اليهودية والتاريخ اليهود وطاة ٣٠٠٠ عام. تاليف: اسراييل شاخاك. ترجمة: رضى سليمان. شركة المطبوعات للتوزيع و النشر. بيروت — لبنان. الطبعة الرابعة ١٩٩٧ص١٥٠

مرۆڤێك، بناغەكەشی لەسەربنەمای ئازادیو دادپەروەریو ئاشتی بێت، وەك چۆن پێغەمبەرەكانی ئیسرائیل فەرموویانە. هاوكاریو پشتگیری سیستمی كۆمەڵایەتیو سیاسی دەكات، بەشێوەیەكی تەواو یەكسان لەنێوان هاوڵاتیان بەبێ جیاوازی پێكردن بەهۆی ئایینی- یان رەگەزی- یان رەگەزپەرستی. هەروەها گرنتی پاراستنی شوێنە پیرۆزەكانی هەموو ئایینەكان دەگرێتە ئەستۆ، پابەندیش دەبێت بەبەدیهێنانی ئامانجەكانی پرێنسیپی نەتەوە یەكگرتووەكان.)

## ئایا: جوولەکە نەتەوەیە- یان باوەڕێکی ئایینی؟

وەك دەزانــین بنــەما بنەڕەتییــەکانی نەتــەوە بــریتین لەبوونی زمانێكو یەك فەرهـەنگ، بـوونی یـەك نیشـتمانو یەك مێژوو، بەڵام ئایین بریتییـە لـەباوەڕی تاکەکـەس- یـان کۆمەڵگایەك بەبێ مەرجی ئەوەی بەیەك زمان بدوێن- یان سەربە ڕەگەزێکبن- یان لەیەك نیشتماندا بژین.

ئـایینی جوولەکـە تـەنها وابەسـتە بەنەتـەوەی موسـاوە نییــە، بــەڵکو لــەنێو هــەموو کۆمەڵگاکانــدا بڵاوبۆتــەوە، لەمانەش گەلی کورد، ئەو جوولەکانەی لەکوردسـتاندا ژیـاون و جلوبـەرگی ئێمـەیان لەبـەرکردووە، بـەزمانی ئێمـە دواون، زۆر دابو نـەریتی ئێمـەیان پـەیڕەوکردووە، تاکـە جیـاوازی نێـوان جوولەکـەکانو ئێمـە جیـاوازی بـووە لەئایینەکـەمان. کەواتــە ئــایینی جوولەکــە نەتەوەکەیانــە — یــان چــی؟ عیبرانیەکان تێکەڵەیەکن لەنەتـەوە سـامییە قەدیمییـەکانو رەچـەڵەکیان دەگەڕێتـەوە بـۆ سـامی کـوڕی نـوح، ئەوانـە لەسـەر خـاکی کـەنعانی کـۆن نیشـتەجێبوون، نەتەوەیـەکن پەیڕەوی فەرهەنگو کلتـوری بنـەمای ئـایینی جوولەکـەیان

کـردووه، ئـەم ئایینــەش بەدرێــژایی مێــژووی خـۆی زۆر قۆناغی پێشەوەچوونی بڕیوەو خەڵك باوەڕیان بـەجووێتی هێنـاوە- کەبنـەڕەتێکی ئایینیـە نـەك بنەمایـەکی قـەومی، بـەڵام پیغەمبـەر موسـا تـەنها بـۆ ڕۆڵـەکانی ئیسـرائیل نێردراوە.

(لۆبـۆن) دەڵێـت: (ئایینـەکان تـەنها دروسـتکراوی یـەك کـەس نـین، بـەڵکو لەلایـەن هـەزاران پیـاوەوە، تەنانـەت رایەڵەی بیرۆکـەی نەتەوەیـەكو پێداویستیەکانیشـیەتی)[1]. ئـایین باوەڕبوونـە بـەهێزی نائاسـایی سـەرووی سروشـتی مـرۆڤ و عەقڵیەتیەکـەی، ئـەم هێـزەش کاریگـەری لەسـەر رێـڕەوی ژیـانی مـرۆڤ هەیـەو جێبـەجێکردنی ئەرکـەکانو سروتە دیاریکراوەکانی لـەخۆدەگرێت. جووەکان گریمانـەی ئـەوەیان هەیـە یەکێتیـەك لەنێوانیانـدا هەیـەو لەهـەموو کـاتو سـەردەمێکدا بەیـەکتریان وابەسـتە دەکاتـەوە، ئـەم یەکێتیـەش لەمـەدا خۆی دەنوێنێت کـە کەسـایەتی کەسـی جوولەکەیـە لـە: هەڵسـوکەوتو نەتـەوەی جوولەکـەو یـەك مێـژوویی. دواجـار دان بـەوەدادەنێن ئـەم سـەردەمەمان رۆژگـاری شارسـتانیەتی جیهانیـەو سـەردەمی بـەدیهێنانی

---

[1]- الیهـود فـی تـاریخ الحضـارات الاولی. تـالیف: جوسـتاف لوبـون، ترجمة: عادل زعیتر. الناشر: مکتبة النافذة- الطبعة الاولی (٢٠٠٩) ص٢٧

ئومێدی ئیسرائیله بۆگەیشتن بەدروستکردنی مەملەکەتی هەق‌و دادپەروەرەی‌و ئاشتی بۆ هەموو مرۆڤایەتی.

ئەگەر جوولەکە نەتەوەبن- یان باوەڕی مەزهەبی، بەدڵنیاییەوە نە عەرەبن‌و نەکوردو....نە..، بەڵام هەندێك راو بۆچوون لەنێوان رۆشنبیرانی عەرەبدا هەیە، پێیانوایە بنەچەی جوولەکە عەرەبن، لەمەش سەیرتر دەڵێن: زمانی ئارامی شێوەزارێکی عەرەبی کۆنە، بۆنموونە: رەجا عبدالحمید عەرابی، دەڵێت: (حەزدەکەم لێرەدا بڕیاربدەم کەعیبرانیەکان‌و نەوەکانی ئیسرائیل‌و نەتەوەی موسی (موساییەکان) لەبنەڕەتەوە عەرەب بوون، یەکەم شت زمانەکەیان ئارامی‌و کەنعانی بووە، ئەم دووانە دوو لەهجەی عەرەبین. (ئیدی بڕیاریداو دەبینین چۆن لەنێوان رستەکاندا تێکەڵی دەکات) دوای ئەوەی رۆمانەکان پەرتەوازەیانکردن‌و بەخۆرئاوای ئیمپراتۆریەتی رۆمیدا بڵاوبوونەوە، هەروەها لەخۆرهەڵاتیشەوە بەئیمپراتۆریەتی فارسیدا بڵاوبوونەوەو بەسەر ئەو دوو ئیمپراتۆریەتیەدا پەرتەوازە بوون، ئیدی هیچ ئینتمایەکیان بۆ عەرەبیەتیان نەما. لاپەڕە (٧٦) بەڵام لەلاپەڕە (٢٧٦)دا دەڵێت:(گرنگە لەم بارەوە ئەوە بیر بهێنینەوە ئەو جوولەکە فینیقیانە لەدوورەدەستی و دابڕاوی جوگرافیایدا ژیاون (واتا: کوردستان) تائێستاش لەنێوان خۆیاندا بەزمانە ئەسڵیەکەیان ئارامی خۆرئاوایی کۆن (سریالی) دەدوێن،

هەرچـــەندە نزیکـــەی (٢٨٠٠؟) ســـاڵە بۆئـــەو ناوچـــانە دوورخراونـەوە)[1]. کەواتـە بـەپێی ئـەم گوتەیـە بێـت ئـەوا زمـانی فینیقیـەکانیش شـێوە زاراوەیـەکی عـەرەبی بـووە. لەبەرامبـەردا بـەپێی هەنـدێك سەرچـاوە ئەسـڵی زمـانی عەرەبی، لەزمانی فارسی کۆنەوە هاتووەو یـەکێك بـووە لـە لەهجەکانی، بەڵگەش بۆ دروستی ئەو رایە ئەوەیە ئێستاش ژمارەیەك لەوشەی فارسـی لـەدەقی قورئـانی پـیرۆزدا هـەن، ئەمە جگە لەزۆر وشەی دیکە کە بەعـەرەبی کـراوە. هـەتا هەنـدێ سەرچاوەی بیـانی دەڵـێن: مێـژووی عـەرەب - یـان دروســتتر بڵــێین: شارســتانیەتی عــەرەب لەســەرهەڵدانی ئیسلامەوە دەستپێدەکات.

بـــەڵام (شـــێخ ســـەفوەت شـــەواز) دان بـــەوەدا دەنێـــت جوولەکە نەتەوەیەکن مێژوویێکی دێرینیـان هەیـەو دەڵێت: (بەڵگەنەویســتە کــە هــەموو نەتــەوەو گــەلێك ســەرەتای گەشەکردنی هەیە، جوولەکەش وەك گەلێك لەگەلەکان، لەم بنەمایـە بـەدەرنین، بـەڵام جیـاوازن لەهـەموو نەتـەوەکانی دیکـەی ســەرزەوی، ئەمــەش بــەهۆی ئــەوەی گەشــەکردنی

[1]- ســفر التــاريخ اليهــود- اليهــود تــاريخ وعقائــدهم. تــاليف: رجــاء عبدالحميـد عرابـى. الناشـر: الاوائـل للنشـر والتوزيـع. سـورية دمشـق- الطبعة الثانية ٢٠٠٦

جوولەکەکان رۆشنەو مێژووکەشیان تاریک)[1].

تــــەورات دەڵێـــت: (ئێـــوە رۆڵـــەی پــــەروەردگارن‌و خواوەندتانە) رۆڵەکانی ئیسرائیل خۆشەویستی خواوەندن، چونکە دەڵێن رۆڵەی ئەوین، تەنانەت بەڵگەی گەورەتر بۆ ئەو خۆشەویستییە هەیە- ئەویش ئەوەیە: خواوەند خۆی یاریـــدەدەربووە، لــــەناولێنانیان بــــەوناوەوە، بۆیــــە مــــافی ئـــــەوەیان هەیـــــە بەســـــەر دنیــــادا زاڵـــبن، مـــادام رۆڵـــەی خواوەندن‌و خۆشەویستنی.

بـــەڵام قورئـــانی پـــیرۆز بـــە بەڵگـــەی روون‌و بنـــبڕ پڕوپاگەندەی جووەکانی پوچەڵ کردۆتەوەو دەفەرموێت: (وَقَالَتِ الْيَهُودُ وَالنَّصَارَى نَحْنُ أَبْنَاء اللّهِ وَأَحِبَّاؤُهُ قُلْ فَلِمَ يُعَذِّبُكُم بِذُنُوبِكُم بَلْ أَنتُم بَشَرٌ مِّمَّنْ خَلَقَ يَغْفِرُ لِمَن يَشَاء وَيُعَذِّبُ مَن يَشَاء وَلِلّهِ مُلْكُ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ وَمَا بَيْنَهُمَا وَإِلَيْهِ الْمَصِيرُ، المائدة ١٨)

مێژووی جوولەکە بەپێی تەورات زۆر جیاوازە لەوەی لەقورئانی پیرۆزدا هاتووە. بۆنموونە: قورئان بەپێچەوانەی تەوراتەوە، مێژووی دەرچوون لەمیسر دیاری ناکات، ئەو وڵاتەش دیاری ناکات کەجووەکان تێیدا نیشتەجێ بوون، تـــەنها نـــاوی خـــاکی پـــیرۆزی هێنـــاوە. بـــەڵام ســـەبارەت

[1]- اليهود نشاة و تاريخ. تاليف: الشيخ صفوت الشواد. دار التقوى للنشري التوزيع ٢٠٠٩ص٥١

بەمەملەکـــەتی (داوودو ســـلیمان) کـــە تـــەوڕات باســـی گەورەییەکەی دەکات- هەر لەرووباری نیلەوە بۆ رووباری فورات. ئەوا قورئانی پیرۆز نەشوێن و نە بەرفراوانیەکەی دیاری ناکات. نە ناوی ئۆرشەلیم و نەپەرستگای پیرۆزی هێنـــاوە. نەباســـی دروســـتکردنی پەرســـتگای مـــەزنی ئیبراهیمیشی کردووە.

راســـتە مێـــژووی ئایینـــەکان گرنگـــی بەلێکۆڵینـــەوە لەئایینەکان‌و پێشکەوتنیان‌و کاریگەریان لەسەر کۆمەڵگای مرۆیـی دەدات، لەکاتێکدا جووەکان تەنانـەت پەرتـەوازە بوونەکەشیان بەنیعمەتی خواوەند دەزانن، لەم بارەوە دەڵێن: (خواوەند بۆئێمەی هەڵبژێردراوی خۆی نیعمەتی پەرتـــەوازەبوونی پێبەخشـــیوین، بـــێ دوو دڵـــی ئـــەو بارودۆخـــەی بەســـەر کۆمـــەڵگای ئێمـــەدا هـــاتووە، وەك رواڵەتێکی لاوازیمان دیاردەکەوێت، بەڵام لەراستیدا ئەوە هۆکارێکی سەرەکیە بۆ بەهێزیمان، ئەمە ئێمەی گەیاندە بەردەم سەرەتایەك بۆ فەرمانڕەوایکردنی دنیا. وا دیارە ئایینی جوولەکە لەسەر بنەمای پەیڕەو رێنمایی کۆنترینەو جێگای ئومێدەواریە بۆ رەگەزی مرۆڤ. بەڵام سەبارەت بەنەتەوەیی بوونی جوولەکەکان (موسی هیس) دەڵێت: (جوولەکە لەوە زیاترن تەنها پەیڕەوی یەکێك لەئایینەکان بکەن، ئەوانە نەتەوەیەك پێکدەهێنن، تەنانەت برایەتی‌و

گـەلێكیش) ئـایین لێـرەدا لەئاڕاسـتەكەی خـۆی لادەداتو دەگۆڕدرێـت بـۆ دەسـتەبەركردنی ئـارەزووە قەومیـەكانو بەلای ئەودا دەشكێتەوە، لەبەرئەمـە هـەر كـەمرۆڤ بـاوەڕی بـەئاینێك هێنـا، ئـەوا ئـەو خواوەنـدەی دەیپەرسـتێت گۆڕانكـاری بەسـەردا دێـت و دەبێـت بەسیاسـی. هـەر لـەم بـارەوە حاخـام (مـوریس جۆزێـف) دەڵێـت: (بێگومـان ئیسرائیل لەنەتەوەیەكی مەزن پێكهاتووە...، هـەر كەسـێك دەتوانێـت ئـەو راسـتییە لەئیسـرائیلدا ببینێـتو ئیـدی ناتوانێـت جیـاوازی لـەنێوان نەتـەوەو تـیرەدا دانـەنێت، نكـوڵیكردن لەنەتـەوەی جوولەكـە، واتـا نكـوڵیكردن لـە جوولەكەیە)[1] دەڵێن ئـەوەی نارِوونـە لـەئایینی جوولەكـەدا ئەوەیـە، ئایـا: ئایینەكـەیان كەخزمـەتی نەتەوەكەیاندایـە- یان پێچەوانەكەی راستە؟ وەڵامەكەی ئەوەیە لای جوولەكە هـیچ جیـاوازی لـەنێوان ئـایینو نەتـەوەدا نییـە، تەنانـەت بەرچاورِوونیو جیاوازی لـەنێوان ئـایینو دەوڵـەت- لـەنێوان ئایینو سیاسەتیشدا نییە، بەجۆرێك ئەو گوتەیـەی دەڵێت: (ئایین بۆخواوەندو نیشتمان بۆهەمووان) جێگای نابێتەوە.

(ئەحمـد نسـیم سوسـە) دەڵێـت: (لەڕاسـتیدا جوولەكـە یەك نەتەوە نین، نەگەلێكی گونجاوی تەباش، بەڵكو ئەمانە

---

[1]- الیهود العالی. تالیف: هنری فوزد. تعریـب: خـیری حمـاد. منشـورات الافاق الجدید — بیروت ص٦٢

تیرەیــەکی ئــایینین‌و ئــەو کۆمەڵــە خەڵکانــە بەخۆیــەوە دەگرێـت کـەباوەڕیان بـەو ئایینـە هێنـاوە، ئـەو (ئەحمـەد سوسە) پێیوایە پێغەمبەر موسا کەسێکی عـەرەبی میسـری بـووە، زمـانی عیـبری و ئـارامیش دوو لەهجـەی عـەرەبین، تەوراتیش دەستەیەك کەسی قێزەونی ئاوارەی گۆشـەگیر، لەدیلیەتیـدا نووسـیویانە)[1]. ئێمـە لێـرەدا باسـەکەمان ســەبارەت بەرەخنــەگرتن نییــە، بــەڵام بــۆ بەرچــاو روونکردنــەوەی زیـاتری خوێنــەری بــەڕێز، ئاماژەیــەك سەبارەت بەڕاکەی ئەو دەکەین، بۆنموونـە: کاتێك مێژوو دەخوێنینەوە پێچەوانەی بۆچوونەکەی ئـەومان دەکەوێتـە بەرچــاو، ئــەویش ئەوەیــە: لەســەردەمی فیرعەونــەکان رێژەیــەکی زۆر کـەم لەعـەرەب لەمیسـردا نیشـتەجێبوون‌و ئەوکاتە میسر عەرەبی نەبووە. پێغەمبەر موساش لەمیسـر لـەدایك نـەبووە. تـەوراتیش لەفەلەسـتین نووسـراوە نـەك لەتاراوگە. ئەم گوتانەی ناوبراو سەرچاوەیان نین، هـەروەك چـۆن هەنـدێك وەرگرتنـی لەکتێبەکانیـدا نووسـیونەتەوەو ئامـاژەی بەسەرچـاوەکانی نـەکردوون، وەك نووسـینەکانی: کاوتسکی‌و ئەکتسیاس‌و هیرودوت.و...هتد.

جوو ئەو ناوەیە کەبەئایینی نەتەوەکەیان دەگوترێت و لەچارەنووســی نەتەوەکەیانــەوە هــاتووە، جوولەکــەی

---

[1]- العرب والیهود فی التاریخ ص ٢٧٨

ناباوەڕداریش هەر بەجوولەکەیی دەمێنێتەوەو ناتوانێت لەئەمەکداری بۆ نەتەوەکەی رزگاری بێت. هەندێك لێکۆڵەرەوە کۆکن لەسەر ئەوەی دوورگەی عەرەبی نیشتمانی ئەسڵی جوولەکەکانە، کەواتە رای جیاواز لەسەر ئەسڵی جوولەکەکان هەیە، بەڵام سەبارەت بەئایینەکەیان (محمد خلیفه) دەڵێت: (سەبارەت بەباوەڕبوون بەوەی دوای مردن ژیانێکی دیکەی هەمیشە هەیە، رۆژی قیامەت راستەو هەیە- جوولەکەکانیش وەك مسوڵمانو مەسیحیەکان باوەڕیان بەمانە هەیە، بەڵام جووەکان زۆر گرنگی بەدرێژە پێدانی ئەم بابەتە نادەن، هەرچەندە هەندێك لێکۆڵینەوەی تایبەت سەبارەت بەدوای مردن- یان بەژیانەوەو رۆژی قیامەت کراوە)[1].

جوویتی پشتبەستە بەهاونشینی خواوەند لەگەڵ رۆڵەکانی ئیسرائیلدا، ئایینی جوولەکە پێکهاتووە لەکۆمەڵێکی زۆر لەدەقو بەجێگەیاندنی ئەرکی لاهوتیو شێوازی رێکخستن. تەوڕات بریتییە لەو دەقە گەورەی کەبە تناخ – یان بەکتێبی پیرۆزی عیبری ناسراوە، دەقەکانی تەوڕاتو شەریعەتەکانی بریتین لەو دەقانەی دواتر، وەك مدراش و تەلمود، ئەمانەش پیشتبەستن

---

[1]- تاريخ الديانة اليهودية. تاليف: دكتور محمد خليفة حسين احمد. الناشر: دار قباء للطباعة والتوزيع. القاهرة ١٩٩٨ ص٢١٢

بــەدەقی ڕێنماییــەکانی تــەوڕات کەخواوەنــد بــۆ موســای ناردۆتە خواریو  بریتییە لە: ئایینو فەلسەفەو فەرهەنگی گـەلی جوولەکـە. جوولەکایـەتی لەلایـەن جـووە دینـدارەکان ئـەو پەیمانەیـە کەخواوەنـد لەگـەڵ موسـادا بەسـتویەتی. (هیگـڵ) لـەم بـارەوە دەڵێت:(ئـەم گەلـە تاکـە نەتەوەیەکـە کـەباوەڕی بـەو ئایینـە هێنـاوەو خواوەنـدی تـاكو تـەنهای ناسـیوەو خواوەنـدیش دانـی پێداناون، لێـرەوە خـوای گـەلی جوولەکــە تــەنها خــوای ئیــبراهیمو نــەوەکانی بــووە، لەبەرئەمـە وێنـاکردنێکی لـەمجۆرە بـۆ خواوەنـد بریتییـە لەتاك قەومیەتیو خواپەرستی لۆکاڵی بێخەوش)[1].

دەڵـێن: ئـایینی جوولەکـە بەدرێـژایی مێـژوو بـەهۆی ئاسـتەنگە مێژووییـەکانی سـەر جوولەکـەکان دروسـتبووە، هـەر ئاسـتەنگێکی مێـژوویی بووەتـەهۆی دووبـارە کلێشـە دارشــتنەوەو قالبکردنــەوەی ئــەو ئایینــە، ئــەو تەنگژانــە بـەپێی سـەردەمەکان گـۆڕاون و بەرەوپێشچوون لەبنـەماو چەمکەکانیدا کراوە. ئەمانە تـەنها بۆچوونی بـێ بنـەمان و هیچ لۆژیك و بەڵگەی مێژووییان نییە.

ئینجـا دەڵـێن: جـووێتی بـاوەڕێکی سـەرزەوی دنیاییـەو ئاسمـانی نییـە. بـاوەڕی بـەژیانێکی دیکـە نییـە. لای ئـەوان

---

[1]- جدليـة الـدين والتنـوير. تـاليف: ف. هيجـل. ترجمـة: ابـى يعـرب المرزوقى. الناشر: هيئة ابوطبى للسياحة والثقافة / كلمة ٢٠١٤ص١٨١

ڕۆژی لێپرسینەوەو دۆزەخ و بەهەشت نییە. بەڵکو مرۆڤ لەژیانی دنیایدا بەخێرو شەڕی خۆی دەگاتەوەو تەنها کردەوەکانی و وەچەکەی بەزیندوویی دەیهێڵنەوە. دەتوانرێت ئەم بیرۆکەیە لەگوتەیەکی بەناوبانگی گلگامێشدا کورت بکرێتەوە کەدەڵێت: (خوا چارەنووسی مرۆڤی بەلەناوچوون دیاریکردووەو کاریگەری نەمانی کەوتۆتە سەر، کەواتە ورگت تێرکە لەچێژوەرگرتن لەخواردنەکان، شەو و ڕۆژ چەندت پێخۆشبوو، خۆش بیگوزەرێنە.) ئایینی ئاسمانی بریتییە لەوەی چارەنووسی مرۆڤ نەبوون نییە، بەڵکو ڕۆژی قیامەت و لێپرسینەوە هەیەو مانەوەیە بە نەمرێتی.

# تۆماری پەڕتوکەکانی پەیمانی کۆن[1]

١ - دروستبوون ٢- دەرچوون ٣- لاوین ٤- ژمارەکان

٥- ستایش ٦- یەشوع ٧- قەزا ٨- راغوس

٩- سمۆیلی یەکەم ١٠- سمۆیلی دووەم ١١- پاشاکانی یەکەم

١٢- پاشاکانی دووەم ١٣- هەواڵی رۆژانی سەرەتایی

١٤- هەواڵی رۆژانی دووەم ١٥- عەزرا ١٦- نەحیما

١٧- ئەستیر ١٨- ئەیوب ١٩- مەزامیر ٢٠- بت پەرستی

٢١- کۆمەڵ ٢٢- سرودی سرودەکان ٢٣- ئەشیعا

---

[1]- (سفر) سیفر: بەواتای (پەڕتوك) تۆماری نووسراو بەپێی سەردەمەکانیان، بەمشێوەیە پۆلێن دەکرێن: ١- لەژمارە یەکەوە هەتا پێنج، ئەو پێنج بەشەن کەتەوڕات پێکدەهێنن. پەڕتوکە مێژووییەکانیش ژمارەیان (١٤)یە، پەڕتوکە نەبەویەکانیش ژمارەیان (١٧)یە. پەڕتوکە پەروەردەییەکانیش ژمارەیان (٣) دانەیە.(پەڕتوك لێرەدا بەمانای بەشەکانی کتێبێکی گەورە کەسەبارەت بەباسێك بێت. بۆنموونە: چیرۆکی شارستانییەکان- ی ویل دۆرانت، چەند بەشێکەو هەمووشی دەربارەی مێژوویە).

٢٤- ئێرمیان   ٢٥- میراتی ئێرمیا  ٢٦- حزمیا
٢٧- دانیال  ٢٨- هوشع   ٢٩- یونیل  ٣٠- عاموس
٣١- عوبدیا   ٣٢- یۆنان   ٣٣- میخا   ٣٤- ناحوم
٣٥- حبقوق   ٣٦- سفنیا   ٣٧- حجی    ٣٨- زەکەریا
٣٩- مەلاخی.

## تەورات:

تـەورات پێكـدێت لـەپێنج بـەش (پـەڕتوك) ئـەوانیش: دروستبوون، دەرچوون، لاوین، ژمارەكان، ستایش.

**دروستوون:** باس لەسـەرەتای دروستبوون دەكات، هەروەها چـیرۆكی گوناهكـاری رۆڵـەكانی ئـادەم و نـوح و تۆفـان و لـەدایكبوونی سامی كوڕی نـوح، چیرۆكی سـدومو عـەمورە، گەشتی ئیبراهیم و ئیسماعیل و ئیسحاقو عیسو و یەعقوب و رۆڵـەكانی یـەعقوب و چـیرۆكی یوسـفو كۆمـەڵبوونی رۆڵەكانی ئیسرائیل لەمیسر.

**دەرچوون:** باس لەنیشتەجێبوونی رۆڵەكانی ئیسـرائیل لەمیسـر دەكـات بۆمـاوەی دوو سـەد سـاڵ، هـەروەها لـەدایكبوونی موسـاو چـیرۆكی رەوكـردن (دەرچـوون) بـۆ سیناو (١٠) رێنوێنیەكەو چیرۆكی پەرستنی گوێرەكە.

**لاویـن:** گرنگی بەرێسـاكان دەدات، بەتایبـەت نـەریتو سـروتەكانی سـەبارەت بەرۆڵـەكانی لاویـن، هـەروەها بـاس لەپیسیو خاوێنیو رۆژانی پشوو، جەژنەكان دەكات.

**ژمارەكـان:** ئامـار دەربـارەی نەتـەوەی هەڵبـژێردراو، هـەروەها بنەچـەی تیرەكـانی ئیسـرائیلیو باسـكردنی ئـەو

هۆزانـــەی لەســـینابوون- هــەتا دەگاتــە چــوونەناو خــاکی کەنعان.

**ستایش:** دووبـارە شـیکردنەوەی شـەریعەتەکانی موسـا. هــەروەها تۆمـاری دوایــن گوتــەکانی موسـا پـێش مردنــی و وەسێتکردنی موسا کەدوای خۆی یەشوع ببێتە جێگرەوەی. دابەشکردنی زەوی‌و زار بەسەر تیرەکاندا.

## ده ئامۆژگارییەکان:

**ڕێنمایی لەبەرامبەر خواوەنددا :**

⋆- هیچ خواوەندێکی دیکەت نییە.

⋆- هیچ بتێکی دروستکراوت نییە، نەهیچ وێنەیەکیش لەسەر ئەوەی لەئاسمانەو ئەوەی لەناو زەویدا هەیە، نەلەو ئاوەش کەلەژێر زەویدایە- کڕنوژیان بۆمەبەو مەیانپەرستە.

⋆- بەدرۆ سوێند بەناوی خواوەندەکەت مەخۆ.

⋆- بیری ڕۆژی شەممەت بێت، پیرۆز ڕایگریت.

**ڕێنمایی لەبەرامبەر کەسەکانتدا**

⋆- مهرەبانبە لەبەرامبەر باوك‌و دایکتدا، بۆئەوەی ڕۆژانی تەمەنت لەسەر زەوی زۆربن- ئەو ڕۆژانەی خوای پەروەردگار پێت دەبەخشێ.

**ڕێنمایی لەبەرامبەر کۆمەڵگادا :**

★- مەکوژە.

★- زینامەکە.

★- دزی مەکە.

★- شاهیدی بەدرۆ مەدە.

★- چاوت لەماڵی کەسەکانت نەبێت.

★- تـــەماع لـــەژنی خزمـــەکانتو کویلـــەو گـــاو گوێدرێژەکەیو هیچ شتکێکی کەسەکانت مەکە.

# باوەڕەکانی جوولەکە

١- مـن بـاوەڕی تـەواوم هەیـە: خواوەنـد بـوونی هەیـەو دروستکەرو بەڕێوەبەری هەموو بوونەوەرەکانە، تـەنها ئـەو دروستکەرەو کاروکردەوەکان دادەنێت.

٢- مــن بــاوەڕی تــەواوم هەیــە: خواوەنــد تەنهایــە، تەنهاییەکەشـی بێهاوتایـەو هـەر ئـەو خواوەندەمانـە، جاکـە هەر شتێك بێت.

٣- مـن بـاوەڕی تـەواوم هەیـە: خواوەنـد جەسـتە نییـە، ئەو بەدەرە لەوێناکانی جەستەییو بەهیچ جۆرێك شـێوەی نییە.

٤- مــن بــاوەڕی تــەواوم هەیــە: خواوەنــد ســەرەتاو کۆتاییە.

٥- من باوەڕی تەواوم هەیە: تەنها ئەو شایسـتەی نوێـژ بۆکردنو پەرستنەو هیچی تر شایستەی ئەمە نییە.

٦- مـن بـاوەڕی تـەواوم هەیـە: هـەموو پێغەمبـەرەکان هەقن.

٧- من باوەڕی تەواوم هەیە: پێغەمبەرایەتی گـەورەمان

موسا هەقیقەت بووەو ئەو باوکی هەموو ئەو پێغەمبەرانەیە کەدوای ئەو دێن.

٨- من باوەڕی تەواوم هەیە: ئەو شەریعەتەی ئێستا لەبەردەستمدایە لەلایەن خواوە بەموسا بەخشراوە.

٩- من باوەڕی تەواوم هەیە: ئەم شەریعەتە ناگۆڕدرێت، و ئەم شەریعەتیش لای خواوەندەوە نەنێردراوە.

١٠- من باوەڕی تەواوم هەیە: خواوەند ئاگاداری هەموو کردەوەو بیرۆکەکانی مرۆڤە.

١١- من باوەڕی تەواوم هەیە: ئەوانەی پەیڕەی ئامۆژگاریەکانی خوا دەکەن، پاداشتی خێریان دەداتەوە.

١٢- من باوەڕی تەواوم بەهاتنی مەسیح هەیە، هەتا ئەگەر دواش بکەوێت من چاوەڕوانی هاتنی ئەو دەکەم.

١٣- من باوەڕی تەواوم هەیە: رۆژی قیامەت هەیە، کاتێك لەلایەن خواوەندی دروستکەرەوە ویستی ئەوەی هەبێت و بۆ هەمیشە وێردی دەکرێتەوە.

# تیرەکانی جوولەکە

١-  فریسیوکان.
٢-  سدوقیەکان.
٣-  حسدیون.
٤-  قەرائون.
٥-  کتبەکان.
٦-  سامریەکان.
٧-  ریفۆرمیستەکان.

## گەورەیی ئایینی جوولەکە

نهێنی ئایینی جوولەکەو توانای کاریگەری لەسەر ئەو ئایینانەی دوای خۆی هاتوون، وەك درێژە پێدەری سەرچاوەیەکی میراتی ئایینێکی بنچینەییە لەدنیادا. هەروەها کاریگەری گەورەی کردۆتەسەر ئایینی مەسیحی و ئیسلام. لە پەڕتووکەکانیدا کورتەی سێ باوەڕی مرۆیی گەورەی کۆکردوونەوە:

⋆- میراتی باوەڕدارێتی سەرزارەکی بۆ زانیاری و پەیڕەوەکانی باوەڕدارێتی ئایینی لای مرۆڤ. تەوڕات بەشێوەیەکی راستگۆیانەو ئەدەبیانەی سەرکەوتوو، باسی باوەڕدارێتی سەرەتایی کردووە.

⋆- ئایینی سەرزارەکی[1] پڕە لەتۆماری ئەفسانەی گەورەی وەك: دروسبوون، تۆفان، بەهەشتی نادیارو...هتد، ئەمە جگەلە فەرهەنگ و سومبوڵ و شەریعەتەکانی.

⋆- ئایینێکی عیرفانییە بەفرەیی رۆحانی و فەلسەفی و لەتەسەوفیە جوویەکەیدا گەیشتۆتە لوتکە.

---

[1]- لێرەدا زیاتر مەبەست لە ئایینی سەرەتاییە. نەنووسراوە.

# جوولەکەکانی کوردستان

# مێژوو- شوێنی نیشتەجێبوونیان

مێژوو بریتییە لەتۆمارو باسکردن و لێکدانەوەی ئەو ڕووداوانەی لەرابردوودا ڕوویانداوە، لەسەر بنەمایەکی زانستی و بێلایەنی، بەئامانجی گەیشتن بەو ڕاستیانەی یاریدەدەرن بۆ تێگەیشتن لەئێستاو پێشبینیکردنی ئاینده. هەروەها پێویستە گرنگی بەپێودانگی مێژوویی بدرێت بۆلێکدانەوەی دەقەکان، چونکە هەندێك بەڵگەی مێژوویی هەن تەواو لایەنگری ئەو قۆناغەیان کردووە کەتێیدا نووسراون. بۆیە پێویستە مێژوونووس بەبێ لایەنی مامەڵە لەگەڵ بەڵگەنامەو دەقەکاندا بکات.

ئەم لێکۆڵینەوەیە باس لەواقیعی مێژوویی جووەکان دەکات لە کوردستانی باشوور. چۆن وەك کەمینەیەکی ئایینی بارودۆخی خۆیان چارەسەرکردووە؟ چۆن مامەڵەیان لەگەڵ هەلومەرجە گۆڕاوە دژەیەکەکاندا کردووە؟ ئەمە دەبێتە بابەتی لێکۆڵینەوەکەمان و پێکدێت لەمێژووی جوولەکەکانی کوردستان و ڕۆڵیان لەڕووی کۆمەڵایەتی و

سیاسی و ئابووری‌و ئایینی و جوگرافیای نیشتەجێبوونیان.

(ئاکتسیاس)ی مێژوونووسی یۆنانی بەناوبانگ دەڵێت: (ئیمپراتۆریەتی ئاشووری- بابلی کەزۆر لەگەلان کەوتبوونە ژێر فەرمانڕەوایەتیەوە، نزیکەی هەزار ساڵ- یان هەزارو پێنج سەد ساڵ مایەوە، دوایین فەرمانڕەوای (سردنابالوس)بوو. واتا: ئاشور بانیباڵ.

ئارباکۆسی فەرمانڕەوای هەرێمی میدییەکان، فەرمانڕەوای هەرێمەکانی دیکەی هاندا دژی ئاشوربانیباڵ بوەستنەوە. ناوبراو سەرکردایەتی ئەو لەشکرانەی کرد کەسالانە لەهەموو هەرێمەکانەوە دەهاتن لەنەینەوا بەمەبەستی سەرژمێریکردنیان کۆدەبوونەوە.

هەرچەند ئاشور بانیباڵ زۆر سەرکەوتنی بەدەست هێنابوون، بەڵام دواجار لەبەردەم ئەو هێزە زەبەلاحەدا خۆی بەدەستەوەدا، دەروازەکانی شاری نەینەوای داخستن، بەڵام کەزانی ناتوانێت بەرەنگاری بکات، ئاگری بەردایە کۆشکەکەی‌و بەهەموو گەنجینەکەشیەوە سوتاو لەناوچوو.) بەپێی گێڕانەوەی هەندێك مێژوونووس ئەمە لەساڵی (٨٨٨ پ.ز) بووە. دوای ئەم رووداوە ئیمپراتۆریەکە دابەشبووە بۆ دوو ئیمپراتۆری ئاشووری‌و میدی.

کلدانییەکان سەربە ئیمپراتۆریەتی بابلی بوون، ئەوانە گەلێکی خۆرهەڵاتی چیانشین بوون‌و تێکەڵاوی بابلییەکان بوون. لەوکاتەدا شانشینی جوولەکەکان کەوتۆتە ژێر

دەستی هێزە سەرکەتووەکانو وەك دیل راپێچکراون بۆ بابل)[1]. هەر لەم بارەوە تۆماری پەڕتوکی دانیالْ دەڵێت: (لەساڵی سێیەمی فەرمانڕەوایەتی (یواکیم)ی پاشای جووەکان، نەبوخوزنەسری پاشای بابل هاتووە گەمارۆی شاری قودسیداوەو یواکیمی خوای یەهودەکانی دەستگیرکردووەو جوولەکەکانی بەدیلی لەگەڵ خۆیدا بردوون بۆ خاکی شنعار، ئەم جوولەکانە تێکەڵاوی کۆمەڵگای بابلی نەبوونو وەك قەوارەیەکی سەربەخۆو دابڕاو لەو کۆمەڵگایەی تێیدا بوون ماونەوە، بەپێچەوانەی رۆڵەکانی دەوڵەتی ئیسرائیل (شانشینی دەوڵەتی ئیسرائیلی سەروو کەپێش ئەوان بەدیلی هێندرابوون بۆ بابل) بەمجۆرە دەوڵەتی ئاشووری بەهۆی سەرکێشی ئەو بەدیلگیراوانەو بێکاریان تووشی کێشە ببۆوە، لەبەر ئەم هۆیە دەستکرا بەپەرتەوازەکردنی ئەو جوولەکانەو نێردران بۆ چیاکانی کوردستان، بۆنموونە: لەو چیایانەش کەدەکەونە پارێزگای ئێستای موسڵ: چیای (بیخێر) کەدەکەوێتە ناحیەی قوشی نزیك موسڵو لەدامێنی بەشی خۆرئاوای ئەو چیایەش مەزاری (پێغەمبەر ناحوم)ە کەیەکێکە لەو پێغەمبەرانەی ناوی لەپەیمانی کۆندا

---

[1]- العالم الشرقی- المجلد الثانی من محاضرات فی فلسفة التاریخ. تالیف: ف. هیجل. ترجمة: د. امام عبدالفتاح امام. الناشر: دار التنویر للطباعة والنشر والتوزیع- بیروت الطبعة الثالثة. ۲۰۰۷ص۱٦٤-۱٦٥

(تـەوڕات) هـاتووەو تۆمـاری پـەرتوکی (نـاحوم)یش بـەناوی ئەوەوەیـە، گوایا نـاوبراو بەشـداری ئـەو هێرشـەی کـردووە کەمیدییـەکان کردوویانەتـە سـەر نەینـەوا. ئیمپراتۆریـەتی ئەکـەدیش کە(سـرجون) لەسـەدەی بیسـتو چـواری پـێش زایینی دایمەزراند، نزیکەی سەدەو نیوێك فەرمانڕەوایـەتی کـرد، لەسـاڵی (٢٣٧١-٢٢٣٠)و لەسەردەسـتی هۆزەکـانی گـودی لەناوبرا. گودییەکان لەچیاکانی زاگرۆسەوە هاتوونو بابلیان داگیرکـردووەو فـەرمانڕەوایی ئەکەدیـەکانیان لـەناوبردووە، ئەوانـە کـورد بـوون. مێـژووێکی دیکـە هەیـە ئامـاژە بـەوە دەکـات لەسـاڵی (٦٠٨پ.م) مادەکـان شـەڕی نەینـەوایان کردووەو ئەو ئیمپراتۆریە مەزنەیان لەناوبردووە. جوولەکە کوردەکان ئەوانـەن لـەدێر زەمانـەوە لەهـەر چـوار پارچـەی کوردسـتاندا نیشـتەجێبوون. (واتـا کوردسـتانی گـەورە) سـەرووی عێـراق، بـاکوری خۆرئـاوای ئێـران، بـاکوری خۆرهەڵاتی تورکیاو سەرووی سوریا.

هەنـدێك پێیانوایـە سـەرەتای هـاتنی جوولەکـەکان بـۆ کوردسـتان دەگەڕێتـەوە بـۆ رۆژگـاری دەوڵـەتی شانشـینی یەکەم، بەجۆرێك هەندێك جوولەکەی کـورد هـەن بنەچـەی خۆیان دەگێڕنـەوە بـۆ تـیرەی بنیـامین، بـرای یوسـف کـوڕی یـەعقوب، کەبابلییـەکان راگوێزیـان کـردوون بـۆ کوردسـتان. بەڵام لەقوناغی دووەمدا دوای راگواستنی جووەکان لەلایـەن ئاشـووریەکانەوە بـۆ کوردسـتان، بەشـێکی زۆری جووەکـانی

کوردســتان پێکهـاتوون لەجوولەکـەکانی ئیسـپانی و ئەوانـە جوولەکەی سفاردین[1]،   جوولەکەکان لەکوردستان بەگشتی پێکهــاتوون لەسـێ تـیرەی مەزهــەبی: ســامریو رەبــانیو قرائیــە. هەریــەك لــەم مەزهەبانــەش بۆچــوونی تایبــەت بەخۆیان هەیە. بۆنموونـە: سـدوقیەکان پێیانوایـە (یـەهوە) تـەنها خواوەنـدی رۆڵـەکانی ئیسـرائیلەو تایبـەت بەئەوانـە، ئەمــەش وایلێکــردوون ئــارەزووی تونــدو تیــژیان هــەبێت لەبەرامبــەر میللــەتانی دیکــەدا، لەکاتێکــدا فریســیونەکان پێیانوایـــە (یـــەهوە) خواوەنـــدی هـــەردووك دنیایـــە، بەوهۆیەشــەوە ئــارەزووی ئاشــتیخوازیان لەگــەڵ ئەوانــەدا هەیە کە جوولەکەش نین.

لــەئایینی جوولەکــەدا مەزهــەبی زۆر هــەنو جیــاوازی بنــەڕەتیو قوڵیــان هەیــەو درێــژ دەبێتــەوە بۆبــاوەڕو بنەمایەکەیان. لەراستیدا هاوشـێوەی ئـەو جیاوازیانـە نییـە کەلـەنێوان مەزهـەبی ئایینـەکانی دیکـەی ئاسمانیـدا هەیـە. بۆیــەش دەبیــنین هەریــەك لــەو مەزهەبــە تازانــە لــەنێو پێکهاتەی ئەمانەدا خـاوەن ڕاو پاسـاوهێنانەوەو شـەرعیەت بەبۆچوونەکانی خۆیـان دەدەن، جا ئەگـەر لەوپـەڕی تونـد ڕەویشدابن.

---

[1]- جوولەکــەی دنیــا بەســەر ســێ بەشــی ســەرەکیدا دابەشــدەبن: ئەشکنازی، سیفاردیو خۆرهەڵاتیەکان.

یەكەم مەزهەبی جوولەكە كەبووە هۆی دابەشبوونی ئایینی جووەكان سامریەكانبوون، ئەمانە بەهۆی هێزی ناوەندی ئایینی، كەلەشانشینی ئیسرائیلدا پەیڕەودەكرا، هەربەلاوازی مانەوە، دوای ئەمانیش سنهدریەكانن، مەزهەبێكی تایبەت بەخۆیان لەئایینی جوولەكە جیاكردەوە، بەڵام لەگەڵ هاتنی سەدەی دووەمی پێش زایین، بەهۆی روو بەڕوو بوونەوەی ئایینی جوولەكە لەگەڵ شارستانیەتی هیلینیدا، تووشی یەكەم ئاستەنگی راستەقینە بۆوە، ئیدی سدوقیو فریسیوكانو غیورونەكانیش كەباڵێكی توندرەوبوون لەناو فریسیونەكاندا، سەریانهەڵدا.

مێژووی بوونی جوولەكە لەكوردستان وەك پێشتر ئاماژەمان بۆكرد، دەگەڕێتەوە بۆ (٩) سەدە پێش زایین، سەبارەت بەهەردووك تیرەی سامریو رەبانی، بەڵام سەبارەت بەتیرەی قرائیە مێژووی بڵاوبوونەوەیان لەكوردستاندا، دەگەڕێتەوە بۆ ماوەكانی دواتر، بەجۆرێك مێژووەكەی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی هەشتی زایینی.

جوولەكەكانی كوردستان سەربە دوو تیرەی ئایینی جوون، ناوچەی سلێمانی سەربە رەبانیەكانن. كەپێشتر بەفریسیەكان ناسرابوون، بەڵام جووی شوێنەكانی دیكەی كوردستان سەربەمەزهەبی قرائیەن.

هەندێك سەرچاوەی مێژوویی هەن دەڵێن: هاتنی

جووەکان بۆ کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ سالّی (٥٨٧)ی پێش زایینی، لەسەردەمی پاشای ئاشوری- بابلی نەبوخوزنەسر، کەناوبراو جووەکانی ئەنفالکردوەو لەفەلەستینەوە راگوێزی خاکی عێراقی ئێستای کردوون، بەلاّم سەرچاوەی دیکە ئاماژە بەوە دەکەن بەهۆی ئەو وێرانکاری و کوشتو بڕەی سیزاری رۆمی (تیتۆس) سالّی (٧٠)ی زایینی لەبەرامبەر جووەکاندا کردیو شانشینەکەیانی وێرانکرد، بەو هۆیەوە جوولەکەکان راستەوخۆ کۆچیانکرد بۆ کوردستان. هەروەها ئەو وێرانکاریو رەشەبکوژیەی سیزاری (قەیسەر) رۆمی (هدریان)ش لەسالّی (١٣٢) زایینی لەبەرامبەر جووەکاندا کردی، ژمارەیەکی زۆر لەجووەکان چوون بۆ کوردستان. هەندێك سەرچاوەی دیکە ئاماژە بەوەدەکەن جووەکانی کوردستان بنەچەیان دەگێڕنەوە بۆ سەر (١٠) تیرەکەی (شانشینی) ئیسرائیل، ئەوانەی لەسەدەی هەشتەمی پێش زایینەوە رایانگواستوون. واتا: پێش دروستبوونی شانشینی ماد (میدیا)ی کوردی، ئەو رۆژگارە بەردەوام لەلایەن شانشینی ئۆرارتۆی کوردی- کەئەوکات بەشی خۆرهەلاّتی کوردستانی لەخۆگرتبوو، هێرش دەکرانەسەر دانیشتوانی چیانشینی کوردستانی خۆرهەلاّت، کەدواتر شانشینی مادیان دروستکرد.

دکتۆر (کرانت) دەلێت: (هۆزی یەزیدیەکانیش لەکوردستان بەشێکن لە(دە) تیرەکەی ئیسرائیل) ئەمەش

بـەو مانایەیـە کـوردو جوولەکـە لەیـەك بنەچـەن، ئەمـە بەپێی بۆچوونی د.کرانت. هەروەها دەڵێت: (لەڕاستیدا هیچ بەڵگـەو دیکـۆمێنتێکی مێـژوویی نییـە، پشتڕاسـتی ئەمـە بکاتــەوەو هەنــدێك جوولەکــەی کــورد هــەن بنەچــەیان دەگێڕنەوە بۆتیرەی بنیامین- برای یوسفی کوڕی یـەعقوب. ئەوانــەی کەبابلیــەکان راگوێزیــانکردوون بــۆ کوردســتان.) بــەمجۆرە جوولەکــەکانی کوردســتان هــەتا ســاڵی (٥٨٦) پ.ز لەســایەی شانشــینی (میــدیا)ی کوردیــدا مانــەوە. نــاوی کوردســتانیش لەتــەوراتی پــیرۆزدا بــەماد هــاتووەو دەڵێــت: (ئیسرائیلیەکانیان بەدیل بردن بۆ ئاشورو لەهەلحو خاپورو دەم زێی جوزانو شارەکانی ماددا نیشتەجێیان کردن-١١٠)

سەرچــاوەکانی جوولەکــە دەڵــێن: کوردســتان کــۆنترین تاراوگەیــە کەجوولەکــەی بــۆ نێــردرابن، ئــەو جوولەکانــە ئــاوارە ســەرەتاییەکانی خــاکی کــەنعانن، واتــا: ئەوانــە لەرۆژگاری وێرانکردنی شانشینی یەکەمی ئۆرشەلیمن، ئـەو جوولەکانەی هاتوونەتە کوردستان دابـڕاو لەیـەکتری ژیـاون، چـونکە رەوشـی بەجێگەیانـدنی سـروتو هەنـدێك نـەریتی ئایینیـان جیـاوازبوون لـەبرا جووەکـانی دیکـەیان لـەبابل، بــەڵام بــەپێی گوتــەی شاســوار هرشمــی: (بڵاوبوونــەوەی جوولەکـــەکان بـــەجیهانی کۆنـــدا، تـــەنها بـــەهۆی پەرتەوازەکردنیان نەبووە لەلایەن ئاشووریەکانەوە، بـەڵکو

بوونی جوولەکە لەکوردستان لەومێژووە کۆنترە)[1].

بەدرێژایی مێژوو ناوچەی میزۆپۆتامیا جیا لەهەموو شوێنەکانی دیکەی سەرزەوی- بۆتە نواو شوێنی نیشتەجێبوونی نەتەوەی هەمەجۆر. وەك پێشتر ئاماژەمان بۆکرد، لەسەرەتای ساڵی (٧٢١ پ.ز) جوولەکەکان بەهەموو لایەکی دنیادا پەرتەوازە بوون، مێژووی جوولەکە بەسێ قۆناغدا تێپەڕیوە:

قۆناغی یەکەمی: هاتنی کۆمەڵێك جوولەکە بوو بۆ کوردستانو تێیدا نیشتەجێبوون، ئەمەش دیارخەری ئەوەیە کەئاشوریەکان راپێچیان کردوون بۆخاکی وڵاتەکەی خۆیان، ئەمە لەکۆتایی ساڵی (١٠٨ پ.ز) بووە. قونـاغی دووەم: دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی کلدانیەکان لەساڵی (١١٦ پ.ز) قۆناغی سێیەم: دەگەڕێتەوە بۆسەردەمی خەلیفەی ئیسلام (عومەری کوڕی خەتاب) کەلەسەردەی حەوتەمی زاییـنیدا ژمارەیەکی زۆری جوولەکەی راپێچی کوردستان کردوون.

سەرچاوەی مێژوویی دیکە دەڵێن: (بەهۆی داگیرکردنی بەغداد لەلایە مەغۆلەکانەوە جووەکانی عێراق هاوشێوەی دانیشتوانی دیکەی عێراق تووشی ئەشکەنجەو مەینەتی

---

[1]- مێژووی ئارامییەکان لەکوردستان. نووسینی: شاسوار هرشمی. چاپی دووەم.

زۆر بوونــەوە لەدەســت مەغۆلــەکان، بۆیــە جوولەکــەکان زۆریان هەڵاتن بـۆ کوردسـتان، بەتایبـەت لـەکۆتایی سـەدەی چواردەو سەرەتای سەدەی پازدەدا.

ســەبارەت بەمێــژووی جوولەکــە لەکوردســتان- یــان پەیوەنــدی کــورد بەجوولەکــەوە، کــۆنترە لەمێــژووی داگیرکردنــی عێــراق لەلایــەن مەغۆلەکانــەوە. سەرچــاوەو بۆچوونی زۆر سەبارەت بەم بابەتە هەن، بەڵام ئێمە لێرەدا ئــەوەی زیـاتر لەراسـتییەوە نزیکـە وەریـدەگرین، لەئــەوە تێدەگــەین کــەی پەیوەنــدی کۆمەڵایــەتی نێــوان کــوردو جوولەکە لـەپانتاییێکی جووگرافیایـدا دروسـتبووە، لەکۆنـدا ناوەنـدی نیشـتەجێبوونی جوولەکـەکان کەوتۆتـە هـەردووک ناوچـەی چـیای تـوروس و راگـرۆس. لەزاگرۆسـدا وردەوردە ژمـارەی کوردنشـینەکان بـەرەو کـەمی چـۆتەوەو ژمـارەی جووەکـان زیـادیکردووە، بـەڵام لەئێسـتادا هـیچ جوولەکـەی نیشتەجێ بووی لێنەماوە.

لەکوردستانی خۆرهەڵاتیش لەناوچەکانی وانو رەزاییـە جوولەکــەی لێنیشــتەجێبوون. لەخۆرئاواشــیەوە ســنووری رووباری دیجلە ناوچەی نیشتەجێبوونی جوولەکەکان بـووە. بـەمجۆرە بۆمـان روونـدەبێتـەوە بـەپێی سروشـتی خاکەکـە جوولەکــەکان لەســێ شــوێندا نیشــتەجێبوون، ناوچــەی شاخاویو ناوچەی دەشتەکیو رۆخی دیجلە.

(ناوچە چیاییەکان کەچیای توروس لەسەرووی چیای زاگرۆسە، زنجیرە چیای توروس لەخۆرهەڵاتەوە درێژ دەبێتەوە بۆ خۆرئاوای، هەروەها ناوچەیەکە لەهەموو شوێنەکانی دیکەی توروس پڕ ئاوترەو زیاتر لەناوچەی زاگرۆس دەچێت)[1].

مێژووی جووەکان لەکوردستان مێژوویێکی دێرینە، بەوپێیەی تەلمود باسی دەکات، لەساڵی (٢٨٠٠ پ.ز) لەسەردەمی پاشای ئاشوری (شلمان) (٨٥٨ -٨٤٢ پ.ز) رێگا بەجوولەکەکان دراوە لەکوردستان نیشتەجێبن)[2].

سەرەتای بوونی جوولەکە لەکوردستانی باشوور دەگەڕێتەوە بۆسەردەمی ئیمپڕاتۆریەتی ئاشوری لەنێوان ساڵانی (٩١١-٦١٢ پ.ز) کە زاڵبووە بەسەر ناوچەکەداو شانشینی ئیسرائیلیان وێرانکردووەو دانیشتوانەکەیان دەرکردوون‌و ناردویانن بۆ چیا دوورە دەستەکانی کوردستان، نزیکەی (٥٠)هەزار جوولەکەیان ئاوارەی شوێنە

---

[1]- جوولەکەی کوردستان. نووسینی: ئاریك براور. وەرگێڕانی: شاخەوان کەرکوکی- عەبدلرەزاق بۆتانی. دەزگای ئاراس بۆ چاپ وبڵاوکردنەوە- هەولێر. لاپەڕە (٥٠)

[2]- ئایین‌و تایفە ئایینیەکانی کوردستان. نووسینی: میهرداد ئێزدی. وەرگێڕانی: کامەران فەهمی. مەکتەبی بیرو وشیاری- .سلێمانی ٢٠٠٢ ل ٨٦

هەمەجۆرەکان کردن، لەڕاستیدا هەندێك رای دژەیەك هەن سەبارەت بەهاتنی جوولەکەکان بۆ کوردستان، بۆنموونە: کتێبی مێژووی بابلی ئەو جوولەکانەی بەجوولەکەی کوردستان ناوهێناوە، ئەمەش ئەو پەیوەندییە ئاشکرا دەکات کەجووەکان پەیوەندیان بەکوردەکانەوە هەبووە. سەیرەکە لەوەدایە هەندێك بۆچوون هەن دەڵێن: جوولەکەکان لەئازەربایجانەوە هاتوون بۆ کوردستان، ئەمەش بەهۆی ئەوەی سنووری نێوان کوردستانو وڵاتی فارس بۆ چەند سەدەیەك کراوەبووەو بەو هۆیەشەوە هاوڵاتیان هاموشۆو تێکەڵاویان هەبووەو جوولەکەکانیش بەشداریان تێداکردووە. کۆمەڵێك لێکۆڵەرەوەی کورد کۆکن لەسەرئەوەی جوولەکەکانی کوردستان پاشماوەی ئەو جوولەکانەن کەئاشوریەکان لەسەردەمی پاشا (سنحاریب - ٧٠١ پ.ز) شانشینی یەهوزایان داگیرکردووەو جوولەکە دیلەکانیان راگواستوون بۆ شوێنە شاخاویە دوورەدەستە دابڕاوەکانی خاکی کوردستان لەتورکیاو سوریاو ئێرانو عێراق، کە ئەوکات ئەو ناوچانە لەژێر دەسەڵاتداریێتی خۆیاندا بووە. ئەمەش بۆئەوە بووە ئەو جوولەکانە نەتوانن یەکبگرن و بگەڕێنەوە بۆ ئیسرائیل.

رای دیکەش سەبارەت بەکۆچکردنی جوولەکەکان بۆ کوردستان هەیە، بەپێی مێژووی کوردی جوولەکە (سەرەتای هاتنی جووەکان بۆ کوردستان دەگەڕێتەوە پێش

داگیرکردنی شانشینی ئیسرائیل لەلایەن ئاشوریەکانەوە، کەلەماوەی سەدەی هەشتەمی پێش زایینی روویداوە. دوای ئەمە ئەو جوولەکانە گوازراونەوە بۆ پایتەختی ئاشوریەکان. لەماوەی سەدەی یەکەمی پێش زایین. گێڕانەوەیەکی دیکە هەیە دەڵێت: پاشا هزوانیو گەلەکەی باوەڕیان بەئایینی جووەکان هێناوە، شانشینی ئەمانە ناوی ئەدیابین بووە، ئەوانە گەلێکی دێرین بوونو لەولاتی نێوان دوو رووباردا نیشتەجێبوون، کەپێکهاتبوو لەخاکی نێوان دوو رووبارو هەندێك خاکی ئێستای تورکیاو سوریاو ئێران، واتا: کوردستانی گەورە. هزوانیەکان ئەو شانشینیەیان دروستکردووەو (هەولێر)یان کردووە بەپایتەختی خۆیان (اربیل)[1].

مێجر سۆن لەمبارەوە دەڵێت: بەلانی کەمەوە مێژوویی شاری ئاشور دەگەڕێتەوە بۆ (١٨٠٠) ساڵ پێش زایین. ئایەتەکانی (١١-١٢)ی تەورات ئاماژە بەوە دەکەن: خاکی ژێر دەسەڵاتداریێتی ئاشوریەکان سێ شاری گەورەی لەخۆ گرتبوو، ئەوانیش: نەینەواو کالحو ئەربیلا، لەماوەی فەرمانڕەوایەتی هەموو پاشاکانی ئاشوریدا، ئەربیلا (هەولێر) کراوەتە پایتەختی فەرمانڕەوایەتی.

---

[1]- رحلة متنكر الى بلاد ما بين النهرين وكردستان. تاليف: ميجر سون. ترجمة: فواد جميل. الجزء الاول. الطبعة الاول- بغداد ١٩٧٠ ص١٤٥

(وافـدی) لـەکاتی هـاتنی سـوپای عـەرەبی ئیسـلامی بـۆ شاری ئامێدی، سـەبارەت بـەبوونی جوولەکـەکان لەوشـارەدا دەڵێــت: (زۆر جوولەکــە لــەم شــارەدا هــەبوون، هــەروەها لەشاری بۆتانو دەوروبەری ئەم دوو شارەش، لەساڵی (١١٢م) تەنها لەشاری عمادیەدا (٢٥٠٠٠) هـەزار جوولەکـەی لێبـوون. جووەکان لە(١٠٠) ناوچەدا بڵاوبوونەوەو نیشتەجێبوون.)

لەوســـــەردەمەدا زەمینەیـــەکی لـــەبار بۆجووەکـــان رەخســاوە کەئایینەکــەیان لەکوردســتاندا بڵاوبکەنــەوەو دەسـتکەوتی باشیشـیان لێبەدەسـت هێنـاوە، ئـەم باشـیەش دەگەڕێتــەوە بــۆ فــەرمانڕەوایانی کــورد لــەو رۆژگــارەدا، نموونەی (ئەدیابی)یـەکان کەژمارەیـەکی زۆر لەدانیشـتوانی ئەربیل چوونەتە سەر ئایینی جوولەکە.

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کوردو جوولەکە پەیوەنـدی پتـەویان لەنێوانـدا هـەبووە. ئەوانـەی باوەڕیـان بـەئایینی جوولەکـە هێنـاوە ناویـان لەسەرچـاوەکانی کۆنـدا هـاتووە: پاشای کوردی ئەو کاتە (مونوباز)و هاوسـەرەکەی (هیلینـا)و کچەکەی (ئیزاسی)ن.

(بنیــامین تــەتیلی) گــەڕۆکی بــەناوبانکی جوولەکــە کەلەنیوەی دووەمی سەدەی دوازدەی زایینی ژیاوە. لەکتێبە بەناوبانگەکـەی لـەژێر ناونیشـانی: (گەشـتەکانی بنیـامین) ئامـاژە بـەوە دەکـات لەکوردسـتاندا نزیکـەی سـەد شـوێنی نیشـتەجێبوونی جوولەکـەی لێبـووە. ژمـارەی جوولەکـەکان

زۆر بـــووەو بـــەزمانی ئـــارامی دواونو زمـــانێکی تایبـــەت بەخۆشـیان هـەبووە. دوای ئـەوە نـاوبراو بـەرەو خـواروو ناوچـەی بابـل دەڕوات بـۆ شـاری موسـڵ بـەدیاریکراوی، دەڵێـــت: (لــــەژێر ســــەرکردایەتێکردنی حاخامێـــك کەلەڕەچـــەڵەکی پاشـــا داوودە، لەناوچـــەی ئاشـــور زۆر پەرسـتگای جوولەکـە هـەنو نـاوی ئـەو پێغەمبەرانـەیان لێنراوە کەلەو دەڤەرەدا ژیاون. وەك: کەنیسـەی پێغەمبـەر عوبـدیاو کەنیسـەی نـەبی یـونسو کەنیسـەی پێغەمبـەر ناحوم.

بـــەڵام ســـەبارەت بەکۆچـــکردنی جوولەکـــەکان لەبەغـدادەوە بۆناوچـە کوردییـەکان، ئەمـە لەسـەردەمی سـولتان مـرادی چـوارەمدا بـووە، کـەناوبراو لەگەڵیانـدا باشبووەو زۆر لەداواکاریەکانی بۆ جێبەجێکردووەن.

لـەنیوەی سـەدەی حەڤـدەی زاییینیشـدا جوولەکـەکان لـــەعێراق بارودۆخیـــان لـــەباربووە، بـــەجۆرێك کەوتنـــە جموجـوولْ بەهـەموو لایـەکی عێراقـدا بـۆ دەسـتەبەرکردنی پـەناگا هـەتا تێیـدا بحەوێنـەوە. دەبینین ئەمانـە لەموسـڵو هەولێرو کەرکوكو سلێمانیدا بوونیان هەبووە، بەشێوەیەك لەگەڵ ڕۆڵەی میللەتەکەی خۆیاندا پێك گەیشتوونەوە، واتـا ئەوانـــەی پێیـــان دەڵـــێن پاشمـــاوەی ئـــەو جوولەکانـــەن کەئاشوریەکان یەکەمجار ئەنفالیان کـردوونو هێناویـانن بـۆ کوردسـتان. جووەکـان دەسـتیانکرد بەنۆژەنکردنـەوەی ئـەو

مەزارانـەی تایبـەت بـەخۆیانبوون لەناوچـەکە، بەتایبـەت نۆژەنکردنەوەی مەزاری پێغەمبـەر (نـاحوم) لەشارۆچـکەی (قــوش) کــە(٥٠)کــم لەشــاری موســڵەوە دووره، ئیــدی جوولەکـەکان بەکۆمـەڵ ڕێکدەکـەوتن بۆزیـارەتکردنی ئـەو مــەزاره پیرۆزانـــەیان. هــەروەها جووەکـــان لـــەخواروو ناوەڕاستی عێراقیش بڵاوبوونەوە، یەکەم کاری ئەنجامیانـدا نۆژەنو بنیادنانەوەی مەزارەکانیان بوو.

ژیـانی رۆحـی جووەکـان لـەدەوری کەنیسـەکانیان بـوو، هەتا سەدەی نۆزدەش بەرابەرەکەیان دەگوترا سەرۆك- یان حــاکم، دواتـــر ســـەرۆکایەتی جووەکـــان حاخامێـــك دەیگرتەدەســت. جوولەکــەکانی کوردســتان بــۆ کاروبــاری ئایینیـان لـەژێر سەرپەرشـتیاری رەبانیـەکانی (بەغـداد)دا بــوون. جوولەکـــەکانی کوردســـتان لەوناوچـــانەی تێیـــدا نیشتەجێبوون کاریان لەسەر کردنەوەی خوێندنگای ئایینی دەکرد. بۆنموونە: لەساڵی (١٩٠٦) لەکەرکوكو لەسـاڵی (١٩١٢) لەموسڵ دوو خوێندنگای گەورەیان دامەزراندن.

تــاوەکو ئێســتاش لێکۆڵینــەوەو بەدواچــوونی زانســتی لەســەر مــەزارو شــوێنە پــیرۆزو کەنیســەی جوولەکـەکانی کوردســـتان نـــەکراوە، دوای دەرکردنیـــان لـــەعێراقو دەستبەســەرداگرتنی موڵــكو مــاڵو تــاڵان و بڕۆکردنیــان (کەبـە فـەرهود بەناوبانگـە) ئـەو شـوێنە پیرۆزانـەش نـە نۆژەن و نەبنیاد نراونەوە.

بۆنموونــە: یــەکێك لەمــەزارە پــیرۆزە دێرینــەکانی جوولەکــە لەکوردســتان- مــەزاری پێغەمبــەر دانیاڵــە. سەرچــاوەکانی مێــژووی ئــایینی جوولەکــە ئامــاژە بــەوە دەکەن، هەزاران پێغەمبەر بۆ گەلی ئیسرائیل نێردراون، یـەکێك لەوانــە پێغەمبــەر دانیاڵــەو لــەو بڕوایــەدان ئــەو یەکێکــە لەوکەسانەی لەگەڵ ئەنفالکردنی جووەکان لەئێسـرائیلەوە بۆ وڵاتی نێوان دوو رووبار هێنرابێت.

مــەزاری پێغەمبــەر دانیــاڵ دەکەوێتــە ســەر قــەڵای کــەرکوك، ســـەرەتا پەرســـتگایەکی جوولەکــەی لەســـەر دروســـتکراوە، دوای بەسەرچـــوونی رۆژگــار کەنیســـەیەکی مەسیحی لەسـەر دروسـتکراوە، دوای هـاتنی ئیسـلامیش بـۆ عێــراق ئــەو مــەزارە مزگــەوتێکی لەســـەر دروســـتکراوە، هــەروەها مــەزاری پێغەمبــەر (شــارداخ)یش کەیەکێکــە لەپێغەمبــەرەکانی جوولەکــە، ئــەویش دەکەوێتــە قــەڵای کەرکوكو لەتەك قـەبرەکانی پێغەمبـەر دانیـاڵو پێغەمبـەر (ئابدنجوو)دایـــە، ئەمـــەی دوایشـــیان یەکێکـــە لـــەو پێغەمبەرانــەی جوولەکــە کەپاشــای بــابلی نەبوخوزنەســر دوای بــەدیلگرتنی فڕێیانداوەتــە نــاو ئــاگرو ســوتاوە، ئەمـە بەپێی گێڕانەوە عیبرییە کۆنەکان.

بــەپێی دەقــی نووســراوی ئینجیــل: پێغەمبــەر (نــاحوم) یەکێکــە لــەدوازدە پێغەمبــەرە بچــوکەکان. دەڵــێن ئــەو پێغەمبەرە لەشاری قوش لەدایك بووەو هەر لەوێش کۆچـی

دوایی کردووە. بەڵام سەبارەت بەو مەزارە پیرۆزانەی ناوی کەسایەتیو حاخامی جوولەکەی کوردیان لێیە، بۆنموونە: مەزاری (حازان دیڤید) یەکێکە لەو شوێنە بەناوبانگانەی خەڵك بەمەبەستی زیارەتکردنی دەچن، ئەم مەزارە لەتەك کەنیسەی (نافی)یە لەئامێدی. بەپێی ئەو کتێبەی (ئاساف) لەساڵی (١٧٣٨) لەپەرتوکی (لێکدانەوەی خەونەکان) بلاْویکردۆتەوە، لەبڕگەیەکی ئەم کتێبەدا سەبارەت بەمێژووەکەی دەڵێت: (٨٥٢) ساڵ بەسەر مردنی (حازان دیڤید)دا تێپەڕیوە. شایانی باسە زۆر مەزاری دیکەش لەکوردستاندا هەن، تاکو ئەمڕۆش هەندێك لەجووەکانی کوردستان چالاکی ئایینی خۆیان لەوێدا بەجێدە گەیەنن.

لەساڵی (٢٠١٧) ئاهەنگێك بەبۆنەی جەژنی پاکبوونەوە لەخانەی (لیفی) لەهەولێر بەڕێوەچوو، لەرۆژی دوو شەممەی کانوونی یەکەمی ساڵی (٢٠١٧) حکومەتی هەرێمی کوردستان بەفەرمی (شێرزاد عومەر)ی بەنوێنەری جوولەکەکان لەوەزارەتی کاروباری ئایینی دیاریکرد. قانونی پاراستنی کەمینەکان لەئایاری ساڵی (٢٠١٧) لەلایەن پەرلەمانەوە دەنگی لەسەردرا، دەقەکەی دەڵێت:(هەتا ئەگەر تاکە کەسێکیش هەر ئایینێکی هەبێت، ئەوا پارێزگاری لەمافەکەی دەکرێت.)

لەڕاستیدا جوولەکەکان لەناوخۆیاندا واهەست دەکەن

کوردستان ئەو شوێنەیە کەخواوەند بۆ نیشتمانی ئەوانی هەڵبـژاردووە، ئـەم بیرۆکەیـە تەشـەنەی کـردووەو بـەناو جوولەکەکانـدا بڵاوبووتـەوە. بـەهۆی خسـتنەڕووی حـاڵو گـوزەرانی جووەکـان لەکوردسـتان، دەتوانرێـت بگوترێـت پەیوەنـدی نێـوان کـوردو جوولەکـە لەسەرئاسـتی فـەرمیو جەماوەری زۆر باشبووە، هیچ شتێك تەبایی ڕیزەکانی تێك نـەداوە، بـەجۆرێك ئـەو کەمینەیـە ژیـانێکی ئاسـایشو جێگیریـــان لەگـــەڵ دانیشـــتوانی دیکـــەی کوردســـتانی بەسـەربردووە. ئـەو نەهامـەتیو ناخۆشـیانەی لەهەنـدێك مـاوەی مێژوویـدا بەسـەر کوردسـتاندا هـاتوون، جیـاوازی لـــەنێوان کـــوردو جووەکانـــدا نـــەکردووە. بەدرێـــژایی سـەردەمەکان جووەکـان بیریـان لەحێهێشـتنی کوردسـتان نەکردۆتەوە.

دکتـــۆر (مردخـــای زاکـــین) دەڵێـــت: (جوولەکـــەکان بەدرێژایی مێژووی خۆیان لەلایەن دەسەڵاتدارانی کوردەوە تووشـــی تونـــدو تیـــژیو ســـتەملێکردن بوونـــەوە، موڵـــكوماڵەکـەیان بـەزۆر لێزەوتکـراوە، بۆیـە پـەنایان بۆسـەرۆك عەشـیرەتەکان بـردووە کـەخاوەنی هێـزو کەسـایەتی بـوون، ئـــەوانیش بـــاجو ســـەرانەی زۆریـــان خستوتەســـەر ئـــەو جوولەکانەی لەسایەو لەژێر پارێزگاری ئەواندا بـوون، بـاری خراپی نائـارامی جووەکـان بۆتـەهۆی ئـەوەی لەشـوێنێکەوە بچن بۆ شوێنێکی دیکە، لەگونـدێکی بچوکەوە بـۆ شـارێکی

گـــەورە. بـــاری گوزەرانیـــان بـــاش نـــەبووەو زۆربـــەیان لەهەژاریدا ژیاون)[1]. پێویستـە لـەم خاڵـەدا هەڵوێستـەیەك بکـــەین. واتـــا: جوولەکـــەکانی کوردســـتان روو بـــەڕووی هەڵمەتی توندوتیژیو ستەم لێکردن بوونەوە.

بەپێی سەرچاوەو زانیارییە گشتییەکان، مامەڵەکردنی کورد لەبەرامبەر جووەکان زۆر باشتر بووە لەمامەڵەکردنی حکومـەتو نەتـەوەکانی دیکـە، بۆنموونـە: لەسـاڵی (١٨٨٢) بـــەبڕیاری قەیســـەری رووســـی، لیژنەیـــەك لـــەژێرناوی (ئیجنـــاتیف) دژبـــە جوولەکـــەکانی رووســـیا پێکهێنـــراو بڕیارەکانی بەمجۆرەی خوارەوە بوون:

٭- رێگا نادرێت هـەر جوولەکەیـەك دووبارە لەناوچـەی گوندنشـــیندا نیشـــتەجێ ببێتـــەوە، تەنانـــەت لەهۆردوگاکانیشدا.

٭- کەسـێکی رووسـی مـافی ئـەوەی هەیـە بـەبڕیاری تایبـەتی (کوێخـا) لێپرســراوی گوندەکــە جوولەکەیــەك دەربکات.

٭- هــەر جوولەکەیــەك لەگوندەکــەی بــڕوات رێگــای پێنادرێت جارێکی دیکە بگەڕێتەوە.

٭- گرێبەسـتی بەکرێـدان لەگـەڵ جوولەکەکانـدا تـازە

[1]- يهـود كوردسـتان ورؤسـائهم القبليـون. تـاليف: د. مردخـاي زاكـن. ترجمة: الي اللغة الكوردية: سعاد محمد خضر، مـن منشورات مؤسسة زين في (السليمانية) سنة ٢٠١٥

ناكرێتەوە.

★- رێگەنادرێت هیچ جوولەکەیەك لەگوندەکاندا کاری پێبکرێت.

★- قەدەغەیە هەر جوولەکەیەك کەنیشتەجێ ناوچە گوندنشینەکانە، هەر خزمێکی لەگەڵ خۆیدا ببات بۆ ئەو گوندە، ئەگەر ئەمە روویدا، ئەوا ئەو کەسە جوولەکەیە لەو گوندە دەردەکرێت.

★- دیاریکردنی ژمارەی قوتابیانی جوولەکە لەناوەندیو دواناوەندیو زانکۆکان، ئەو رێژەیەش بەڕێوەبەرێتی پەروەردەو فێرکردنی رووسی دیاریدەکات.

★- کەمکردنەوەی ئەندامێتی جوولەکەکان لەدادگای رووسی لەڕێژەی (٢٢٪) بۆ (٩٪)

★- هەر جوولەکەیەك لەناو رووسیادا خەرێکی بەرفراوانیو زیادکردنی چالاکی ئابووری بێت، دەستەوبەجێ دەگەڕێندرێتەوە بۆ هۆردوگاکان.

★- هەر جوولەکەیەك واز لەپیشەکەی بێنێتو خەریکی بازرگانی بێت، ئەوا مافی ئەوەی نامێنێت لەگوندو شارەکاندا بژێتو دەگەڕێندرێتەوە بۆ هۆردوگاکانی تایبەت بەئەوان.

★- جوولەکە بۆیان نییە لەمۆسکۆدا نیشتەجێ بن.

★- داخستنی پەرستگای جوولەکەکان لەمۆسکۆ و بەکارنەهێنانی.

★- بێبەشـــکردنی جوولەکـــەکان لـــەمافی دەنگـدان- یــان خۆپاڵاوتنیـــان لـــەو ئەنجوومـــەنی شـــارەوانیانەی تێیـــدا نیشتەجێن)[1].

**بۆنموونە: عێراق.** لەسـاڵی ١٩٤٨ عێـراق بەشـدار شـەڕی دژی ئیسـرائیل کـرد، لەوکاتــەدا لــەعێراق (١٣٠٠٠٠) هــەزار جوولەکە دەژیان، جوولەکەکان خرانە لیستی قانونی تاوانی عێراقی، بەجۆرێك تاوانێك بوو سزاکەی لەسێدارەدان بـوو، بەوهۆیـــــەوە (١٥٠٠) جوولەکـــــە زینـــــدانیکرانو دوای ئەشـــکەنجەدانیان هـــەموو موڵـــكو ماڵەکـــەیان لێســـتێندرا، لـــەنێوان ســـاڵانی(١٩٤٩- ١٩٥١) ڕێگـــادرا جوولەکـــەکان عێـــراق بـــەجێ بـــێڵێن، بەمـــەرجێك دەســـتبەرداری ڕەگەزنامەکـــەیان بن.

لـــەو پرۆســـەی بـــەناوی (عـــزراو نحامیـــا) (١٠٤٠٠٠) هـــەزار جوولەکـــە دەرکـــرانو (٢٠) هـــەزار جوولەکـــەی دیکـــەش لـــەڕێگای ئێرانـــەوە هـــەڵاتن. لەسـاڵی (١٩٥٢) کـۆچ پێکردنـی جوولەکـــەکان ڕاگـــیرا، لەکاتێکـــدا (٦٠٠٠) هـــەزار جوولەکـــە لەعێراقدا مابوونەوە. جووەکان توشی ستەملێکردنو گـرتن و گۆشـەگیری ئـابووری و نەهامـەتی بوونـەوە، ئیـدی ئـەوان ئاسایشی ژیان و گوزەرانیان خراپبوو. لەحەفتاکانی سەدەی ڕابـردوودا ڕێگایـان پێـدرا بەشـێوەیەکی هـێمنو بێـدەنگ

---

[1]- الیهود تاریخ و عقیدة. تالیف: کامل سعفان. سلسلة کتاب الهلال. سنة ١٩٨١ ص٢١٣ ــ ٢١٤

عێراق جێبهێڵن. یەکەم قانون کەپێشێلی مافی جووەکانی کرد، بریتیبوو لەراستکردنەوەو دارشتنەوەی ماددەی ژمارە (١٢)ی ساڵی (١٩٤٨) کەبووە پاشکۆی ژمارە (١٣)ی ساڵی (١٩٣٨)ی تایبەت بەیاساکانی سزادانی بەغدادی. ئەو قانوونە سەبارەت بەشیوعیەکانو ئاژاوەگێڕیو گێرەشێوێنی بوو. لەماددەی (٨٩)(أ) بەگشتی دەڵێت: (بڵاوکردنەوەی هەموو ئەو شتانەی دەبنەهۆی دزێوکردنو زیانگەیاندن بەحکومەت- یان هەڕەشەن لەسەر سەلامەتی خەڵك، بەتاوان هەژماردەکرێت.)

ئەو ماددە قانونیەی کەلەساڵی (١٩٤٨) دەرچوو، جوولەکەکانیشی خستبووە ناو شیوعییو گێرەشێوێنەکان، بەجۆرێك بانگەشەکردن بۆ جوولەکە وەك تاوانکردن وایەو بەحەوت ساڵ زیندانی حوکم دەدرێت- یان لێستاندنی غەرامەی پارە لەبری.

لەرۆژنامەی نیۆیۆرك تایمزی (١٦/ی ئایاری ساڵی ١٩٤٨) وتارێك بڵاوکرابۆوەو تێیدا نووسرابوو: رێگا بەهیچ کەسێکی جوولەکە نادرێت عێراق جێبهێڵێت ئەگەر بڕی (٢٠٠٠٠) هەزار دۆلار گرنتی پارە- یان مڵك و ماڵ دانەنێت بۆ دڵنیابوون لەگەڕانەوەی. رێگا بەهیچ جوولەکەیەکی بیانیش نادرێت بچێت بۆ عێراق، تەنانەت لێشیەوە رۆیشتنو گەشتکردنیش) لەراستیدا قانوونی ژمارە (١)ی ساڵی (١٩٥٠)ش بەناوی پاشکۆی لێستاندنەوەی رەگەزنامەی

عێراقی، جوولەکەکان لەبوونی ڕەگەزنامەی عێراقی خۆیان بێبەش دەکات، بەجۆرێك دەقی ماددەی (١) دەڵێت: ئەنجوومەنی وەزیران ڕەگەزنامەی عێراقی لەو جوولەکە عێراقیانە دەستێنێتەوە کەبەئارەزووی خۆیان دەیانەوێت عێراق جێبهێڵن.

قانوونی ژمارە (٥)ی ساڵی (١٩٥١)یش دەڵێت: یاسای چاودێری ئیداری ئەو جوولەکانەی ڕەگەزنامەی عێراقیان لێستێندراوەتەوە، بێبەش دەکرێن لەسامانەکەیان. ماددەی (٢) (أ)یش بریتییە لەدەستبەسەرداگرتنی موڵك و ماڵی جوولەکەکان.

دواتر کۆمەڵێك قانوونی دیکە سەبارەت بەدەست بەسەرداگرتنی موڵك و ماڵی ئەو جوولەکانە دەرچوو کەڕەگەزنامەی عێراقیان لێسێندرابۆوە، لەو قانوونانەش: قانوونی ژمارە (١٢)ی ساڵی (١٩٥١)و قانوونی ژمارە (١٦)ی پەیوەست بەقانوونی ژمارە (٦٤)ی ساڵی (١٩٦٧)ی پەیوەندیدار بەخاوەنداریتی پشکی جووەکان لەکۆمپانیا بازرگانیەکان بوو. هەروەها قانوونی ژمارە (١٠)ی ساڵی (١٩٦٨)ی پەیوەست بەدانانی کۆتوبەندی بانکی بوو، لەسەر جوولەکەکان)[١].

لەبەر ئەنجامی شەڕی ساڵی (١٩٦٧) جوولەکەکانی

---

[١]- المصدر: منظمة العدالة لليهود من الدول العربية (موقع جيمينا)

عێراق توشی راوەدونان بوونەوە، حکومەت قەدەغەیکرد هیچ جوولەکەیەك کڕینو فرۆشتن- یان هەر موڵکێك بکڕێتو بەکرێی بگرێت- یان تۆمارکردنو خستنەسەر ناوی هەر موڵكو سامانێکی جوولەکە. جوولەکەکانیان خستنە ژێر چاودێری نیشتەجێبوونی بەزۆر- لەوناوچانەی تێیدا نیشتەجێبوون. هێڵی تەلەفۆنی هەمووماڵەکانیانو شوێنی کارکردنەکەیان بڕین. هەتا سەرەتای ساڵی (١٩٧٩) (١٠٪)ی جوولەکەکان دەستبەسەر بوونو (٤٠٪) ئەو ژمارەیەش لەسێدارەدران.

دیارەت لەو رۆژگارەدا تاکە رێگای هەڵاتنی جوولەکەکانی عێراق لەرێگای کوردستانەوە بوو بۆ ئێران و لەوێشەوە بۆدەرەوە. (شلومۆ نکدیمون) دەڵێت: (لەنێوان مانگەکانی تەمووزو ئابی ساڵی (١٩٧٠) ژمارەی هەڵاتوانی جوولەکە گەیشتە ئەوپەڕی، بەجۆرێك رۆژانە بەگشتی (٥٠) جوولەکە دەرۆیشتن بۆ ئێران)[1].

بۆنموونە: سوریا. لەساڵی (١٩٤٨) دەستکرا بەستەمکردن لەجوولەکەکان. سەرەتا (٥٧) جوولەکە لەشاری قامیلشی کورژان. دواتر بەیانو بڕیار دەرچوون بۆ

---

[1]- الموساد فی العراق ودول الجوا- انهیار الامال الاسرائیلیة والکردیة. تالیف: شلومو نکدیمون. ترجمة: بدر عقیلی. دار القدس- بیروت ١٩٩٧ ص٢٥١

کەمکردنـەوەو نەهێشـتنی مـافی جوولەکـەکان. لەمانـەش: نابـێ هـیچ جوولەکەیـەك فەرمانبـەری حکـومی بێـت. قەدەغـەکردنی فرۆشـتنی موڵـكو ماڵـەکانیان. تەنانـەت ناسنامەی تایبەت بەجووەکان دەرکراو بەخـەتی سوور لێی نووسرابوو (موسی)ویە، یاسایەك دەرچوو رێگری ئـەوەی لێکردن کەوڵات جێبێڵن- یان بەگەشتکردن بڕۆن.

جوولەکـە بـەهاوڵاتی پلـە خـوارێ (پلـە دوو) دانـرانو ناچـارکران سـەرانەی شەخسـی بـدەنو پابەنـدی بنـەمای جیاوازی پێکردنی دیکە بـن، ژمارەی جوولەکە سـوریەکان نزیکـەی (٣٢٠٠٠) کـەس بـوون و (٨٪)ی کـۆی گشـتی دانیشتوانی سوریا بوون.

ئینجـا هۆلۆکـۆسو...هتـد. زۆر نموونـەی دیکـە هـەن سـەبارەت بـەدەمارگیری لەبەرامبـەر جوولەکـەکانو چەوسـاوندنەوەیان. هەرچـەندە جوولەکـەکان پێیانوایـە ئـەوان نەتـەوەی هەڵبـژێردراوی خواوەنـدن- هـەتا ببنـە گـەورەی بوونـەوەری مرۆیـی، چـونکە خواوەنـد لەهـەموو نەتەوەکان بەباشتریان دەزانێت. هیرتـزل دەڵێت: (رەگـەزی ئێمە لەهەموو شتێکدا لەهـەموو نەتـەوەکانی دیکـەی سـەر زەوی باشـترە.) ئـەم گوتانـە تـەنها قسـەنو بانگەشـەی هەسـتکردنن بەسـەرکەوتوویی، لەڕاسـتیدا زانسـتی بەرەوپێشچوونی رەگـەزی مرۆیـی ئـەوەی سـەلماندووە کـە:

(نەمسوڵمانو نەجوولەکە رەگەزێکی تایبەت نین، ئەمانیش هاوشێوەی کاسۆلیكو پرۆتستانتو دانیشتوانی ئایسلاند- یان هندیو ئەو گەلانەی بەزمانی ئینگلیزی دەدوێن- یان هەر زمانێکی دیکە، وەکو یەکتری وانو جیاوازیان نییە)[1]، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا جوولەکە بەدرێژایی مێژووی خۆیان گەلێکی ستەم لێکراون.

مێژووی جوولەکەی کورد لەقوڵایی مێژوودایە، ئەم رەگو ریشە دێرینەی وای لەدووەم سەرۆکی ئیسرائیل (ئیسحاق بن تسفی)کرد بلێت: (رۆڵەکانی ئەو دە تیرەیەی بەهۆی ئەنفالکردنیان لەلایەن ئاشوریەکانەوە گومبوون، ئەوانەن لەچیاکانی کوردستاندا ژیاونو پارێزگاریان لەکلتورێك کردووە تەمەنەکەی (٢٧٠٠) ساڵە.

بەدرێژایی ئەو ساڵانە کەمینەی جوولەکەی کورد لەگەڵ زۆرینەی مسوڵمانی کورددا لەگوندو شارەکان ژیاونو تێکەڵاوی هاوڵاتیانی دیکەی کورد بوون. ئایینی جوولەکەش لەتەك ئایینەکانی دیکەی کوردستاندا بڵاوبۆتەوە، وەك یەزیدیەکانو یارساییو زەردەشتیو مەسیحیو ئیسلام.

---

[1]- دراسة أجراها مجموعة من علماء السلالات البشرية فى عام (١٩٥١) عن الاجناس والتباينات العرقية. مجلة: افاق عربية، عدد يناير سنة ١٩٧٧ ص١٩

# ئامارەکان دەربارەی جوولەکەکانی کوردستان

سەبارەت بەژمارەی جوولەکەی کورد، د. موردەخای زاکین دەڵێت: (پێش ڕۆیشتنەوەیان بۆ ئیسرائیل لەساڵانی (١٩٥١-١٩٥٢) نزیکەی بیستو پێنج هەزار کەس بووەو بەسەر سەد گوندو ژمارەیەك شارو شارۆچکەدا دابەشبوون)١ یەکێك لەسەرچاوە فەرەنسییەکان بەکەڵك وەرگرتن لەئیستۆکلۆپیدیای جوولەکە، بڵاویکردۆتەوە. نزیکەی (٥٠٠٠٠) هەزار جوولەکە، لەدەیان کۆمەڵی لێکدابڕاوی جیاوازی کوردستاندا دەژین.

کۆی گشتی جووەکانی کوردستان لەنێوان (٢٥-٣٠) هەزار کەس بوون. هەرچەندە ئاماری کەم لەبەردەستدان و گومان لەدروستیان هەیە. بۆنموونە: بەپێی ئاماری ڕەسمی ساڵی ١٩٤٧ ژمارەی ئەو جووانەی لەپارێزگای هەولێردا ژیاون (٣١٠٩) کەس. لەپارێزگای کەرکوك ژمارەیان (٤٠٤٢)کەس. لەپارێزگای موسڵ (١٠٣٤٥)کەس. لەپارێزگای سلیمانی(٢٢٧١) کەس و لەپارێزگای دیالەش (٢٨٥١) کەس بوون. بەمەش کۆی گشتی ژمارەی جوولەکەکانی کوردستانی باشوور (٢٢٦١٨) کەس بوون. ئاماری فەرمی ساڵی (١٩٤٨)ی حکومەتی

---

١- سەرچاوەی پێشوتر.

عێراقـی، رایدەگەیـەنێت کەتـەنها (١٩) هـەزار جوولەکـەی کورد لەکوردسـتان دەژیـن. ئەمـە جیاوازییـەکانن سـەبارەت بـــەژمارەی جوولەکـــەکانی کوردســـتان. هـــەروەها هـــیچ ئامـــارێکیش نییـــە ســـەبارەت بـــەو جـــووە کوردانـــەی کەلەوکاتـەدا لـەدەرەوەی وڵات بـوون. سـەبارەت بـەژمارەی جوولەکەکانی کوردستان تـەنها مەزەنـدەو گریمانـەی لێـرەو لەوێمان هەن.

لێکۆڵەرەوەی جوولەکە (یوسف یونیـل ریگین) دەڵێـت: (زۆرترین ژمارەی جوولەکەی کورد لەکوردسـتانی باشـووردا نیشـتەجێبوون. ژمـارەی ئـەو کـوردە جووانـەی سـاڵی ١٩٤٨ لەکوردسـتاندا ژیـاون (٣٠٠٠٠) هـەزار کـەس بـوون. ئەمانـە لەلایەن حکومەتەکانی: عێراق، ئێـران وتورکیـا کـە زاڵبـوون بەســـەر کوردســـتاندا، کۆمـــەڵ کۆمـــەڵ نێردراونـــەوە بـــۆ ئیسرائیل، کە ئەو دەوڵەتە لەو ساڵەدا دامەزراوە.)

بەڵام سەبارەت بەدابەشبوونی جوگرافیایی جووەکانی کوردسـتانی باشـوور، بـەپێی ئامـاری فـەرمی سـاڵانی (١٩٤٧-١٩٥٧) ئێمە لەساڵانی (١٩٢٠)وە دەستپێدەکەین، کەلـەدەزگای ناوەندی سەرژمێری سـەر بەدەسـتەی پلانـدانانی عێراقیـدا هەیە[1].

---

[1]- مجلة: الدراسـات التاريخيـة والحضـارية. المجلد (٦) العـدد (١٨) كـانون الثـانى (٢٠١٤) اليهـود فـى شمـال العـراق. دراسـة تاريخيـة (أ.م.د) سـعد سلمان عبدالله المشهدانى.

**خشتەی ژمارە ( ١ )**

ژمارەی جووەکان لەسەرووی عێراق، بەپێی سەرژمێری حکومەتی بریتانی لەساڵی (١٩٢٠)دا. ناوی پارێزگاو ژمارەی جوولەکەکان.

| | | |
|---|---|---|
| ١ | لیوای موسل | ٧٦٣٩ |
| ٢ | لیوای اربیل | ٤٨٠٠ |
| ٣ | لیوای سلیمانی | ١٠٠٠ |
| | کۆی گشتی | ١٣٤٣٩ |

**خشتەی ژمارە ( ٢ )**

دابەشبوونی جوگرافی ژمارەی جووەکانی سەرووی عێراق، بەپێی سەرژمێری گشتی دانیشتوانی عێراق لەساڵی (١٩٤٧)

ناوی پارێزگا، ناوی قەزا، ناوی ناحیە، ژمارەی جوولەکە:

## لیوای موسڵ

| | | |
|---|---|---|
| ١ | شاری موسڵ | ١٧٣٩ |
| ٢ | قەزای زاخۆ | ٨٠٠ |
| ٣ | ناحیەی سلیفانی | ٦ |
| ٤ | ناحیەی سندی | ٤٩ |
| ٥ | قەزای عەقرە | ٤٧٢ |
| ٦ | ناحیەی سوجیە | ٢٤٧ |
| ٧ | ناحیەی عشائر سەبعە | ١٩٩ |
| ٨ | ناحیەی بیرەکبیر | ٨٦ |
| ٩ | قەزای عمادیە | ٢٠ |
| ١٩ | دەروبەری عمادیە | ٦٢ |
| ١١ | ناحیەی بزوە ریکان | ١١٤ |
| ١٢ | ناحیەی برواری | ١٠٥ |
| ١٣ | قەزای دهۆك | ٦٧٣ |
| ١٤ | دەروبەری دهۆك | ٥٠٢ |
| ١٥ | ناحیەی مزوری | ٧٩ |

## لیوای سلێمانی

| | | |
|---|---|---|
| ١ | شاری سلێمانی | ١٥١٥ |
| ٢ | ناحیەی تانجەرۆ | ١ |
| ٣ | ناحیەی قەرەداغ | ١ |
| ٤ | شاری هەڵەبجە | ٥٨٠ |
| ٥ | ناحیەی خورماڵ | ١ |
| | ناحیەی پێنجووین | ٥٨ |
| | شاری قەڵادزێ | ١٠٤ |
| | پشدەرو دەوروبەری | ١١ |

**لیوای هەولێر**

| | | |
|---|---|---|
| ١ | ناوشاری هەولێر | ١٣٢٠ |
| ٢ | ناحیەی قوشتەپە | ١٣٣ |
| ٣ | ناحیەی شەقڵاوە | ٤٨ |
| ٤ | شاری مەخمور | ٥٩ |
| ٥ | ناحیەی کوپری | ١٥٠ |
| ٦ | ناحیەی کەندینان | ١٤٩ |
| ٧ | ناوشاری رانیە | ١٧٧ |
| ٨ | ناحیەی چناران | ٦ |
| ٩ | ناوشاری کۆیە | ٤٤٠ |
| ١٠ | شاری زیبار ناحیەی مزوری سەروو | ٣٨ |
| ١١ | ناوشاری رەواندوز | ٢٩٥ |
| ١٢ | ناحیەی دیرە حەریر | ١٥١ |
| ١٣ | ناحیەی باڵەك | ٤٢ |

دابەشبوونی جوگرافی: ژمارەی جووەکان لەسەرووی عێراق: دهۆك، هەولێر، سلێمانی. بەپێی سەرژمێری گشتی ساڵی (١٩٥٧)ی عێراقی.

| ز | ناوی پارێزگا | ناوی قەزا | ژمارەی |
|---|---|---|---|
| ١ | پارێزگای موسڵ | ناحیەی شورە | ٢ |
| ٢ | پارێزگای سلێمانی | قەزای هەڵەبجە | ٦ |
| ٣ | پارێزگای سلێمانی | قەزای شارباژێر | ١ |
| ٤ | پارێزگای سلێمانی | قەزای پشدەر | ١ |

دەبینین بەپێی ئەو دوو خشتەی سەرەوە ژمارەی جوولەکەکانی ئەو سێ پارێزگایە لەساڵی (١٩٤٧)دا (١٣٨٣٤) کەس بوون.

زۆربەی هاوڵاتیانی جوولەکە لەشارەکانی عێراقدا ژیاون و ژمارەیەکی کەمیان لەگوندەکاندا بوون. بەڵام دابەشبوونی دانیشتوانی جوولەکە لەهەرێمی کوردستان بەپێی سەرژمێری فەرمی ساڵی (١٩٤٧) لەم خشتەی خوارەوەدا دەخەینەروو.

| رەگەز | شارنشین | گوندنشین |
|---|---|---|
| پیاو | ٥٢٢٢ | ١٣١٢ |
| ژن | ٥٥٢٧ | ١٣٩٦ |

ژمارەی ئەو جوولەکانەی هەتا (١٩٥٤/٥/١٥) لەکوردستان ماون. بەمشێوەیە خوارەوەیە:

| | | |
|---|---|---|
| ١ | هەولێر | ٣١٠٩ |
| ٢ | موسڵ | ١٠٣٤٥ |
| ٣ | سلێمانی | ٢٢٧١ |
| ٤ | کەرکوك | ٤٠٤٢ |
| ٥ | دیاله | ٢٨٥١ |

ئامارێکی دیکه هەیه کەلەساڵی (١٩١٩) کراوەو (ئەرنۆلد ولّسن) ئاماژەی پێدەکاتو دەڵێت: ژمارەی جوولەکەکان لەعێراق (٨٦٤٨٨) هەزار کەس بوون، واتا: لەکۆی گشتی دانیشتوانی عێراق له (٢٦٩٤٢٨٢) کەس بوون، کەواته رێژەی جوولەکەکان لەکۆی گشتی دانیشتوانی عێراق (٢٪) بۆ (٢،٥٪) بووه، لەکاتێکدا بەپێی سەرژمێر بریتانیەکان کەلەساڵی (١٩٢٠) کردوویانه، ژمارەی جوولەکەکانی عێراق (٨٧٤٨٨) کەسبووه.

بەڵام بەپێی گوتەی (بن گورین)ی سەرۆك وەزیرانی ئیسرائیل (١٩٤٨-١٩٥٣) (ژمارەی ئەو جوولەکانەی لەعێراقەوه گەیشتونەته ئیسرائیل نزیکەی (١١٢٤٦٤) کەس بوون)[1].

ئەو لێکۆڵینەوه دیموگرافیانەی (ئابواهام بن یعکوز)

---

[1]- هجرة یهود العراق- الظروف والتاثیرات. تالیف: د.عباس شبلاق. ترجمة: مصطفی نعمان احمد. دار مکتب والوثائق. بغداد ٢٠٠٨ ص١٨٧

پــێش دروســتبوونی دەوڵــەتی ئیســرائیل لەســاڵی (١٩٤٠) ئەنجامیــداوە، دەڵێــت: (١٨٧) کۆمــەڵگای نیشــتەجێبوونی جوولەکـەی کـورد لەکوردسـتانی (گـەورە)دا هـەن (١٤٩) یـان لەکوردســتانی عێراقــە، (١٩) یــان لەکوردســتانی ئێرانــە، (١١)یـان لەکوردسـتانی تورکیایـەو (١١)شـیان لەکوردسـتانی سوریاو شوێنەکانی دیکەیە.

# جووەکانی شاری سلێمانی

شـــاری ســـلێمانی لەســـاڵی (١٧٨٤) وەك پایتـــەختی میرنشـــینی بابانییـــەکان دامـــەزراوە. ئـــەم شـــارە ناوەنـــدی فەرهـــەنگیو نەتـــەوەییو بزوتنـــەوە سیاســـییەکانی کـــورد بووە. بەڵام سـەبارەت بـەژمارەی جوولەکـەکان لـەم شـارەدا (جـیمس ریـچ) لـەکاتی سـەردانیکردنی بـۆ شـاری سـلێمانی لەساڵی (١٩٢٠)دا دەڵێت: (ژمـارەی ماڵـەکانی (٢١٤٤) مـاڵبووەو (٢٠٠٠)یـــان مـــاڵی موســـڵمانان بـــووە. (١٣٠) مـــاڵێش هـــی جوولەکـــەکان. (٩)مـــاڵی کلـــدانی و (٥) ماڵێشـــیان ئەرمـــەن بوون)[1].

لەســـاڵی (١٨٣١) لەلایـــەن ســـوپای ئێرانـــەوە هێرشـــکرایە سەر ئەم پایتەختە جوانو پڕ جموجووڵو زیندووە، ئەمـە بووەهـــۆی وێرانبـــوونی و زۆربـــەی دانیشـــتوانەکەی چـۆڵیانکرد، شـایانی وەبیرهێنانەوەیـە لەهەنـدێك کاتـدا نائارامییـە سیاسییەکان راسـتەوخۆ کاریگـەری کردۆتەسـەر جووەکـانی ئـەم شـارەش، لەبەرئـەوە دەبـوو جووەکـانی

[1]- کلودیــوس جــیمس ریــچ. گەشــتی ریــچ بــۆ کوردســتان. وەرگێڕانــی محمد حمه باقی ،١٩٩٢ل ١٣٨

سـلێمانی بازرگـان‌و پیشـەکارو وەرزێرەکانیـان هەوڵیانـدابا خۆیان بەدووربگرن لەکێشەکان، هەر بۆیـەش ژمـارەی ماڵـە جووەکان کەمبۆتەوە بۆ نیوە.

(لیـدلاما) دەڵێـت: (ژمـارەی دانیشـتوانی سـلێمانی گەیشتبۆ (٦٠٤٥) خێزان، کە(٦٠٠٠) هـەزاریان مـاڵی موسـڵمان بوون‌و (٣٠) خێزانیشیان گاورو (١٥) خێزانیشیان جوو بوون. بـەهۆ کاریگـەری ئەمـەوە ئـەم شـارە لـەڕووی ئاوەدانییـەوە پێشـکەوتووەو جموجـووڵی بازرگـانی‌و ئەنـدازیاری تێـدا گەشەیکردووە.)

بـەپێی سـەرژمێری سـاڵی (١٨٣٠) ژمـارەی دانیشـتوانی شـاری سـلێمانی (١٠٠٠٠) هـەزار کـەس بـووە، بـەڵام لەسـاڵی (١٩١٤) گەیشـتۆتە نزیکـەی (٢٠) هـەزار کـەس. ئـەم ڕێژەیـە زۆر لەراسـتییەوە نزیکـە. (سـی جـی ئـەدمۆنز) دەڵێـت: (ژمارەی دانیشتوانی سلێمانی تەنها (١٠٠٠٠) دە هەزار کەس بـووە، (٩) نـۆ هـەزاریان کـوردی موسـڵمان بـوون‌و (٧٥٠) کەسیشیان جوولەکەو (٢٥٠) کەسیشیان گاورو کلدانی بوون. بـەڵام لەسـاڵی (١٨٢٠) دوای تێپـەڕبوونی (٣٦) سـاڵ بەسـەر دامەزراندنی شـاری سـلێمانی ژمـارەی دانیشـتوانی گەیشـتە (١٥٠٠٠) هەزار کەس.

واتـا: دوو هـەزار ماڵیـان کـوردی موسـڵمانی تێـدا نیشـتەجیبوون و (١٣٠) مـاڵی جوولەکـەو (٩) مالیشـی گـاوربوون، لێـرەوە توانیمـان ژمـارەی ئـەو جوولەکانـەی

لەشـاری سـلێمانیدا نیشـتەجێبوون بخەینـەڕوو، ئەمـەش بەهۆی پێگەی ستراتیژیو جووگرافیای ئـەو شـارەوە بـووە، لـەڕووی بازرگانییـەوە جوولەکـەکان بـەردەوام بـەدوای شـوێنو پێگـەی ئـاوادا گـەڕاون کەگەشـەکردنی بازرگـانیو ئابووی لێبێت.

شـوێنی نیشـتەجێبوونی جوولەکـەکان لەسـلێمانی کـەوتبووە شـوێنێك پێیـان دەگـوت: (شـێخ عـەباس) ئـەو شـوێنە دەکەوێتـە بەرامبـەر (هلۆبـە) جووەکـان هـەر لەسەردەمی عوسمانیەکانـەوە لەوگەڕەکـەدا نیشـتەجێبوون، ئەو ناوچەیە بـەدیاریکراوەی دەکەوێتـە بـاکوری خۆرئـاوای سلێمانیو نزیك ناوچەی (سەرشەقام)

لێـرەوە ئـەوەشمان بـۆ روونـدەبێتـەوە جووەکـان هەوڵیانداوە کەمێك خۆیـان لەدانیشـتوانی شـارەکە بـەدوور بگـرن، بـەجۆرێك نەیانویسـتووە تێکـەڵاویان بـن، لەترسـی کێشەو تێوەگلان، هەربۆیەش ئەو شوێنەی شاری سلێمانیان هەڵبـژاردووە. ئەوانـە بـۆ کڕینـی پێداویسـتیەکانیان کـەمتر چوون بـۆ بـازاڕ، چـونکە زۆربـەی ئـەو شـتانەی پێویسـتیان بـووە لەگەڕەکەکەیانـدا هـەبووە، وەك: چێشـتخانەو چایخانەو دووکانو...هتد.

جوولەکـەکان هـەتا سـاڵی (١٩٣٠) موختـارێکی تایبـەت بەگەڕەکی خۆیـان هـەبوو بـەناوی (دانیـاڵ شـەمعون) دواتـر کەسێکی دیکە بـەناوی (سوشـی) بۆتـە جێگـرەوەی ئەمـەی

دواییــان کەســێکی ناســرابووە. هــەروەها زۆر جوولەکــەی دیکـەش ناسـرابوون، وەك: رۆفایـلو یـەعقوب، ئـەم دووانـە دووکــانی زەرەنگــەریان لەشــەقامی مەولــەوی هــەبووە. هەندێك کەسی کۆڵبەریش (حەمباڵ) هەبوون بەناوەکانی: نــووری ســبحانە، رۆبــین، نالیــاو، داود ســفر. شــایانی باســە جوولەکــەکان لەناوچــەکانی دەرەوەی شــاری ســلێمانیش نیشتەجێبوون، لەمانەش: قەڵاچوالان، بێتواتەو هەورامانو پێنجوین و...هتد. ئەو جوولەکانە چەندین سەدە لەگەڵ برا کوردە مسوڵمانەکانیان بەئاشتی و ئارامی ژیاونو تەواو سەربەســت بــوون لــە جێبــەجێکردنی پــەیڕەو ســروتە ئایینیەکانیانو ژیانی خۆیان.

پێش چەند دەهـەیەکی رابـردوو جوولەکە ئایینێك بوو لەناو کۆمـەڵگای کوردیـداو بـاوەڕداری زۆری هـەبوون، بـەڵام ئیدی بوون بەچیرۆکی رابردووی کلتوریو تەنها شوێنەواری وێرانــەو یادەورەیــەکانیان جێمــاون. جووەکــان لەگــەڵ بــرا کــوردە موســلمانەکانی شــاری ســلێمانی بەئاشــتی ژیــاون، کەسایەتی ئـایینی دیـاری موسـڵمان (کاك ئەحمـەدی شـێخ) یەکێك بـووە لەوکەسـانەی رێزێکی تایبـەتی بـۆ جووەکـانی سلێمانی داناوە،

خـەڵکی سـلێمانی سـووربوون لەسـەرئەوەی بـاوەش بـۆ برا جوولەکەکانیانو ئایینـەکانی دیکە بکەنـەوە، بۆئـەوەی یاریــدەدەرو هاوکــاری یــەکتریبن لــەرۆژگارە ســەختو ناخۆشەکاندا).

بەپێی گوتەی مامۆستا کەریمی زەند: (زۆرترین ڕێژەی دانیشتوانی شاری سلێمانی دوای موسڵمانەکان، جوولەکەکان بوون)[1]

**لەرووی ئابوورییەوە:**

سەبارەت بەباری ئابووری جووەکانی سلێمانی، گوزەرانیان لەبرا جووەکانی دیکەی عێراق باشتر بووە.

لەپارێزگای سلێمانیدا پیشەوەرەکانی لەشارو گوندەکاندا ژیاون، هەرچەندە پیشەکارەکانی شاری سلێمانی بەپێچەوانەی شارەکانی دیکە، تەنها جووەکان نەبوون، کوردە مسوڵمانەکانو گاورەکانیش کاری پیشەیی‌و دەستیان کردووە، بەڵام ئەمە لەڕۆڵی کاری دەستی جووەکان کەم ناکاتەوە. خێزانی جوولەکە هەبوون لەبواری چنین‌و خومچیەتی‌و دروستکردنی پێڵاو...تاد، کاریانکردووە. بەمجۆرە جووەکان‌و گاورەکان لەسلێمانی هەمان پێگەی ئەرمەنیەکانیان لەناو کۆمەڵگای کوردی خۆرهەڵاتی کوردستان داگیرکردووە، هەرچەندە شاری سلێمانی تازە دروستکراو بووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا

---

[1]- کەریمی زەند، گەلی جوولەکە. گۆڤاری یەکێتی مافناسانی کوردستان- لقی سلێمانی. ساڵی دووەم. هاوینی ١٩٩٨ ژمارە ١٣ ل٧٣

لەماوەیـــەکی کەمــدا بــووە بەشــارێکی بازرگــانی، چــونکە پێگەیەکی جوگرافی باشـی هـەبووەو لەناوچـەکانی دیکـەو گوندو شارۆچـکەکانەوە خـەڵك بەروبوومـەکانیان هێنـاون و لەوێ فرۆشتویانەو دواتر پێداویستییەکانی خۆیان کڕیـوەو بردویانەتەوە.

لەو سەردەمەدا سلێمانی بووەتە ناوەندێکی بازرگانیو ئـابووری گـرنگ، بـەڵام جوولەکـە بازرگانـەکانی سـلێمانی خــــەریکی کــــاری زەرەنگـــــەری بـــــوونو هونـــــەریان لەدروســـتکردنو شــێوەی خشــڵدا بــەکارهێناوە، ئەوانــە لەهەوڵدابوون دەستبەسەر بازرگانی پیشەیدا بگرن.

ئــەکرەمی ســالحی رەشــە. دەڵێــت: (بــەناوبانگترین زەرەنگــەرو زیوگــەر کەســێك بــوو بــەناوی رۆفائیــل، دووکانەکـــەی لەشـــەقامی مەولـــەوی بـــووە، بـــەڵام زەرەنگەرەکانی دیکە دووکانەکانیان لای کۆڵانێکی گەڕەکی ئەحمەدیە بووە. (واتا: بەرامبەر حەوزە وشـکەکەی ئێسـتا) ئەمانـە دووکانـەکانیان بـەزێرو زیـو دەڕازانـدەوە، نەخشـی جـوانی پیشــەکاری بەدروســتکردنی زێــرو زیوەکانیانــەوە دیاربوو).

هەروەها جووەکان کاری دیکەی وەك: کڕینو فرۆشتنی کەلوپــەلی بازرگــانیو قەســابی و کەبابچـیەتی و... هیتریــان، دەکــرد. جووەکــانی ســلێمانی شــتەکانی خۆیــان هــەرزانتر

دەفرۆشــت، ئەمــەش بۆئــەوەی بــەقازانجێکی کــەمترو فرۆشــتنی زووتــر بێــت. ئــەوان چاوچــنۆك نــەبوون، زۆر لەکوردە موسڵمانەکان بازرگانیو پیشەکاری و هونـەرەکانی، لەسەردەســتی جوولەکــەکان فێربــوون. لەگــەڵ ئەوەشــدا ئەوانــە لەپێکهاتــەکانی دیکــەی خــەڵکی ســلێمانی دەوڵەمەندتر بـوون، دەڵێن کەسێکی جوولەکە هـەبووە لـە (کەریمی عەلەکە) دەوڵەمەندتر.

**لەڕووی سیاسییەوە:**

لەپرۆسەی دووبارە دارشتنەوەی نەخشـەی ناوچەکە، دوای جەنگی یەکەمی جیهانی، بریتانیا بۆماوەی (٢٥) ساڵ دەسەڵاتدارێتی خۆی بەسەر عێراقدا سەپاند، ساڵی (١٩٢١) فەیســەڵی یەکــەم بــوو بەپاشــای عێــراق، بــەڵام لەگــەڵ ئەوەشــدا دەســەڵاتدارێتی بریتانیــا کاریگــەری خــۆی هــەرمابوو، عێــراق کــرا بەچــەند پارێزگایــەك (لیــوا)و هەریەکەیان پارێزگاری خۆی هەبوو، شارەکانیش (قەزاکان) قائیمقــامو ناحیــەکانیش بەڕێوەبــەری ناحیــەیان هــەبوو. پارێزگاکــانی کــوردی بــریتی بــوون لــە: موســڵو دیالــەو کـەرکوكو هـەولێرو سلێمانی. ناوەنـدی دەسـەڵات بەغـداد بــوو، پەرلــەمان کۆبوونــەوەکانی خــۆی ئەنجامــدەدان. (هـاملتون) دەڵێـت: (ئـەم پەرلەمانـە وەك دەڵـێن لـەڕێگای دەنگدانــەوە هەڵبــژێردرابوو، حکومەتەکــە حکومــەتی

نەتەوەپەرســـتەكانی عـــەرەب بـــوو، دژی سیاســـەتەكانی بریتانیـــا بـــوون، هـــەروەك چـــۆن دوژمنـــی كـــوردو مەســیحیەكانیش بــوون. سیاســەتەكانی ئەمانــە قبــوڵی بەرەوپێشچـوونی ئاشـتیانەی وڵاتیـان نـەدەكردو بـەردەوام لەشــێواویدا بــوو، لــەبری ئــەوەی وزەو تواناكــانی وڵات و بنیاتنانی ئابووریەكی باش بێت، خەریكی دەستەبەركردنی سیاسەتی نەتەوەپەرستی بوو)[1].

ئـەم لێكۆڵینـەوەی ئێمـە رەخنـەگرتن نییـە لـەخراپی سیاسەتەكانی بریتانیا لـەعێراق، بۆیـە تـەنها دەڵێین: دوای ئـەوەی عێـراق لەسـاڵی (١٩٣٢) بـوو بەئەنـدام لـەرێكخراوی لەكۆمەڵی نەتەوەكان، بریتانیا كاتێكی گونجاوی بـۆ رەخسـا دەستبەرداری دەسەڵاتدارێتی خۆی بێت لەعێراق.

دروسـتكردنی دەوڵـەتی عـەرەبی لـەعێراق و شانشـینی فەیسەڵی یەكەم، بووەهۆی نائومێدیـەكی زۆری گـەلی كـورد، كەهەوڵیانـدەدا سـەربەخۆی سیاسـی بەدەسـت بێـنن، بـەڵام لەگـەڵ ئەمانەشـدا ئـەو راپۆرتانـە ئاشـكرابووە كەلەلایـەن (ویلیـام .ر. هـایو هـاملتون، ور.و ئـیس سـتافورد) لەسـەر كوردســـتان نووســـراونو دەڵـــێن: (هێـــزی ســـەركردە عەشایەریەكان بەبێ هۆكارێكی لۆژیك هەرەسیان هێنـا، ئـەو

---

[1]- هاملتون: طریق الی كردستان. ترجمة: جـرجیس فـتح الله. مطبعة الدار الجاحظ ـ بغداد ١٩٧٣ص٢٩١ ـ ٢٩٢

خۆپیشـــاندانانەی لەوماوەیـــەدا روویانـــدا گەواهیـــدەری ئەمـــەن، بـــەڵام شکســـتخواردویی کـــورد لەگرتنـــە دەســـتی پێگەی بەهێز، دەگەڕێتەوە بۆ نـەبوونی یـەك ریزیەکـەیان. ئەگـــەر کوردەکـــان یـــەکگرتووەبان لـــەپاڵ ئـــەو پێگـــە ســـتراتیژیەیان لـــەناو ســـوپای عێراقیـــدا- وەك هێزێکـــی ســـەربازی، ئـــەوا دەبوونـــە هێزێـــك حســـابیان بـــۆدەکرا، بـــۆ جەختکردنـــەوەش لەســـەر ئـــەوەی دەیڵـــێین تـــەنها هێـــزی ئاسمانی توانی بارو دوخەکە بگۆڕێت، ئەمـەش راستییەکە کوردەکان خۆشیان دەیزانن‌و بۆیان ئاشکرابووە).

لێـرەدا مەبەسـتمان لەوەیـە بڵـێین: لەهـەمان رۆژگـاردا گـەلی جوولەکـە تـوانی ئـەو هەلـە مێژووییـە بقۆزێتـەوەو خەونی دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیلی بێنێتەدی.

باواز لەو مێژووە تاقەت پرۆکێنە بێنین کە بەدرێـژایی رۆژگـــاران بەســـەر گـــەلی کـــوردو جوولەکـــەدا هـــاتووە. بابگەڕێینـــەوە سەرباســـی دابەشـــبوونی جوولەکـــەکان لەکوردســـتانی باشـــوور. لەناوەڕاســـتی ســـەدەی بیســـتەمدا نزیکـەی (١٠٠) گونـدو شارۆچـکەی کوردسـتان (٢٥) هـەزار جوولەکـەی تێـدا نیشـتەجێ بـوون، ئەمانـە لەئاسایشـی ئەواودا ژیاون.

پەیوەندی نێوان مسوڵمانەکانی سلێمانی‌و جوولەکەکان لەسەر ئاستی فەرمی‌و جەماوەری زۆر باشبووە، بـەجۆرێك هـــیچ شـــتێك ریزەکانیـــانی تێکنـــەداوەو ئـــەو جووانـــە

پەیوەندی جێگیریان لەگەڵ هەموو دانیشتوانی شارەکەدا هەبووە. ئەو نەهامەتی و تەنگو چەڵەمانەی لەماوەیەکی مێژوویدا بەسەر سلێمانیو کوردستاندا هاتووە، جیاوازی لەنێوان مسوڵمانو جوولەکەو گاورەکاندا نەکردووە.

ئاشکرایە جوولەکە بەدرێژایی مێژووی خۆیان بەهەموو لایەکی دنیادا پەرتەوازە بوونو لەهەر وڵاتێکدا کەمینەیەکیان لەدانیشتوانەکەی پێکهێناوەو لەلایەن خەڵکە رەسەنەکانی ئەو وڵاتانە بەچاوی دوژمنکارانەو دزێو سەیریانکراوە، بۆیە ئەو جوولەکانەماڵو گەڕەکەکانیان پارێزراو نەبووەو هەراسانکراون، بەڵام جووەکانی کوردستان جیاوازبوون لەجووەکانی دیکەی دنیا- لەڕووی ئاسایشو ئارامییەوە، کوردەکان زۆر رێزیان لێگرتوونو رێزیان لەئایینەکەشیان گرتووە.

نووسەری جوولەکە (ساسون) دەڵێت: (لاپەڕەکانی مێژووی گەلی جوولەکە نیشاندەری ئەوەن لەوڵاتاندا جوولەکەکان دەرکراونو ئازار دراون، بەڵام بەپێی مێژوو و سەرچاوەکانی جوولەکە: کوردەکان یەکێکبوون لەو نەتەوانەی رێزو سۆزیان بۆ جوولەکەکان هەبووەو بەچاوی کەم سەیریان نەکردوون- یان وەك بێگانە لەوڵاتەکەیاندا، بەڵکو وەك هاوڵاتیەکی بەشدار

لەنیشتمانەکەیان سەیریان کردوون)[1]

بۆ جەختکردنەوە لەسەر ئەم ڕایە، مێژوونووسی بەناوبانگ کەریم زەند دەڵێت: (جووەکان نیشتمان پەروەربوونو ئەو شوێنەیان خۆشەویستووە کەتێدا گەورەبوون، ئەوانە ڕۆحی نەتەوەیی کوردیان هەبووە)[2].

بۆنموونە: سەبارەت بەهەڵوێستی سیاسییان لەبەرامبەر کورددا، ئایا: هەڵوێستی جوولەکەکان هاوسەنگ بووە لەگەڵ بەرژەوەندیەکانی کورد لەشۆڕشو ڕاپەڕینەکانیاندا؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە دەتوانین شۆڕشی شێخ مەحمود بەنموونە وەربگرین. کاتێک سەرکردەی شۆڕش لەشاری پێنجووین بووە، کۆمەڵێك کەسایەتی جوولەکە سەردانیان کردووەو پێیان گوتووە: ئێمە بۆیە بۆ ئێرە هاتووین هەتا ئەوەت بۆ ڕوونبکەینەوە کەخۆمان بەکورد دەزانینو بەچەكو پارەو خواردەمەنی یارمەتیتان دەدەین، بەڵام داوا لەبەڕێزتان دەکەین پێشمەرگەکانت ئاگادار بکەینەوە ڕێگا بەکەس نەدەن دەستدرێژی بکاتەسەر خۆمانو ملكوماڵمان. لەبەرامبەردا

---

[1]- جوولەکەی کورد لەئیسرائیل. گۆڤاری مامۆستای کورد.ژمارە ١٩ ل٢٠

[2]- چاوپێکەوتن لەگەڵ مێژوونووسی بەناوبانگ: کەریم زەند (١٩٩٩/٣/١٥)

شێخ مەحمود گوتویەتی: بەرێزان ئێمە هەمیشە ئامادەین پارێزگاریتان لێبکەین، هەرچەندە دینەکەشمان جیاوازە، بەڵام لەڕووی مرۆڤایەتیەوە ئێمە خۆمان بەدۆستی ئێوە دەزانین. لەبەرئەوە فەرمان دەردەکەم جەنگاوەرەکانم بەوپەڕی باشی مامەڵەتان لەگەڵدا بکەن و پارێزگاریتان لێبکەن.

یەکێك لەو بڕیارە گرنگانەی شێخ مەحمود دەربارەی پاراستنی خانوو وماڵی جوولەکەکان دەریکرد، ئەوەبوو: قەدەغەیە هەر کەسێك دەست ببات بۆ سەروماڵی جووەکان، ئەمەش بووە هۆی دڵنیابوونەوەیان.

حزبی شیوعی عێراق لەساڵی (١٩٣٤) بەبیرۆکەی تازەوە دامەزرا، کۆمەڵێك جوولەکە لەدامەزراندنیدا بەشداربوون، لەمانەش: ساسۆن، دەلالی ناجی سمایل، سدیق یەهوزا. دوای لەسێدارەدرانی ئەمانە سەرکردایەتی حزب کەوتە دەست (یەهوزا فەراج سدیق) ناوبراو بەبەشداری هەندێك تێکۆشەری کوردی وەك: عەزیز محمەدو موکەررەم تاڵەبانی... توانرا حزبی شیوعی کوردستانی دابمەزرێنن)[1].

لێرەوە رێکخستنی سیاسی لەکوردستان دەستی پێکردو

---

[1]- صادق حسن السودانی. النشاط الصهیونی فی عراق (١٩١٤ـ١٩٥٢) الطبعة الثانیة. بغداد ١٩٦٨ ص٢٩

بەشـێکی زۆری جووەکـان سـۆزیان بـۆ ئـەو حزبـە هـەبوو، زۆرشیان پەیوەنـدیان پێـوەکرد. لـەکاتێکا سیاسـەتی حزبـی شـیوعی سـوریا لەبەرامبـەر جووەکـان تـەواو پێچـەوانەی سیاسەتەکانی حزبی شیوعی عێراقی بوو. (خالید بەکداش) پێی وابوو هەموو جوولەکەکانی دنیا خۆفرۆشن و نابێ بـبن بەئەنـدامی حزبـی بەشـیوعی. لەبـەر ئەمـە حزبـی شـیوعی سوری هیچ جوولەکەیەکی لەڕیزەکانی خـۆی وەرنـەدەگرت. تەنانـەت (بەکـداش) ئەوەنـدە زیـادەڕەوی کـرد- گەیشـتە ئاستی ئەوەی (مـارکس)یش بـەوە تاوانباربکات کەئـەم ئـەو هەڵوێسـتەی لەبەرامبـەر جوولەکـەکانی دنیـادا وەرگرتـووە. ئـەو وتـارەی وەرگێڕایـە سـەر زمـانی عـەرەبی کـە (کـارڵ مارکس) پێش ئـەوەی ببێتـە مارکسیسـتی دۆزی جوولەکـەی ئاوا گەورە کردووە.

غەفور مـیرزا کـەریم، دەڵێت: (لەسـاڵی ١٩٤٦ قوتابیـەکی جوولەکـە هـەبوو لـەپۆلی پێنجـی ئامـادەیی بـوو بـەناوی: یەعقوب عەبدوڵڵا. نـاوبراو لێپرسـراوی حزبـی شـیوعی بـوو لەسـلێمانی)[١]. هـەروەها ئـافرەتێکێش هـەبوو بـەناوی (حەنیفـە هـارون زلـەیخا)و ئـەو لێپرسـراوی ڕێکخسـتنی ئافرەتـان بـوو لەسـلێمانی، کەسـێکی دیـاری وەك: (خواجـە

---

[١]- ئەکرەمی سالح ڕەشە. جوولەکـەکانی سلێمانی. ڕۆژنامـەی سـلین. ژمارەکانی ١١-١٢ شارەوانی سلێمانی. حوزەیرانی ٢٠١٠ ل ٤

سـەعید ئیسـحاق)یش هـەبوو کەکەسـایەتیەکی بـەهێزی هەبوو، ئەوەندە قسەزان بوو بەئاسانی دەیتوانی قەناعـەت بە بەرامبەرەکەی بکات.

کاتێـك لـەرادیۆی ئیسـرائیلەوە هـەواڵی مردنـی شـێخ مـەحمود راگەێنـدرا، بووەهـۆی خـەمو پـەژارەێکی زۆرو جووەکانی سلێمانی پرسەو دڵتەنگی خۆیان بۆکەسو کاری نـاوبراوو گـەلی کـورد راگەیانـد. بۆیـە دەتـوانین بڵـێین جووەکانی سلێمانی و کوردستان بەگشتی، بەشداری هـەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیو سیاسی و...هیتریان کردووە، رۆڵی گەورەیان لەژیانی کۆمەڵایەتیو سیاسیدا هەبووە.

**لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە:**

پەیوەنـدی نێـوان مسـوڵمانانو گـاورو جووەکـان تـەنها بەهۆی بیڕوباوەڕی ئایینیـەوە دروسـت نـەبووە، بـەڵکو ئـەو بارودۆخـە مێژووییانـەی کەتێیـدا ژیـاون کاریگـەری خۆیـان هــەبووە، لەبەرئــەنجامی ئەمــەوە مێــژوو بۆتــە بناغــەی تێگەیشـتنی ئـایینی و دیـاریکردنی ئـەوەی کـێ موسـڵمانە - یـان جوولەکەیـە- یـان گـاورە، ئەمـە لەهـەموو قۆنـاغێکی مێژوویدا گۆڕانکاری بەسـەردا دێـت، بـەجۆرێك هەنـدێکجار تــەنها ئامــاژە بەچــۆنێتی سیاســی- یــان ئــابووری- یــان کۆمەڵایــەتی دیــاریکراو دەکرێــت. بــۆ لێکدانــەوەی پەیوەندیەکانی نێوان کوردو جووەکانیش بریتییە لەدانانی

بیرۆکەو هەڵسوکەوت لەچوارچێوەی جوگرافیای رۆژگارێکی دیاریکراو.

تێڕوانینی رابردوو کاریگەری بەهێزی لەسەر هەموو ئایینەکان جێهیشتووە، شایانی وەبیرهێنانەوەیە بەهۆی تێکەڵاوی مێژوویی نێوان کوردو جوولەکەو مەسیحیەکان، هەریەکەیان کاریگەریان لەسەر ئەوانی دیکە جێهێشتووە، ئەمەش وایکردووە بەزەحمەت وێنای ئایینێك بکرێت، بەبێ کاریگەری ئەو دوو ئایینەی دیکە لەسەری. جوولەکەکان پێش هاتنی ئیسلام لەگەڵ کوردو ئەرمەنیو سریانیەکان لەناوچەی سلێمانیدا ژیاون، ئەوکاتەی شاری سلێمانیش دروستکراوە، جوولەکەو مەسیحیەکان هاتوون لەو شارە تازەیەدا نیشتەجێبوون. بەپێی خستنەڕووی بارودۆخی جووەکان لەم شارە، دەتوانین بڵێین پەیوەندی نێوان کوردو جوولەکە لەوپەڕی باشیدابووە.

جووەکانی سلێمانی منداڵەکانیان ناردوونە قوتابخانەی منداڵانی کورد، چونکە لەو قوتابخانانەدا هەستیان بەسەربەستیو رێزداری خۆیان کردووە، هەروەها لەڕووی جێبەجێکردنی سرووتو نەریتە ئایینیەکەیان هەستیان بەهیچ هەراسانکردنێك نەکردووە، بەجۆرێك بەوپەڕی ئازادانە جەژنە ئایینیەکانیان کردوونو هیچ لەمپەڕێکیان بۆ دروست نەکراوە.

(هەندێك کورد بنەچەی خۆیان دەگێڕنەوە بۆ

جوولەکە، ئەوەی نەنکی جوولەکە بووبێت ئەوا لەپشتی دایکیەوە، بەجوولەکە هەژمار دەکرێت)[1].

بەپێی ئەو دابو نەریتانەی جوولەکەکانی سلێمانی ئەنجامیانداوە، رەچەڵەکەکەیان دەگێڕنەوە بۆ(١٠) تیرەکەی ئیسرائیل- بۆ تیرەی بنیامین، مەزهەبەکەشیان بابەویە. جووەکان لەگوندو شارو شارۆچکەکانی سلێمانیش نیشتەجێبوون و بەزمانی ئارامی دواون و توانیویانە پارێزگاری لەکلتورو زمانو دابو نەریتی تایبەت بەخۆیان بکەن. لەوانەیە ئەو بارودۆخە مەینەتباریەی بەسەر جووەکاندا هاتووە، هۆکار بووبێت بۆ لێکنزیك بوونەوە لەنێوان خۆیاندا.

کاتێك جوولەکەکان لەکوردستانەوە رۆیشتنەوە بۆ ئیسرائیل، خانوو، شتەکانیان بەنرخێکی هەرزان فرۆشت، لەدوای ماڵئاوایکردنی ئەو میوانانەی کە (٢٨٠٠) ساڵ لەگەڵماندا ژیان، خەڵکی سلێمانی بۆیان پەرۆشبوون، وەك چۆن ئەوانیش دڵتەنگ بوون، بەڵام گرنگترین شت لای ئەوان بەدیهاتنی ئەو خەونەبوو کەهەزاران ساڵبوو خولیای بوون، ئەویش گەڕانەوەیانبوو بۆ خاکی نیشتمانەکەیان.

---

[1]- چاوپێکەوتن لەگەڵ مامۆستا کەریمی زەند (١٥-/٣/١٩٩٨).

## فەرهەنگ و داب

بەدڵنیاییــەوە ژیــانی شارســتانی هــەموو کەســێك پشتبەســەتە بــەهاوکاری مــاددیو مەعنــەوی لــەپێناو باشترکردنو بەرەوپێشەوەبردنی بۆ باشتر. گەلی جوولەکە کۆمەڵەیەکی ئەتنیکین- زیاتر لەوەی کۆمەڵێکی ئایینی بن.

رێنـوێنی جوولەکـەکان بۆئەوانـەی بـاوەڕی پێـدەهێنن بریتییــە لەبەجێگەیانــدنی ئەرکــەکانی، دواجــاریش وەك دەڵێن تەنها ئایین نییە، بـەڵکو شـێوازی ژیانیشـە. ئەمـەش وادەکـات بەسـەختی بتوانرێـت بەرهـەمی فەرهـەنگی گـەلی جوولەکە لەگـەڵ فەرهـەنگی جووێتیـدا لێـك جیابکرێتـەوە. دابەشــکردنی ئـایینو فەرهـەنگی ئـەوان سـەختە. هـەموو باوەڕدارێکیـان هـەڵگری مـۆرکی فەرهـەنگی تیرەکەیـەتیو هــەموو هەڵســوکەوتێکی ئــایینی پەرســتگاکان پڕیــەتی لــەباوەڕو خۆیــان لەخۆیانــدا ناوەنــدێکی فەرهــەنگی جوولەکــەن. زۆر لــەدابو نەریتــەکان لەگەوهەرەکەیانــدا بریتین لەلایەنی فەرهەنگی.

فەرهەنگی جوولەکە لەکوردستان بەمجۆرەیەو ئەمـەش هۆکـارە بـۆ بەشـداریکردنی جووەکـان لـەژیانی مـەدەنیو

شارسـتانی لەگـەڵ بـرا کـوردە مسـوڵمانەکانیاندا. کاتێـک جووەکـانی شـاری سـلێمانی ڕۆیشـتن، دوای خۆیـان گەڕەکـە جووانەکـەیان جێهێشـتو تائێسـتاش هـەر دیـارو بەرچـاوە، بووەتـە شـوێنەوارێکی فولکـۆری جـوانو خـەڵك شـانازی پێوەدەکەن، بـەهۆی بەرەوپێشچوونی ژیـان لـەو ڕۆژگـارەدا، ئیـدی پـەروەردەو فێرکـردن وەك خوێندنـەوەو نووسـین، بـووە بەیـەکێك لەشـتە گرنگـەکانی ژیـان- بـۆ شانبەشـان ڕۆیشتن لەگـەڵ پێشـکەوتنەکانی سـەردەمدا. جوولەکـەکانی سـلێمانی گرنگیـان بەخوێنـدنی منداڵـەکان لەقوتابخانـەکان داوە، نـزیکترین قوتابخانــە لەگەڕەکەکــەیان قوتابخانــەی ئەیوبیە بووە.

هــەموو منداڵــەکانیان لــەو قوتابخانــە خوێندوویانــە. هەموو هەفتەیـەك ڕۆشـنبیرانی جوولەکە چوون سـەردانی (مالومیان) کردووەو ئـەو ئاموژگـاری کـردوون کێشـە لەگـەڵ مسـوڵمانەکاندا دروسـتنەکەنو کـەمتر تێکـەڵاویان بـن. (جووەکـانی سـلێمانی هاوکـاریکردنێکی بـەهێزیان لـەنێوان خۆیانـدا هـەبووە، هەنـدێك ڕۆشـنبیری دیاریـان هـەبوونو ناوەنـدێکی ئایینیـان هـەبووە بـەناوی (ئیسـحاق مـیر) بـۆ پرسیارکردنی ئایینیو ڕێنمایکردن، چوون بۆلای ناوبراو)[1].

---

[1]- ئەکرەمی سالح رەش. جوولەکەکان لەسلێمانی. گۆڤاری سلێمانی. ژمارە (١١) حوزەیرانی ٢٠٠١ ل ٣٩

جووەکانی سلێمانی دەوڵەمەند بوونو لەدروستکردنیو شێوازی زەرەنگەریو زیوو بازرگانیو....هیتر، دەستەباڵا بوون. خانووەکانیان بەشێوازی جوان دروستکردووە، کەلەو سەردەمدا لای مسوڵمانەکان تازەبووەو خەڵکی ئەم شارە کەڵکی زۆریان لەبیرۆکەو کارە هونەریو پیشەییەکانی ئەوان وەرگرتووە، بەڵام لەڕووی فەرهەنگییەوە جووەکانی سلێمانی توانیویانە خوێندنگاو شوێنی تایبەت بەخۆریان دروستبکەن. هەروەها توانیویانە بەشێوەیەکی ئاشکراو بەبێ هیچ کۆتو بەندێك لەلایەن مسوڵمانە کوردەکانەوە، پارێزگاری لەفەرهەنگو رەوشی ئایینی خۆیان بکەن.

ئەو ناوەندە فێرکاریانەش لەزۆر شوێنی دەرەوەی شاری سلێمانیش هەبوون. جوولەکەکان گرنگی تایبەتیان بەگۆرانی و مۆسیقا داوە، خاتونێکی گۆرانیبێژی بەناوبانگیان هەبووە بەناوی (بەهێ ئیبراهیم) ئەو خاتوونە خاوەنی دەنگێکی سازو دڵڕفێن بووە، جووەکانی سلێمانی شانازیان پێوەکردووە. دوو خوشکیش هەبوون بەناوەکانی (خوخیە موشیو ماریا موشی) ئەم دووانەش دەنگێکی خۆشیان لەگۆرانی گوتندا هەبووە، ئەوانە بەناوی (نازدار فەرهادو ئەسمەر فەرهاد) گۆرانیان بۆ کوردەکانی بەغداد چڕیوەو بەگوتنی دوو گۆرانی ناوبانگیان دەرکردووە، ئەوانیش: وەك قومری سەربالّم شینەو ئامینێ و نازەنینێ.

## پێنج جەژنەکانیان

پاراستنی دابو نەریت پەیوەندی بەبەهاکانی خێزانەوە هەیە، زۆر کەس واسەیری دابو نەریت دەکات، بەهای خێزانیو پەروەردەیی گرنگە، بۆنموونە: سەبارەت بەو جوولەکە خۆرهەڵاتیانەی پارێزگاریان لەدابو نەریتەکانیان کردووە، زۆر لەو رەوەندە کۆچکردوانەو نەوەکانیان دەڵێن: ئەگەر شێوازی ژیانیشمان سکۆلاریزمی بێت، ئەوا هەر پارێزکاری لەدابو نەریتەکانمان دەکەین، ئەوانە پەیڕەوی ئەو نەریتانە دەکەن کەلەوڵاتە ئەسڵیەکەی خۆیانەوە (ئیسرائیل) هێناویانە.

(جووەکان ئاهەنگ و مەراسیم بۆ پێنج جەژنی گرنگیان دەگێڕن، لەمانگی کانونی یەکەمدا، جەژنێکیان هەیە دوو رۆژ دەخایەنێت، واتا: ئەو جەژنەیان سەرەتای ساڵەو یادی دەکەنەوە)[1].

لەرۆژی (١٠/ی کانونی یەکەمدا جووەکان هەموویان

---

[1]- یادی ئەوکاتە دەکەنەوە کەلەمیسرەوە کوچیانکردووە بۆ کەنعانو ماوەی (٤٠) ساڵ لەسینا لەژێر چادر ماونەتەوە.

لــەخۆرئاوا بوونـــەوە هـــەتا خۆرئـــاوابوونی رۆژی دواتـــر بـەڕۆژوو دەبـن، جووەکـانی سـلێمانی زۆر دابو نـەریتیان هەبوون، لەمانەش: سۆزو ماتـەمی، ئارامیش، هوتی سـەری ساڵو کـەپرە شـینە، ئـەم مەراسـیمەی دواییان لەسـەرەتای پـایز دەسـتپێدەکات، هـەموو خێزانـە جووەکـان کـەپرێك لەتـەك خانووەکـەیان- یـان لـەناو حەوشـەی ماڵـەکانیان دروستدەکەنو دواتر چاوەڕوان دەبـن هـەتا باران دەبارێـت، لـەزۆر کاتـدا دەبارێـت، ئـەم بارانبارینـەش دەبێتـەهۆی خۆشـیو شـادی لـەدڵی جووەکانـدا. نموونـەی دیکـە: کاتێـك جوولەکەیەك دەکەوێتە حاڵەتی گیانەڵا ئەوا بەتـەنها جێـی دەهێڵن، چونکە لایان وایە ئەگەر یەکێك بگرێت، ئـەوا ئـەو کەسە رۆحی دەرناچێت. یان نابێ لەشـەوی هەینیدا ئـاگر بکرێتەوە هەتا رۆژی دواتر، واتا ئێوارەی شەممە، جووەکان بەمە دەڵێن: شـیان و دوعـای (سـبوهە تـوف) واتـا: رۆژێکـی خـۆش بـۆ هـەمووان. هەنـدێك دابـی دیکـەی دەگمـەن لای جووەکان هەبووە: لەرۆژی (٣/٢٠)ی هەموو ساڵێك ئاهـەنگی جـــەژنی نـــەورۆزیان گێـــڕاوەو جلوبـــەرگی کوردیـــان لەبەرکردوون. هەروەها یەکێ لەنەریتی جوولەکە کوردەکان ئـەوەبووە زۆربـەیان دوعـای چـاوەزاریان هـەڵگرتووە دژی چـاوی پـیسو خۆپاراسـتن لەنەخۆشـیو ئیرەیـی ناحـەزان. لەوانەیە حکایەتی ئەفسانەی ئاجوجو مـاجوجیش کەلـەناو کـــوردە موســـڵمانەکاندا بڵاوبۆتـــەوە، هـــەمان چـــیرۆکی

ئیسـرائیلی بێـت بـەناوی (تـالوجو جـالوت). زۆر چـیرۆکی ئەفسـانەیی کـەجووەکان باوەڕیـان پێـی هـەبووە ئێسـتاش لـەناو کوردەواریـدا کاریگـەریان مـاوە، هەرچـەندە هۆکـاری ئەمانە دەگەڕێتەوە بۆ دواکەوتوویی کۆمـەڵگا داخراوەکـانو هـەژارێتی، بۆیـەش دەبیـنین نـەوە لـەدوای نـەوە هـاتووەو ئـەوانیان فێرکـردووەو بۆتـەهۆی بـەدگومانیو دوودڵـیو تـرسو حەسودی. جـەژنی (حانوکە)شـیان هەیـە کەهەشـت ڕۆژە، لەشەوی (٢٥/ی کانوونی دووەم) دەستپێدەکات. بـەڵام جـەژنی (شـافوعوس)یان وەك حـەج وایـەو بریتییـە لـەزیارەتکردنی مـەزارو شـوێنە پیرۆزەکـان. جـەژنی (بیساح)یش یەکێکە لەجەژنە سەرەکیەکانیانو خێزانـەکان کۆدەبنەوەو ئاهەنگ دەگێڕن.

## دەستپێوەگرتن

یـەكێك لەنەریتـە كۆمەڵایەتیـەكانیان ئـەوەبووە پـارە بەقـەرز نـەدەن بەكـەس‌و پارەیـان خۆشدەویسـت، هـەموو شتێكیان لەشـوێنی شـیاوی خـۆی دادەنـا، بۆنموونـە: ئەگـەر ژوورێكی بەتاڵیان هەبوایەو پێویستیان پێی نەبوایـە، ئـەوا بەكرێیان نەدەدا. یان كاتێك كوڕەكەیان ژنی بگواسـتبایەوە ئەوا لەگەڵ مـاڵی بـاوانی كوڕەكـە دەژیـان‌و هـیچ كێشـەیەك لـەنێوان بـوك‌و خەسـوودا دروسـت نـەدەبوو، ئـەم نەریتـە جوانـــە كۆمەڵایەتیەشـــیان دەبووەهـــۆی پتـــەوكردنی پەیوەنـدی كۆمەڵایـەتی‌و بـەهای ئـەخلاقی. ئەگـەر هـەر كێشـــەیەك لەنێوانیانـــدا دروســـتبووباو بۆیـــان چارەســـەر نـەكرابا، ئـەوا دەچوونە لای پیـاوە ئایینیـەكانیان. لەشـاری سلێمانی دوو پیاوی ئایینی گـەورەیان هـەبوون بـەناوەكانی: (مالوم) و كەسێكی دیكەش بەناوی (ئیبراهیم بـاروخ) یـەكێ لــەو عادەتــە جوانانــەی لەنێوانیانــدا هــەبوو- ســۆزیان بۆیــەكتری هــەبوو، جووەكـان بەگشـتی دەوڵەمەنـد بـوون، ئەگـەر كەسـێكی هـەژاریان هەبوایـە ئـەوا رێگایـان نـەدەدا داوای یارمــەتی لەئـەوانی دیكـە بكـات- یـان سـواڵ بكـات،

چـونکه سـندوقی کۆکردنـەوەی پـارەی پاشـکەوتکراویان هـەبوو بۆکـاتی تەنگانـەو پێویسـت، هـەموو مانگێـك پارەکەیان بەسەر هەژارەکانی خۆیاندا دابەش دەکرد. ئـەم سـندوقە هاوشـێوەی سـندوقی بیمـەی کۆمەڵایـەتی ئـەم رۆژگـارەی ئێسـتامان بـووە. هەنـدێکجار خانوویـان بـۆ هەژارەکانیان بەپارەی ئەو سندوقە دەکڕی، ئـەو نەریتـەی جووەکـان هـەتاکو ئێسـتاش لـەناو عەشـایرو هەنـدێك بنەماڵەی گەورەدا باوە. خۆ ئەگـەر کێشـەیەکیان هەبوایـەو لای خۆیان چارەسەر نەکرابا، ئەوا دەچوون سەردانی (کاك ئەحمـەدی شـێخ)یان دەکـرد، بۆئـەوەی کێشـەکەیان بۆچارەسـەر بکات (شـێخ)یش رێـزی لێـدەگرتن‌و گـوێی بـۆ دەگرتن، ئەو جوولەکانە دڵیـان بـاش بـوو، مامەڵەی باشـیان لەگەڵ خەڵکی شارو برا مسوڵمان‌و گاورەکاندا دەکرد.

## نان و خواردن:

پیرۆز راگرتن‌و ریزدانان بۆ نان، رەگ‌و ریشەی لەتەوراتدا هەیە، پەرتوکی ژمارەکان لاپەرە (١٥)ش دەلێت: (وَكَلَّمَ الرَّبُّ مُوسَى قَائِلا: كَلِّمْ بَنِي اسْرَائِيلَ وَقُلْ لَهُمْ: مَتَى دَخَلْتُمُ الارْضَ الَّتِي انَا اتٍ بِكُمْ الَيْهَا، فَعِنْدَمَا تَاكُلُونَ مِنْ خُبْزِ الارْضِ تَرْفَعُونَ رَفِيعَةً لِلرَّبِّ. اوَّلَ عَجِينِكُمْ "الحَالاه" تَرْفَعُونَ قُرْصًا رَفِيعَةً، كَرَفِيعَةِ الْبَيْدَرِ هكَذَا تَرْفَعُونَهُ) سەبارەت بەخواردن‌و خواردنەوەیان حەزیان لەگۆشت بووە، لەبۆنەکانیاندا باشترین خواردنیان دروستکردووە، دیارە زۆر لەجوولەکە کوردەکان لەناوچە بەرزاییەکان نیشتەجێبوون، ئەو زەویانەی لەوەرگابوون، هەروەها ئەو شوێنانە بارانی تەواویان لێدەبارێت‌و کەشێکی لەباری هەیە بۆ بەرهەمهێنانی دانەوێڵەو میوەجات، جوولەکە کوردەکان بەو هۆیەی لەنێوان کوردە کۆچەریەکان‌و کشتوکاڵکەرەکاندا ژیاون، توانیویانە کەڵك لەجۆری خۆراکی کشتوکاڵی‌و ئاژەڵی وەربگرن. لەکوردستان بەگشتی خۆراك هەرزانبووە، ئەوەندەی کەسێکی تەندروست دەیخوات زۆرە، بۆیە جووەکانیش وەك کوردە مسوڵمانەکان کەسانی زل‌و کەتە بوون، چونکە کوردستان شاخاویەو

کەش‌و هەوایەکی سەختی هەیە، دانیشتوانەکەی ناتوانن لەتەمبەڵی‌و تەوەزەلیدا بژین- بەبەراورد لەگەڵ ئەو کەسانەی لەشوێنە گەرمە سێرەکاندا دەژین.

نان لای کوردەکان یەکێکە لەخواردنە سەرەکیەکانیان، زۆر لەگەڕیدەکان بەسەرسوڕمانەوە سەرنجی ئەوەیانداوە توانیویانە بەئاسانی نانیان لەچادرنشینەکانی کوردەواری دەستبکەوێت، دیارە جوولەکە کوردەکانیش نان بەلایانەوە خۆراکی سەرەکی بووە، لەکاتێ کۆکردنەوەی بەروبوومی دانەوێڵە، خەڵك بەشی ئەو ساڵەی گەنم‌و جۆو...هیتری کڕیوەو دایکردووە. بەگشتی بازرگانەکانیش لەرێگای کڕینەوە دانەوێڵەیان دەستکەوتووەو دواتر فرۆشتویانەتەوە، ئەو دانەوێڵەیان خستوتە کوپەڵەی گەورە کەنزیکەی (١٥٠) کیلۆی بردووەو بۆ زستان هەڵگیراوە، دەمی ئەو کوپەڵە گەورەشیان بەقوڕ گرتووە. هەندێك جاریش لەچاڵێکدا هەڵگیراوە (چاڵە گەنم) پێش ئەوەی گەنمەکە بکرێت بەئارد، ئافرەت گەنمەکەیان لەبێژینگداوە بۆئەوەی پاکبێتەوە، بەڵام بۆکردنی بەئارد، بردوویانە بۆ ئاشی ئاوی.

دەبوا یەکەم نانی لەو ئاردە دەکرا، بدرابا سەرۆکی خێزانەکە. لەماڵەکانی سلێمانی دەستار جگەلەوەی بۆ هاڕینی گەنمەکوتاو، ساوەرو بڕۆێش بەکارهاتووە، لەهەندێك کاتدا بۆ گەنم هاڕینیش بەکار هێندراوە.

## جل و بەرگ :

جلوبــەرگی دانیشــتوانی کوردســتان بــەڕوونی ئــەوەی ســەلماندووە کەناوچــەیەکی دوورە دەســتی دابــڕاو بــووە، زانیاری زۆرمان لەسەر وردەکاری ئەمە نییە: بۆچی هـەموو پێکهاتە ئەتنیکیـەکانی لەسـەر ئـەم خاکـە ژیـاون، یـەکجۆرە جلوبــەرگیان لەبــەرکردووە، ئەمــە ســەبارەت بەجلوبــەرگی جووەکــانیش راســتە، بــەجۆرێك ئــەوانیش جلوبــەرگێکی تایبەت بەخۆیان نـەبووە کەلەئـەوانی دیکـە جیابکرێنـەوە. جگە لەو جلوبەرگانەی بۆ بۆنـە ئایینیـەکانیان پۆشـیویانە، واتـا هـیچ جیاوازیـەك لـەنێوان ئـەو جلوبەرگـەی کوردێـكو سریانیەكو جوولەکەیەك لەبەریان کردووە، نەبووە.

هۆکاری ئەوەش بۆچ کوردو جوولەکە یەك جلوبـەرگیان پۆشـیوە؟ دەگەڕێـتەوە بۆئـەوەی لەکوردسـتان هـیچ رێسـاو کۆتو بەنـدێکی دیـاریکراو نـەبووە تایبـەت بەلەبـەرکردنی جلوبــــەرگ. وەك چــــۆن لەهەنــــدێك لــــەوڵاتی ئیســــلامیدا شەریعەتی ئیسـلامی سـەبارەت بەوانـەی مسـوڵمان نـەبوون جێبەجێکراوەو بەجلوبەرگیش جیاکراونەوە.

بـۆ خۆپاراسـتن لەدرێـژە پێـدان و بەدواداچـوونی زۆر، لەم لێکۆڵینەوەیەماندا بەکورتی باسی دوو ناوچـە دەکـەین:

ئــاکرێ کەکەوتۆتــە ناوچــەیەکی شــاخاوی و هــەروەها سلێمانیش. دێین جلوبەرگێکی کوردی کۆن کەجوولەکەکان لەبــەریانکردوون وێنادەکــەین، بۆئــەوەی لــەو ڕێگایــەوە بتـوانین بەرەوپێشچـوونی شـێوازی جـل لەبەرکردنەکـەیان بزانین.

لەســاڵی (١٨٤٠) (بندیــە) بــەمجۆرەی خــوارەوە باســی جلوبــەرگی ئــەو کەســانە دەکـات کەلەدەوروبــەری عەمادیــە ژیاوەن‌و دەڵێت: پیاوەکان سمێڵیان هەیـەو کڵاوێکـی لبادیـان لەسەرەو جەمەدانەی لەسەر دەبەستن، بەڵام پانتۆڵەکانیان بــزووی خەتــدارەو لــەخوری مــەڕو بــزن دروســتدەکرێت، زۆرجــاریش کولــەباڵێکی کــورت لەبەردەکــەن کەهــەتا کەمــەریان درێــژە. بــەڵام ئــەو جوولەکەکانــەی لەسـلێمانی نیشـتەجێبوون جلوبەرگـەکانیان هـەمان ئـەو پۆشـاکە بـووە کەکوردەکان لەبـەریان کـردووە، بۆنموونـە: پیـاوە جووەکـان پانتۆڵێــك و قوڵــەباڵێکیان لەبــەرکردووە...، ژنەکانیشــیان کڵاولاگیرەیـان لەسـەربووەو چـواردەورەیان بەپـەناتی زێـرو زیو رازاندۆتەوە. هەروەها پشتێندیان لەکەمەریان بەستوە.

رەشـید شـەوقی دەڵێـت: (گەنجـە کـوردە موسـڵمانەکان دەچوون بۆ گەڕەکە خۆشەکانی جووەکان، هەتا ژنـە جوانـە جووەکــان ببیــنن، ئــەو ئافرەتانــە جلوبــەرگی جــوان‌و بەقیمەتیان لەبەردەکردو خەنەیان لەخۆیان داوەو بەخشڵ

خۆیان دەرازاندەوە)[1].

هەندێك لەگەنجەكان پەیوەندی خۆشەویستیان لەگەڵ كچە جووەكاندا بەستووەو بەو هۆیەوە كوڕە كوردەكان هاوسەرگیریان لەگەڵ كچە جووەكاندا كردووە، ژنە جووەكان خۆیان بەكورد زانیوەو زۆریان شوویان بەكوردە موسڵمانەكان كردووە. لەمانەش: كچی (یەعقوب) حەلاوەخان خوشكی ئیبراهیم یەعقوب، هەروەها خاتوو ئەستێرەی كچی داوودو ئامینەی كچی شاولە كرەی زەرەنگەرو...هتد.

---

[1]- رەشید شەوقی. ئەوەی روویداو بەسەر رەشید شەوقیدا هات. ئامادەكردنی سەدیق سالح. سلێمانی. چاپی یەكەم (٢٠٠٣)

## هاوسەرگیری :

هاوسەرگیری لای هەندێك نەتەوە یەكێكە لەو دابانەی دەگاتە ئاستی پیرۆزێتی، چونكە پارێزگاری لەپاراستنی باوەڕدارێتی- یان دیندارێتی دەكات. هاوسەرگیری لای جووەكان پێگەیەكی گرنگ‌و تایبەتی هەیە، پیاوی بێ ژن- یان ژنی بێ مێرد، بەپێی باوەڕێ جووەكان مرۆڤێكی تەواو نییە.

لەكاتێكدا مەراسیمی زەماوەندەكان جیاوازیان هەیە، بەڵام بەگشتی خەسڵەتی هاوبەش لەمارەبڕانی جووەكاندا هەیەو پێی دەڵێن: (كتبوباه) دوو كەس وەك شاهید واژۆ لەسەر كاغەزی مارەبڕانەكە دەكەن، پرۆسەی هاوسەرگیری لای جووەكان دوو قۆناغی جیاوازی هەیە، قۆناغی یەكەم پێیدەڵێن: (كیدۆشین)یان (ئیرۆسین). واتا: گواستنەوە. قۆناغی یەكەم ئافرەتەكە لەهەموو پیاوانی دیكە حەرام دەكات، جگە لەمارەبڕاوەكەی خۆی. قۆناغی دووەمیش هەردووكیان دەبنە ژن‌و مێردی یەكتری.

رێورەسمی هاوسەرگیری لای جوولەكە كوردەكان كۆمەڵێك شتی تێدایە بەئەسڵ جوولەكەیی نییە،

هەرچەندە ئەو دابەی لەنێوان خەڵکی سلێمانی و شوێنەکانی دیکە هەیە هاوشێوەی یەکترین، بەڵام هەندێك جیاوازی لاوەکی دیاری لۆکاڵی هەیە، بەجۆرێك ئەگەر هەوڵبدرێت بەشێوەیەکی ورد باس بکرێن، ئەوا لێکۆڵینەوەیەکی دوورو درێژی دەوێت.

تەمەنی هاوسەرگیری لای جوولەکە کوردەکان پەیوەندی بەباری ئابووری خێزانەکەوە هەیە، ئەگەر باوکەکە دەوڵەمەندبێت ئەوا کوڕەکەی زوو هاوسەرگیری دەکات، بەڵام ئەو خێزانانەی باری ئابووریان باش نییە، ئەوا دەبێ گەنجەکان خۆیان پارەی خەرجی ژنهێنان کۆبکەنەوە، هەندێکجار ئەو گەنجانەی پاشەکەوتی پارەیان کردووە، بەهۆیەکەوە تووشی زەرەد دەبن، لەو حاڵەتەدا زاوا داوا لەماڵی خەزوری دەکات مارەبڕانەی کچەکەیان کەمبکەنەوە- یان دوای بخەن.

بەگشتی کچ لەدوای یەکەم سوڕی مانگانەی دەتوانێت شوو بکات، هۆکاری پەلەکردن لەزوو بەشودانیش بۆ ئەوەیە لەکاری دزێو و ئابڕووبەرانە بیانپارێزن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم عادەتە لای جوولەکەی سلێمانی پێشینەیەکی ئەفسانەیی لەخۆدەگرێت.

ئایینی جوولەکە رێگا بەفرەژنی دەدات، بەڵام لای جوولەکە کوردەکانی سلێمانی کەمتر بەدیدەکرێتو دەگمەنە، بەڵام لەشوێنەکانی دیکەی کوردستان هەیە.

بۆنموونـــە: لەعمادیـــە لەســـاڵی (١٩٣٠) دە پیـــاوی جوولەکـــە هەبوون دوو ژنیان هەبووە، لەشاری (شنۆ)ش حەوت پیـاوی جوولەکـــە هەریەکـــەو ســـێ ژنیـــان هـــەبوون، یـــەکێك لـــەو هۆکارانـــەی پیـــاوە جووەکـــان ژنـــی دووەمیـــان هێنـــاوە، ژنـــی یەکەم نـەیتوانیوە منـداڵی ببێـت، دیـارە لایـەنی ئـابووریش لەگوندەکاندا رۆڵـی گـەوری گێـڕاوە. بەبـەراورد بـەفرە ژنـی لەشارەکاندا.

پیاوێکی جوولەکەی تەمەن (٣٠) ساڵەی خەڵکی شـنۆیە کچـێکی تـەمـەن (٢٠) سـاڵەی وەك ژنـی دووەم هێنـاوە، تاکـە هۆکـاریش بـەپێی گوتـەی خـۆی ئـیش‌و کـاری ماڵەکـەی زۆر بـووەو ژنـی یەکـەمی نـەیتوانیوە پێڕابگـاو خـاوەنی چـوار مانگا بووە.

یـەکێك لەنەریتـە جوانـەکانیان ئـەوەبوو کـەکوڕێکیان بووبا ئەوا خـەرجی رۆژانـەیان بـۆ پاشـکەوت کـردووە هـەتا گەیشـتۆتە تەمـەنی (١٨) سـاڵی، بۆئـەوەی گرێنتـی دوارۆژی بکـەن‌و پشـــت بـــەخۆی ببەســـتێت، هـــەروەها نـــەریتێکی دیکـەیان هـەبووە ئـەوەیش ئـەوەبووە کـەکورێك کچـێکی مارەکردبا ئەوا بەشێك لەخەرجی هاوسەرگیریەکە دەکەوتە ســەر ماڵـە خـەزوران. شـایانی باسـە ئاهـەنگی هەڵپـەڕکێی کـوردی لـەنێو جوولەکـە کوردەکـانی ئیسـرائیل رەواجێکـی زۆری هەیەو ئێستاش دەهۆڵ و زووڕنا یەکێکن لـەگرنگترین ئامێرەکانی مۆسیقای بووك گواستنەوە. کچێکی ئیسـرائیلی

دەڵێـت: کاتێـك شـووم بـەکوڕێکی جوولەکـەی خێزانێکـی کـوردی کـرد: بڕیامانــدا بەلێــدانی دەهــۆڵ و زووڕنــاوە بچــینەناو هۆڵەکــە. ئــەم هەڵبژاردنــەمان بــووە جێگــای سەرسامبوون و دڵخۆشـی ئەوانـەی بانگهێشـتمان کردبـوون. چــونکە لەیــەك کاتــدا دیمــەنێکی فۆلکلــۆری رەســەن و ناباویش بوو.

## تەداروکاتی خەنەبەندان :

بەرەبەیانیەکەی خەنەکە لەماڵی زاوایەوە دێت بۆ ماڵی بوکێ، ئیدی کچێکی نابالق خەریکی گرتنەوەی خەنەکەیە، کەخەنە گرتنەوەکە تەواوبوو، کچە مێرد منداڵەکە لەبەردەم بوکێدا دادەنیشێتو دەستدەکات بەخەنە لێدانی بوکێ، سەرەتا لەدەستی راستو دواتر قاچی چەپیەوە دەستپێدەکات، ئینجا دەستی چەپو قاچی راستیو دواتر دەیپێچن.

مەبەست لەخەنەلێدانی بوکێ بۆ بەرەکەتی ئەوەیە لەئایندەدا چەند منداڵێك بۆ زاوا بێنێتە دنیا، دوای ئەوەی بوك تەواو بوو، ئەو کچە گەنجانەی لەوێن ئەوانیش خەنە لەخۆیان دەدەن.

دوای ئەوە کچەکان دەچن بۆ ماڵی زاوا - بۆئەوەی خەنە لەزاواش بدەن، لەوێش بەهەمانشیوە کچێکی نابالق خەنەکە دەگرێتەوە، جگەلەوەی سەری زاواش خەنەی لێدەدرێت، ئیدی بەهەمانشیوەی بوکێ ئەمیش دەستو قاچی خەنەی لێدەدەن. لەکاتی کردنی خەنەبەندانـدا ئەوانەی لەوێن گۆرانی دەڵێن و هەڵدەپەڕن.

## لەدایکبوون:

لەنەریتی جوولەکەدا هەرچەندە رۆحی مرۆڤ پێش لەدایکبوونیش بوونی هەیە، بەلام ژیانی مرۆڤ لەکاتی لەدایکبوونیەوە دەستپێدەکات. ئایینی جوولەکە باوەڕی بەگوناهباری سەرەتایی نییە. (ئەوەی گوایا هەندێك كەس بەگوناهباری لەدایك دەبن) بەپێی رەوشی ئایینیو رێنماییەکانی جوولەکە: مندالێ کەلەدایك دەبێت پاکەو هیچ گوناهبار نییە، هەروەها لەدایکبوونی بەنەشتەرگەریش لەقانونی جوولەکەدا رێگا پێدراوە، چونکە ئەوان بەکارێکی پێویستی دەزانن بۆپاراستنی ژیانی دایکەکەو مندالەکەش، هەرچەندە پاراستنی ژیانی دایکەکە کارێکی لەپێشینە ترە، هەروەها لەئایینی جوولەکەدا لەباربردنی مندالێ قەدەغەیە، ئەگەربێتو ژیانی دایکەکە لەمەترسیدا نەبێت.

دوای لەدایکبوونی مندالەکە، باوکەکە پیرۆزبایی ئەو شکۆمەندیە گەورەیەی لێدەکرێت کەوەریگرتووە، ئەمەش دەبێتەهۆی ئەوەی لەکەنیسەدا چەند ئایەتێك لەتەورات بخوێندرێتەوە، لەوکاتە نوێژی شوکرانەکردن دەکرێت، بۆئەوەی دایكو مندالەکە سەلامەتبن.

ئەگەر منداڵەکە کچ بێت لەکاتی لەدایکبوونەکەیدا ناوی لێدەنرێت، بەڵام کە کوڕبێت ئەوا لەکاتی ئاهەنگی سوننەت کردنەکەیدا ناوی لێدەنرێت، یەکێك لەرێنماییەکانی پەیڕەوی گرنگی جوولەکە بریتییە لەوساتەوەختەی منداڵەکە سوننەت دەکرێت، زۆر کەسانی دیکە بەچاولێکەری جووەکان رێز بۆئەمە دادەنێن و رێزی ئەم رێسایانە دەگرن.

هەشت رۆژ دوای لەدایکبوونی کوڕەکە سوننەت دەکرێت، هەروەها بەهۆکاری تەندروستی دەتوانرێت پرۆسەی سوننەتکردنەکە دوابخرێت، سوننەتکردنەکەش کەسێکی دیندار ئەنجامیدەدات و پارێزگاری لەرێنوێنی و ئامۆژگاریەکانی ئایینی جوولەکە دەکات. دەبێ ئەو کەسە شارەزایی لەرێساکانی نەشتەرگەریدا هەبێت، پرۆسەی سوننەتکردن کەسێکی پزیشکی جوولەکە ئەنجامیدەدات، بەچاوپۆشی لەوەش ئەگەر حاخام سڵاوەتی پیرۆزبایکردن بڵێت لەکاتی بڕینی پێشتی چوکی منداڵەکە، بەڵام ئەمە سرووتێکی ئایینیەو پێویستە لەلایەن کەسێکی شارەزاوە ئەنجام بدرێت.

## تەڵاق:

بەپێی شەریعەتی تەلمود تەڵاقدان لەئایینی جوولەکەدا ڕێگە پێدراوە، بەمەرجێك پیاوەکە بەڵگەی تەڵاقدانەکە بدات بەهاوسەرەکەی، هەروەها ژنەکەش مافی ئەوەی هەیە لەکاتی ئەوەی پیاوەکەی لەڕووی جەستەیی- یان دەروونی ئازاری دابێت، داوای تەڵاق بکات.

ئایینی جوولەکە هیچ بەرپرسیارێتی سەبارەت بەتەڵاق ناگرێتە ئەستۆ، هەروەها ئایینی جوولەکە لێکجیابوونەوەی ژنو مێردی پێباشترە لەوەی دوو هاوسەر لەحاڵەتی کێشەو شەڕی بەردەوامدا بمێننەوە.

بەپێی قانوونی جوولەکە پیاو دەتوانێت بەهەر هۆکارێك- یان بەبێ هۆکاریش ژنەکەی تەڵاقبدات، لەراستیدا لەهەندێك بارودۆخدا قانوونی جوولەکە ئاسانکاری لەمەسەلەی تەڵاقداندا دەکات. لەمانەش: کاتێك ژنەکە زینا لەگەڵ پیاوێکی دیکەدا بکات، ئەوا پیاوەکە دەتوانێت تەڵاقی بدات. بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا زۆر لایەن هەن وادەکات ئەنجامدانی تەڵاق ئاسان نەبێت، چونکە جێبەجێکردنی پرۆسەی تەڵاقدان ئاڵۆزو سەختن.

## مردن:

بەدڵنیاییەوە جووەکان وەك ئایینی ئیسلامی باوەڕیان بە مردنو رۆژی قیامەتو بەهەشت و دۆزح هەیە، لەناشتنی مردووەکانیان شێوازێکی تایبەت بەخۆیان هەبووە، هەر لەهەڵکەندنی قەبرەکەو ناشتنی مردووکەیان، جیاوازی لەگەڵ شێوەی ناشتنی ئیسلامدا هەبووە. ئەو گۆڕەی هەڵیاندەکەند پانترو درێژتر بوو، ئینجا مردووەکەیان دەناشت، هەر جوولەکەیەك لەگەڵ تەرمەکەدا چووبا بۆ سەرقەبران، ئەوا بەردێکی لەگەڵ خۆیدا دەبرد، ئەمەش بۆ نیشانەی ئەوەی خۆشەویستیو رێزی بۆ مردووەکە هەیە.

(بەڵام سەبارەت بەشێوازی دانانی مردووەکە لەناو گۆڕەکەدا، رووی مردووەکەیان دەکردە خۆرهەڵات، ئینجا حاخامێك دەهاتو سەڵاتی تەلقینی لەسەر دەخوێند، دواتر هەندێك خۆڵی هەڵدەدایە سەر تەرمی مردووەکەو ئینجا بەردیان دەخستەسەر مردووەکەو بەزمانی خۆیان شتێکیان دەخوێند. دوای تەواوبوونی ئەم رێوڕەسمە

تــەلقین دەرەکــە شــتێکی دەگــوت وەك بلــێ ئــامین- یــان ئیماوایە، ئەوانەی لەوێش بوون ئەو وشەیان دەگوتەوە)[1].

جووەکـان نـەریتێکی کـەمێك سـەیریان هـەبوو، ئەگـەر کچێك مردبا، ئەوا دەیانشتو جلی بووکێنیان لەبـەردەکردو بەخەنــەو زێــر دەیانڕازانــدەوەو پارچــەیەك زێــری بچوکیشیان دەخستەژێر زمانیو ئینجا دەیاننناشت. ئەگـەر پیـاوێکی جوولەکـە لەسـەر جێگـای مـردن بـا، ئـەوا هـەموو کەسەکان ژوورەکەیان چۆڵ دەکرد، چونکە باوەڕیان وابـووە ئەگـەر کەسـێك بگرێـت ئـەو کەسـەی لەگیانەڵادایـە رۆحـی دەرناچێت، ئەوان پێیانوابووە ئەگەر ماوەی رۆح دەرچـوون درێژبێتـەوە ئـەوا ئاماژەیـە بـەوەی رۆح دەرناچـێت، بۆیـە پـەنا بـۆ رێوشـوێنی دیکـە دەبـەن، بۆئـەوەی ئـەو کەسـە بەئاســانی رۆحــی دەرچــێتو ئاســودەبێت. یــەکێك لــەو رێوشوێنانە کەگرنگترینیانە، مەراسیمی پاکژ کردنەوەیە.

دە کـەس لـەو ژوورەی ئـەو کەسـەی تێدایـە کـەگیانی دەرناچێت، کۆدەبنـەوەو حاخامیشـیان لەگەڵدایـە، کەسـەکە راســتدەکەنەوە ســەرپێکانیو ســەڵاواتی پاکــژ بوونــەوە دەخوێنن، ئەگەر ئەو کەسە چانسـی چاکبوونەوەی نـەبێت ئەوا تەنها ئەو رۆژە دەژێت، لەو حاڵەتەدا دەرگـای کەنیسـە دادەخـەنو کلیلـەکان دەخەنـە ژێـر سـەرینی ئـەو کەسـەی

---

[1]- تاهیر ئەحمەد حەوێزی: جوولەکەی کۆیە. ل١٦٧

لەگیانەڵادایە. ئیدی ئەو جەماعەتە لەچاوەڕوانی کلیلی کەنیسەکەدا دەمێننەوە- یان پەرداخێك کەحاخام دوعای لەسەر خوێندبێت، دەیدەنە ئەو کەسەی لەسەروبەندی مردن دایە.

(ئەوکاتەی ئەو کەسە لەهەناسەدان کەوت، مردووەکە لەسەر روو دەخەنە سەر زەوی، واتا لەهەمان ئەو شوێنەی تێدا مرد، ئەمەش بۆئەوەی مردووەکە لەبۆنی خاك تێربێت، پێستی بەرەنگی رەش- رەشدەکەن، پارچەیەك ئاسن دەخەنە سەرجەستەیو مۆم لەچوار دەوری دادەگیرسێننو مردووەکە لەناوەڕاستی ژوورەکە درێژدەکەن)[1].

خەڵکی سلێمانی دەچوون بۆ پرسەی مردنی جوولەکەکانو جووەکانیش بەهەمانشێوە بەشداری پرسەی مسوڵمانە کوردەکانیان دەکردوەو رێزیان داماوە.

لێرەوە دەتوانین بڵێین لەڕووی کۆمەڵایەتیەوە کوردە مسوڵمانەکانو جووەکان پێکەوە ژیانێکی ئاشتیانە ژیاونو هیچ شتێك نەبۆتەهۆی ئەوەی رەوشی ژیانیان تێکبدات. جووەکان بەدرێژایی مێژوویان توانیویانە پارێزگاری لەفولکۆرو دابو نەریتی کۆنی کوردی بکەن.

---

[1]- ئەریك براور، سەرچاوەی پێشوو. ل٢٢٤

## بووكه بەبارانێ:

هەنـــدێك داب‌و نـــەریتی ئەفســـانەیی دیكـــە لـــەنێو جوولەكـــە كوردەكانـــدا هەیـــە كەپەیوەنـــدی بـــەباران بارینەوەیـــە، لەوانەیـــە جووەكـــان ئەمـــەیان لـــەكوردە مسوڵمانەكانەوە وەرگرتبێت- یان لەوانەیە كوردە جووەكان ئەمـــەیان لەشـــوێنی نیشـــتەجێبوونی كـــۆنی خۆیانـــەوە هێنابێـت، لەهـەردووك حاڵەتـدا ناتوانرێـت بڕیـار لەسـەر لایـەكیان بـدرێت‌و سـاغ بێتـەوە، بـەڵام ئـەوەی یەكـەمیان ئەگـەری زیـاتری هەیـە، چـونكە ئـەو گۆرانیـەی لـەكاتی بەڕێوەبردنی مەراسیمەكەدا دەگوترێت، وشەكانی كوردین‌و بـــەزمانی ئـــارامی نـــین، كەجوولەكـــە كوردەكـــان قســـەی پێدەكەن.

ئەم نەریتە لـەنێو نەتـەوەی دیكەشـدا بـاوەو پێویسـت ناكـات بەدرێـژی روون بكرێتـەوە، تـەنها لەهەنـدێك خـاڵی دیاریكراودا نەبێت، بۆنموونـە: لەسلێمانی بووكـە بـەبارانێ بەمجۆرە بووە: دوو داری راست و چەپیان هێناوە كراسێكی ژنانەیان لەبەركردووەو پەڕۆیەكیان وەك سـەر لێهاڵاندووە.

گەنجێك لەپێشەوەی كۆمەڵێك هەرزەو منداڵ بەگەڕەكو كۆڵاناندا گەڕاوەو چوار گەنج لەپێشەوەی ئەوانە بوونو دوویان چەپڵەیان لێداوەو دووشیان گۆرانی بووكە بەبارانێیان گوتۆتەوە. ئەمەش دەقی كۆرانیەكەیە (بوكێ بەبارانی دەوێ، سەعاتی جارانی دەوێ، هەیارانو مەیاران، یاخوا دایكاتە باران، بۆ فەقیرو هەژاران).

## هەندێك نەریتی جوولەكەی سلێمانی

٭- دەبوا جووەكان گۆشتی ئاژەڵو باڵندەی پاك بخۆن، ئەگەر (شوهیت) بەرێگای شەرعی ئاژەڵەكەی سەرنەبڕیبێت ئەوا حەرامە جوولەكە بیخوات، واتا دەبێ دیندارێكی جوولەكە نیەتو سڵاواتی سەربڕینی بەسەردا بخوێنێت.

بەبێ پشكنینو سەیركردنی (مالوم) پیاوی ئایینی، هیچ جۆرە گۆشتێك ناخۆن، هەروەها هەر ئاژەڵێك ئێسقانی شكابێت- یان سیو جگەری نەخۆش بێت، نایخۆنو بەحەرامی دەزانن.

ئەو مالومەی رێگا دەدات گۆشتی پەلەوەر بخورێت، پێی دەڵێن: (كاشیر) خواردنو خواردنەوە لای جوولەكەكان بنەماو رێسای تایبەت بەخۆی هەیەو لەتەوڕاتو تەلمودو ژیانی حاخامەكانەوە وەرگیراوە، بەم بنەمایانەش دەگوترێت (كاشیر) واتا: خواردنی حەڵاڵو رێگا پێدراو بۆكەسی جوولەكە، لای جووەكان خواردنی نانی جۆ یەكێكبووە لەخواردنە خۆشەكان، ئەو نانە بەتەندور

دروستکراوەو لەگەڵ شلە تێگوشراوەو خوراوە، خواردنی پەلۆی جۆ کەکەمێك رۆنی بەسەردا کراوەو دواتر خواردوویانە، بەلایانەوە زۆر خۆشبووە.

لای جووەکان خواردنێکی دیکە هەبووە بەناوی (کسکسی) ئەمیش لەئاردی گەنم دروستکراوەو دوای ئەوەی لەو چێشتە تێریان خواردووە- لەهەمان ئەو قاپەی تێیاندا خواردووە دەستیان شُشتۆتەوە. جووەکان گرنگیان بەپاکو خاوێنی داوە، ئەگەر کەسێکی غەیرە جوولەکە خواردنی لەگەڵدا خواردبن، ئەوا هەموو هەورەکانیان بەپیس زانیون. هەروەها ئەو هەورانەی گۆشتی تێدا هەڵدەگرن، ئەوا رۆنی تێناکەن، نابێ ئەو هەورانەی رۆنیان تێکراوە ماستی تێبکەن- یان پەنیر، نابێ یەك چەقۆ بۆ لەتکردنی گۆشتو پەنیر بەکار بهێندرێت، بۆیە ئەو چێشتخانانەی خواردنی شەرعی (کاشیر) لێدەنێن دەبێ دوو شوێنیان هەبێت، یەکێکیان بۆلێنانی گۆشتو ئەوەی دیکەیان بۆ بەشی سپیایی.

بەقاپ و دەوری ژەمی بەیانی دەڵێن: (ساریە) بەقاپو دەوری نانخواردنی نیوەرۆش دەڵێن: (فلفین) شتنی قاپی نانخواردنی بەیانی و نیوەرۆ نابێ پێکەوەبن، واتا بەریەك بکەون.

*- لای جوولەکەکان فیتو لێدان قەدەغەیە، ئەمە ئەفسانەیەکی جوولەکەیی قەدیمیەو لەسەر بنەمای ئەو

باوەڕەیـە: فیتـو لێـدان دێـو و درنـج لەگـەڵ خـۆی دێنێـت، چــونکە دێــو و درنــج حــەزیان لەفیتویــەو لــەدەورەی کۆدەبنەوە.

★- جووەکــان نــەریتێکی دیکەشــیان هەیــە ئــەویش ئەوەیـە: سـیر دێـنن‌و لـەملی خۆیـانی دەپێچـن، سـیر لای جووەکـان وەك دەرمـانی پزیشـکی فرەچـارەیەو بـەکاری دەهێــنن، نــەخۆش- یــان ترســاو ســیری بــۆ دەخەنــە نایلۆنێکـەوەو لـەملی دەپێچـن، هـەروەها جووەکـان لـەرۆژی هەینیــدا ســیریان دەخــوارد، چــونکە بــەلای ئەوانــەوە خۆشەویستی بەهێز دەکـات‌و ئـارەزووی جنسـی نێـوان ژن‌و مێرد زیاد دەکات.

★- کاتێك کچ دەگاتە تەمەنی دوازدە ساڵی‌و کوڕ دەگاتە تەمـەنی سـێزدە سـاڵی، ئـەوا دەگەنـە تەمـەنی بـالقبوون‌و ئـەرکی ئایینیـان دەکەوێتـە ئەسـتۆ، لـەو تەمەنـەدا بـەکوڕ دەگوترێـت (بـار متسـفاه)و بۆیەکـەمجار بەشـێك لەتـەوڕات دەخوێنێرتـــەوە، کچـــەکانیش بەشـــداری لەنوێـــژی بەجەماعەتدا دەکەن‌و ئەو کچانەی دەگەنە ئـەو تەمەنـەش پێیـان دەڵـێن: (کچـی متسـفاه) ئـەوانیش دەبـێ بەشـێکیان لەتەوڕات بۆ بخوێندرێتەوە.

★- جــەژنی (بیســاح) جــەژنی کۆچــکردنی نەتــەوەی ئیســرائیلە لەمیســرو رزگاربوونیانــە لەکۆیلایــەتی، ئـازادی یەکێکە لەبنەما سەرەکیەکانی ئەم جەژنەیان، پێش چەند

هەفتەیەك لـەهاتنی ئـەو جەژنـە خـاوەن مـاڵو دووكانـەكان لەهەموو (حامیتس)ێك واتا ئەوەی ماددەی كحولی تێدابێت پاك دەكرێتەوەو فڕێی دەدەن. وەك گوتمان جـەژنی بیسـاح یادكردنـــەوەی دەرچـــوونی نەتـــەوەی ئیســـرائیله لـــەژێر ستـەمی فرعەونـەكان كەسـاڵی (١٢٧٥)ی پـێش زایـین بـووەو بەســـەركردایەتی پێغەمبـــەر موســـا بـــووە، ســـڵاوی خـــوای لەســـەربێ. ئەمـــەش دوای ئـــەوەی پـــەروەردەگار مـــوعجیزەی گـــەورەی نوانـــدوون، لەمانـــەش: دە زەبـــرە كوشـــندەكەی لەفیرعەونەكانی وەشاندووە، هەروەها كـەرت بـوونی رووبـار بـۆ ئـەوەی نەتـەوەی ئیسـرائیلی بەهـەر دوازە تیرەكەیـەوە بپەڕنـەوەو بۆمـاوەی چـل سـاڵ لەسـینادا نیشـتەجێ بـبنو دواتر بگەنە خاكی ئیسرائیلی پیرۆز.

★- رۆژی حەوتەمی هەفتە، واتـا شـەممە، رۆژی پشـووی تەوڕاتیە، لەو رۆژەدا تەنها خواناسی و ژیانی تەندروستی و ســرووتە ئایینیـــەكان بـــەجێ دەهێنـــدرێن، بـــەیانی شـــەممە لەكەنیســـە تـــەوڕات دەخوێنـــدرێت، دە رۆژی ســـەرەتای ســـاڵ بـــۆ لێپێچـــینەوە لـــەخودو بـــەرۆژو گرتنـــی (رۆژی كیبـــور) لێخۆشبوون، كۆتایی پێدێت. سێ ئاهەنگی سەرەكی لەسـاڵی ئـــایینی جوولەكـــەدا سەرچـــاوەكەی تەوڕاتـــە، كـــەبریتین لەجەژنـــەكانی: بیســـاح بەبۆنـــەی رزگـــاربوونو دەرچـــوون لەمیســـرە، جـــەژنی هەفتـــەی (شـــفوعوت) بەبۆنـــەی یـــادی دابـــەزینی ئامۆژگـــاری و رێســـاكان لـــەكێوی ســـیناوە. جـــەژنی

(سوکوت)یش زیندو راگرتنی مانـەوەو نیشـتەجێ بوونیانـە لەبیابان. لەم ڕۆژگارەشماندا وەك سەردەمانی رابـردوو ئـەم سێ بۆنانە وەك حەجکردن بۆ ئۆرشـەلیمو دیـواری گریـان، هەژمار دەکرێن.

دیــواری گریـــان پاشمــاوەی بەشـــی دەرەوەی قیبلـــەی جوولەکەکانە، کەدەکاتە ڕۆژی نۆیەمی مـانگی ئـاب (بـەپێی ساڵنامەی عیبری) جەژنەکانی دیکەی جوولەکـەش جـەژنی: حانوکایـــە بـــۆ بەزینـــدو راگرتنـــی ســـەرکەوتنی مکـــابینو دووبـارە ڕێزدانانـەوە بـۆ شانشـینی لەئۆرشـەلیم، هـەروەها جـەژنی (بـوریم)یش بـۆ یادکردنـەوەی رزگـاربوونی گـەلی جوولەکەیە لەرۆژگاری پاشا (نیلوحیم)دا.

## نیشتەجێبوون:

هەرچەندە جوولەکە کوردەکان لەکوردستانی باشووردا بەبەراورد بەجووەکانی ئێران‌و تورکیاو سوریا، ئازادانەتر ژیاون، بەڵام بارودۆخی ژیانیان لەئیش‌و کارەکانیادا هاوشێوەی ئەوان بووەو گەڕەکەکانیشیان شێوە داخراو و دابڕاو بووە، بەڵام ئەم لاچەپەکی‌و گۆشەگیریە، گۆشەگیری ویستی خۆیان بووە، کەجوولەکەیەك لەگەڵ رۆڵەی نەتەوەکەی خۆیدا دەژیت‌و لەتەك پەرستگاکەیدایە، دەتوانێت سرووتەکانی ئایینی خۆی بەئازادانەتر بەجێ بگەیەنێت.

گەڕەکی جووەکان لەتەك گەڕەکی مسوڵمانە کوردەکاندا بووە، تەنانەت لەسلێمانیدا کوردی مسوڵمان هەبوون، ماڵیان لەناو گەڕەکی جووەکاندا بووە.

ناوی هەموو گەڕەکە جوولەکە نشینەکان بەمجۆرەی خوارەوە بووە:

١- گەڕەکی جوولەکان لەسلێمانی.

٢- گەڕەکی تەعجیل لەهەولێر.

٣- گەرەکی جووهیا لەزاخۆ.

٤- گەڕەكی جوولەكان لەهەڵەبجە.
٥- گەڕەكی جوولەكان لەقەڵادزێو...تاد.

لەشاری سلێمانیدا هەموو جووێكی خێزاندار خاوەنی خانووی خۆی بووەو ئەو خانووەش خاوەندارێتی فەرمی هەبووەو بەمیراتی ماوەتەوە.

ژمارەیەكی زۆر كەم لەجووەكان لەخانووی كرێدا بوون، هەندێك لەمانەش لەخانووی كەنیسەدا بوون كەجووكان خانوویان نەزری كەنیسە كردووە، جا كەبەخشین بووبێت-یان لەرێگای وەسێتكردنەوە. بۆنموونە: كەنیسەی (نانی حزقیل) لەعمادیە، خاوەنی پازدە خانوو بووەو بۆ ئەو كەسانە تەرخانكراوە كەتازە هاتوون، هەرچەندە ئەو خانووانە زۆر بەنرخ نەبوون، ئەو جوولەكە كوردانەی لەكوردستان رۆیشتن، خانووەكانیان نەفرۆشتو هەر ئاوا بەجێیان هێشت.

كاتی خۆی هەر جوولەكەیەكی شاری سلێمانی ویستبای خانووێك بۆخۆی دروستبكات، ئەوا توانیویەتی دروستی بكات، لەخراپترین حاڵەتدا ئەوەبووە دراوسێكەی نارازی بووبێتو گوتبی دەمەوێت خانووەكەم بەرفراوان بكەم.

خانووی جوولەكەكان وەك خانووی خەڵكی دیكەی شاری سلێمانی گڵ بوون، زۆربەی خانووەكان یەك قات بوون، بەڵام لەو شوێنانەی تەپۆلكەو بەرزایی بوون، خانووەكان لەپشت یەكترەیەوە دروستكراون، بۆیە ئەگەر

کەسێك ویستبێتی سەرکەوێت، ئەوا دەبوا بانەویان بڕوات.

خانووەکانی گوند زۆرینەیان لەژوورو هەیوانێك پێکهاتبوون، بەڵام لەسلێمانیدا خانووی جوولەکەکان بەتەك یەکتریەوە بوون، ئەو مەوادە سەرەکیەی بۆ دروستکردنی خانوو بەکارهێندراوە، دارو خشتەی قوڕ بووە، وەك چۆن لەهەولێرو سنەش هەروابووە، دواتر جۆرێك لەخانووی جوولەکە هەبووە پێیانگوتووە (تانەك) دیوارەکانی تانەی چنراو بوون بەتوتمەك و لقەدارو بەقوڕ سواغکراون، ئەمجۆرە خانووانە تەنها لەگوندەکاندا هەبوون.

# جوولەكەی هەڵەبجە

جووەكـــانی شـــاری هەڵەبجـــە دانیشـــتوانی رەســـەنی ئەوشارە نین و لەشوێنەكانی دیكەوە بۆی هاتوون.

خانووەكانیـان لەتـەك خـانووی مسـوڵمانەكاندا بـووەو پەرستگایەكی تایبەت بەخۆیان هەبووە، بـەئازادی سرووتە ئایینیـەكانی خۆیـان بـەجێ گەیانـدووە. خـەڵكی هەڵەبجـە بەباشی هەڵسوكەتیان لەگەڵدا كردوون.

هەنـــدێك لـــەكوردە مســـوڵمانەكان ژنیـــان لەئـــەوان خواستووەو هاوسەرگیریان لەگەڵدا كردوون، لەمانەش: تاهیر بـەگی جـاف، ئامینـەخانی كچـی (شـاولكە)ی زەرەنگـەری كردووە بەهاوسەری خۆی. هەروەها عەزیز حەمە سـەعیدی كـوری داود بــەگی جـافیش، هاوســەرگیری لەگــەڵ خـــاتوو (جحلـی) كـردووە، دواتـر ئـەو بنەماڵانـە هاتوونەتـە سـەر ئایینی ئیسلام و باوەڕیان پێهێناوە.

جوولەكـــەكان زۆربـــەیان دەوڵەمەنـــدبوون، زۆر لەدوكانـەكانی ئـەم شـارە هـی ئـەوانبوون. (مێجـر سـۆن)

لەكاتی سەردانەكەی بۆشاری هەڵەبجە. دەڵێت: (بازاری هەڵەبجە لە (٥٢) دوكان پێكهاتبوو، لەو ژمارەیەش (٢٥) دوكانیان هی جووەكان بوو، قوماشی هەمە جۆریان تێدا دەفرۆشتن، هەندێكیشیان بازرگانی گەورەی ئەو بازاڕە بوون)[1]. گۆڕستانێكی تایبەت بەخۆیان هەبووە لە(موردانە)و مردووەكانیان بەپێی شەریعەتی خۆیان ناشتوون. بەخۆشی و شادیەوە بەشداری جەژنەكانی (جقال و كەپرەشینەیان كردووە)[2] خاوەنی كتێبی ئایینی خۆیان بوون و پەیڕەوی ئایینەكەیان و سرووتەكانیان كردووە. لەنوێژ كردنەكانیاندا ڕوویانكردۆتە قودس و لەلایەن كوردە مسوڵمانەكانیشەوە هەراسان نەكراون. مێژووی نیشتەجێبوونی جوولەكە لەشاری هەڵەبجە لەبەردەستدا نییە. ژمارەی جووەكان (٤٠٠) كەس بووە. بەڵام بەپێی سەرژمێری ساڵی (١٩٤٨) ژمارەی جوولەكەكان لەناوەندی شارەكە (٥٨٠) كەس و لەدەوروبەریشی (٦٩) جوولەكە هەبوون، ئەوانە بەوپەڕی ئازادی لە كەنیسەكەیان كە لە گەڕەكەكەیاندا بووە، كاروباری ئایینی

---

[1]- ميجر سون. رحلة متنكر الى بلاد ما بين النهرين وكوردستان. ترجمة: فواد جميل. جزء الاول، الطبعة الاول. بغداد ١٩٧٠ص ٢٩٦

[2]- هنرى فيلد: جنوب كردستان. دراسة انتروبولوجية. ترجمة: جرجيس فتح الله. الطبة الاولى ٢٠٠١ص٦٤

خۆیان ئەنجامداوەو هەتا ئێستاش ئەو گەڕەکە هەرماوە. لە ساڵی (١٩٥٨) لەشوێنی کەنیسەی جولەکەکان مزگەوتێك دروستکراوە بەناوی مزگەوتی (ئەحمەدی).

# جوولەکەی پێنجوێن

پێنجـوێن ئەوناوچـەیەی لەدێرزەمانـەوە خـەڵکانی دیکـەی نامسـوڵمانی تێـدا ژیـاون و وەك کـوردە مسوڵمانەکانیش خاوەنی مافی ئازادی بیرو باوەڕو خاوەنی ملکداریتی خۆیان بوون.

چـەند خێزانێکـی جوولەکـە بـەئازادی و بـەبێ چـاودێریکردن لـەم شـارەدا ژیـاون و وەك هـەر کەسـێکی مسـوڵمان بەئاسایی ژیـانی خۆیـان بردۆتـە سـەر، جووەکـان خۆیـان بەخـەڵکی ئـەم شـارە زانیـوەو خزمایەتیشـیان کردووە. هەروەك چۆن یەکێك لەگەڕەکەکانی شارەکە نـاوی لێنراوە گەڕەکی جوولەکەکان. لەوانەیە کەسانێك هـەبووبن ویسـتبێتیان ئـەم ڕایـەڵی پەیوەنـدی نێـوان مسـوڵمانە کوردەکان و جووەکان بپسێنێت- کەهۆکاربووە بۆ پەیوەندی پتەوی هاوڵاتیانی ئەو شارە.

جیمس ریچ: لەکتێبەکەیدا بەناونیشـانی (گەشـتی ریـچ بـۆ کوردسـتان) لـە ١٩/ی مـانگی ئـابی سـاڵی١٨٢٠ هـاتووە بـۆ ناوچـەی پێنجـوێن و لەگونـدی ئەحمـەد کـەلۆان ماوەتـەوە.

ناوبراو ئاماژە بەوە دەكات و دەڵێت: (لەشاری پێنجوێندا هەندێك خێزانی جوولەكە هەن و بازرگانی بەپێست و مازووەوە دەكەن. پێستی خۆشكراوی ئاژەڵ دەبەن و دەچن لەشاری هەمەدان دەیفرۆشن. هەروەها كاری زەرەنگەریش دەكەن. پێنجوێن سەرەڕێی هۆزە كۆچەرییەكان بووەو بەماوەی هەشت رۆژ پێرەو گەیشتوونەتە شاری سنە. لەو گەشتەی ناوبراو كەگەیشتۆتە گوندی (بێستان) ئاماژە بەوە دەكات: ژمارەی ماڵەكانی ئەو گوندە (٤٠) ماڵ بووە. (٢٥) دانەیان ماڵی مسوڵمانەكان بووەو (١٥)كەی دیكەشی ماڵی جووەكان بووە. ژمارەی جوولەكەكانی پێنجوێن چەند ماڵێك بووەو ڕێژەی تەواومان لەبەردەستدا نییە. بەڵام بەپێی گوتەی ئەوانەی لەوسەردەمەدا ژیاون، ژمارەی ماڵە جووەكان لەنێوان (٣٥-٤٠) خێزاندا بووە. ئەمەش ناوی ژمارەیەك خێزانی جوولەكەیە (دانا، باباشا، ساسون، چییە، ئورام، نونە شالوم و مالوم- ئەمەی دواییان حاخامی جووەكان بووە، هاوشێوەی پیاوە ئایینیەكانی مسوڵمانان.

هەموو ئەو خێزانە جووانە لەگەڕەكی تایبەت بەخۆیان ژیاون، جگە لەژمارەیەكی كەمیان نەبێت كەلە گەڕەكی (بەسلاو)دا ژیاون. گۆڕستانێكی تایبەت بەخۆیان هەبووە لەنزیك مەزاری (پیر یونس) هەركەسێكیان لێ مردبا لەوێدا ناشتویانە، هەرچەندە ئێستا ئەو گۆڕستانە هیچ شوێنەواری نەماوە.

پەیوەندی نێوان مسولمان و جوولەکەکان زۆر پتەو بووە. تەنانەت هەندێکیان کاسبیان پێکەوە کردووەو جیاوازی بیرو باوەڕی ئایینی نەبۆتە هۆکار بۆ سەرهەڵدانی کێشە لەکارەکانیاندا.

جوولەکەکان دەوڵەمەند بوون و خەریکی ئیشی زەڕەنگەری و دروستکردنی بۆن و کوتاڵفرۆشی بوون، تەنها کەسێك لەو جووانە خەریکی پینەچێتی و جلوبەرگ دورین بووە.

هەندێك لەدوکانەکانیان کەوتبووە بازاڕی شێخ مەحمودو هەندێکیشیان کەوتبووە بازاری گشتییەوە.

جووەکانی شاری پێنجوێن بازرگانیان لەنێوان هەردووك شاری سنەو هەمەداندا کردووە، هەندێك جوو تەنها کاری بازرگانیان کردووە، لەمانەش: (ساسون، چییە، ئورام.) سەبارەت بە ژن و ژنخوازی و خزمایەتیکردن لەنێوان ئەوان و مسولمانەکاندا شتی لەم بابەتە نەبووە، چونکە لەهەردووك ئاییندا ڕێگەپێنەدراو نەبووەو هەریەك لەجووەکان و مسولمانەکان پەیڕەوی ئایینی خۆیانکردووە.

خۆ ئەگەر یەکێکی جوولەکە باوەڕی بەئاییینی ئیسلام هێنابێت و بووبێتە مسولمان، ئەوا پێی گوتراوە مسولمانی تازەو بۆتە جێگای ڕێزلێگرتن و دوای ئەمە خزمایەتی کردن و ژن و ژنخوازی بۆتە شتێکی ئاسایی لەنێوانیاندا.

سەبارەت بەخوێندن، وەك هەر کەسێکی دیکەی

شـــارەکە مـــافی ئـــەوەیان هـــەبووە بخـــوێنن، لەگـــەڵ دروســـــتکردنی یەکـــەم قوتابخانـــە لەشـــاری پێنجـــوێن لەســـیەکانی ســـەدەی ڕابـــردوودا، منداڵـــەکانی جوولەکـــە شانبەشانی منداڵانی مسوڵمان چونەتە قوتابخانە. نموونەی قوتابییـە جوولەکـەکانیش: (سـلیمان، ئالیـا، فرایمـی کـوری مـــالوم) یـــەکێك لەمامۆســـتاکانی قوتابخانـــەی پێنجـــوێن جوولەکە بووە.

بەگشــتی لــەنێوان جووەکــانی کوردســتان و پێنجــوێن کەســـانی جوولەکـــەی خـــاوەن بڕوانامـــەی پزیشـــکی و مامۆستاو....هیتد، هەبوون.

# جوولەکەی چەمچەماڵ

چەمچەماڵیش وەك شارەکانی دیکە جوولەکەی تێدا ژیاون. لەم شارەدا جوولەکەکان لەژێر پارێزگاری مسوڵمانەکاندا بوون، تەنانەت خانووی مسوڵمانەکانیشیان بەکرێ گرتووە.

بەپێی گوتەی کۆمەڵێك کەسی بەساڵاچوو، لەمانەش: (شێخ تاهیر خورشید فەقێ ئەمین، لەدایکبووی ساڵی ١٩٢٩)[١].

چوار خێزانی جوولەکە لەشاری چەمچەماڵدا هەبوون و ئەمەش ناوی سەرۆك خێزانەکانیان بووە: (ئیسحاق، میرە جوو، عبدڵلا جوو، ناجی) بەڵام سەبارەت بەکارو پیشەیان ئیسحاق دوکانی کوتاڵفرۆشی هەبووە. میرە جووش دانەوێڵەی فرۆشتووە. ژنێکیش هەبووە بەناوی (لولی)و یەکەم کەس بووە دوکانی مەی فرۆشی کردۆتەوە، ئەو خاتوونە مێردەکەی ناوی عبدواللە بووەو دوکانی خۆراك فرۆشی هەبووە.

---

[١]- تێبینی: هەموو ئەو چاوپێکەوتنانەی لەم کتێبەدا هەن، مێژووەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ کۆتاییەکانی سەدەی رابردوو.

سـەرۆکەکەیان نـاوی (مـالوم)بووەو لەشـاری کـەرکوك دانیشتووە. ئەگـەر کەسـێکیان لـێ مردبا ئـەوا تەرمەکـەیان دەبردەوە بۆ گۆڕستانەکەی خۆیان لەکەرکوك.

جوولەکەکانی چەمچەماڵ بەبەراورد لەگەڵ شوێنەکانی دیکـە ڕێـزی زیاتریـان لـێگیراوەو خێزانـەکانیان زیـاتر تێکـەڵاوی خێزانـی مسـوڵمانە کوردەکـان بـوون. هـەروەها ئافرەتەکانیشـیان ئـازادی زیاتریـان هـەبووە لەئافرەتـەکانی دیکەی شارەکە.

سـرووتە ئایینیـەکانیان بەئازادانـە بەجێگەیانـدووە. جـەژنێکیان هـەبوو دەکەوتـە رۆژی شـەممەو ئـەو رۆژە پشـویان بـوو، نـەدەبوا ئـاگر لەچێشـتخانەی ماڵەکانیانـدا بکرابایـەوە. تەنانـەت ئەوەنـدە تێکـەڵاوی مسـوڵمانەکان ببـوون- وەك یـەك میللـەتیان لێهـاتبوو، بـەڵام دوای ئـەوەی حوکمەتی عێراقی بڕیاریدا راپێچیان بکات بۆدەوڵەتـە تـازە دروست بووەکەیان، ئسرائیل. ئەمە بووەهۆی دڵتـەنگی زۆر لای خـەڵکی چەمچـەماڵ و لای جوولەکـەکانیش. چـەند چـیرۆکێکی پـەژارەئامێز هـەن کەئاسـتی کاریگـەری ئـەو تێکەڵاوبوون و لێکدابڕانە دەگێڕنەوەو دیاردەخەن.

یـەکێك لـەو پیرەمێردانـە، گـوتی: بـیرم دێـت لـەکاتی ڕۆشتنیاندا یەکێك لەجوولەکـەکان گوتی: دەگەڕێینـەوە بـۆ نیشـتمانەکەی خۆمـان، دیـارە ئـەو غـەریبی و ئاوارەییـەی هەزاران ساڵ درێژەی کێشا، کۆتایی پێهات.

شــــاياني باســــكردنه گرديــــك لەچەمچــــەماڵ هەيــــە شوێنەواری کۆنـەو قسلْ و قـوڕە سـيراميكيەكەی نووسـينی لەســـەر نووســـراوەو مێژووەکـــەی دەگەڕێتـــەوە بـــۆ نيـــوەی هەزارەی دووەمی پێش زايين و لەژێر خاكی ئەو گردەدايـە. هەنـــدێك شـــوێنەوارناس دەيگێڕنـــەوە بـــۆ پاشمـــاوەی بـەجێماوی شـارێکی ئاشـوری بـەناوی (دورتـاليتی) كـەناوی ئەمشارە لەمێـژووی هێرشـکردنی (ئاشـور بانيبـاڵ)ی دووەم باسـکراوە- کەلەسـەدەی دوازدەی پـێش زايـين كردوويەتيـە سەر وڵاتی (زاموا) واتـا: هـەرێمی سلێمانی ئێسـتا بەشـێکی دەوڵەتی زاموا بووە.

# جوولەکەی کەلار

مێژووی بوونی جوولەکەکان لەشاری کەلار دەگەڕێتەوە بۆ (٧٠٠) ساڵ لەمەوبەر. لەناوچەی کەلار کەمینەیەکی جوولەکە ژیاون و پێکهاتوون لە(٢٩) خێزان. لەزەمکابان و بەشی لای راستی ڕووباری سیڕوان و کەلاری کۆن و قورەتوو، بڵاو بوونەوە. ئەوانە کاری سەوداو میوەفرۆشی و زەرەنگەری و دارتاشی و باغەوانیان دەکرد.

پەرستگایەکی تایبەت بەخۆیان هەبووەو ئێستاش ماوە. بازرگانێکی جوولەکەی لێبووە بەناوی (نەسیم جوولەکە) ئەو پیاوە کەسێکی باشبووەو یارمەتی خەڵکی هەژاری داوە. ناوبراو خاوەنی (٣٠٠)سەر مەڕ بووە. ئەمەش ناوی هەندێك لەو جوولەکە ناسراوانەیە: بنیامین کەحیە، کوبی جەرجی، خواجە میران و سەدیق شەممەیی.

بەڵام سەبارەت بەمردووەکانیان، ئەگەر یەکێکیان لێمردبا تەرمەکەیان دەبردەوە بۆ شاری خانەقین و لەگۆڕستانی تایبەت بەخۆیان دەیانناشت.

# جوولەکەی کفری

سەبارەت بەجووەکانی کفری، وەك مامۆستا (نەریمان ١٩٢٤-١٩٩٥) لەکتێبی بیرەوەریەکاندا باسی دەکات و دەڵێت: (ئەم شارە بەسەر دوو بەشی گەورەدا دابەش ببوو، گەڕەکی ئیسماعیل بەگ و گەڕەکی سیدەکان. هەر لایەکیشی گەڕەك و کۆڵانەکانی ناوی خۆیان هەبوو. لەمانەش: کویلی، قشڵ، گەڕەکی جوولەکان و گەڕەکی عەجەمییەکان. نزیکەی (٤٠-٥٠) خێزانی جوولەکە لەم شارەدا نیشتەجێ بوون. زۆربەیان لەناوچەی قەرەداغ و سلێمانیەوە هاتبوون.) ئەوانە کاری میوەفرۆشی و پێستەو دارتاشی و....هیتریان دەکرد.

شایەنی باسە لەسەردەمی عوسمانیەکاندا سەرۆکەکەیان ناوی (شارل) بووە، دوای مردنی ئەو (ساڵح دانیاڵ ) بۆتە جێگرەوەی. بەڵام لەسییەکانی سەدەی رابردوودا (نالیاو خدوری) بۆتە سەرۆکی جووەکان. ناوبراو کەسایەتیەکی پەسەند بووە، تەنانەت لای دەسەڵاتدارانی حکومی شارەکەش. ئەو برایەکی هەبووە بەناوی (بیشانی) جووەکان لەشاری کفری سرووت و نەریتی تایبەت بەخۆیان

هـەبووە. ڕۆژانـی شـەممە پشـوو بـووەو چـوون سـەردانی کەنیسەی خۆیان کردووە. لەگەڕەکی سیدەکان گۆڕستانێکی تایبەت بەخۆیان هەبووە، ئـەو گۆڕسـتانە دەکەوێتـە نزیـك (دەربەند تاڵە) پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانیان بەهێزو نەرم ونیـان بـووە لەگـەڵ خـەڵك. دوایـن سـەرۆك و حاخامیـان (قوچـە شـائول) بـووە، جوولەکـەکان زۆر ڕێزیـان لـەو پیـاوە گرتـووە. دوای مردنـی نـاوبراو (سـحقیل)ی کـوڕی بۆتـە جێگرەوەی باوکی. لەم شارەدا ژمارەیەك خێزانی جوولەکە ژیـــاون و لەلایـــەن مســـولمانەکان هـــیچ فشـــاریان نەخراوەتەســـەرو وەك هـەر کەسـێکی دیکـەی مسـولمان بەئاســایی ژیــاون. وەك ئاماژەمــان بــۆکرد لــەم شــارەدا گۆڕسـتانێکی تایبـەت بەجوولەکـە هـەبوو، بـەلام لەسـالانی گـەمارۆی ئـابووری سـەر عێـراق لەلایـەن کەسـانی کالـام و خۆشـباوەڕ هەلدراونـەوە، بـەو بـاوەڕی لەتـەك روفـاتی مردووەکاندا زێر هەیە.

# جوولەکەی قەڵادزێ

بەپێی سەرژمێری گشتی ساڵی (١٩٤٧)ی حکومەتی عێراقی، ژمارەی جووەکان لەناو شاری قەڵادزێ (١٠٤) کەس و لەدەوروبەری شارەکەش (١١) کەس بوون. چەند چاو پێکەوتنێکم لەگەڵ کۆمەڵێك پیاوی بەساڵاچووی خەڵکی شارەکەدا کرد، هەرچەندە وەڵامدانەوەکانیان سادە بوو، بەڵام گرنگی خۆی هەیە. ئەو خێزانە جووانەی لەناو شاری قەڵادزێ و دەورو بەریدا بڵاوببوونەوە نزیکەی (٤٥-٥٠) خێزان بوون، بێجگە لەناو شار، چوار خێزانی جوولەکە لەگوندی (کەستانێ)ی خۆرهەڵاتی شارەکە نیشتەجێ بوون. گەڕەکێکیان هەبووە بەناوی گەڕەکی جوولەکەکان و نزیکبووە لەقەڵاتی قەڵادزێ، کەنیسەکەشیان لەگەڕەکەکەیاندا بووە. لەخۆرئاوای شارەکە گۆڕستانێکی تایبەت بەخۆیان هەبووە بەناوی (دارێ والی) سەرۆکەکەیان ناوی (عاسی موش) بووە. واتا: حاخامەکەیان.

لەگەڵ خەڵکی شارەکەدا بەئاشتی ژیاون، وەك هەرکەسێکی دیکە. خەریکی ئاڵووێرو کشتوکاڵکردن و

پیشەکاری بوون. لەنزیك شارەکە شوێنەواری گۆڕستانەکەیان ماوە.

بازرگانێکی جوولەکە هەبووە بەناوی (ئەلیاس جوو) ناوبراو کەسێکی ڕێزداربووە لەلای خەڵکی شارەکە. عەبدوڵلای کوڕی ئیبراهیم بنە جوو دەڵێت: (وەختی خۆی پڕوپاگەندەی ئەوە دەکرا گوایا ئەو خێزانە جوولەکانە لەقەڵاچوالانەوە هاتوون بۆناوچەی پشدەر، بەڵام ئەو جەختی لەسەر ئەوە کردەوە، هاتنی جووەکان بۆ قەڵادزێ زۆر لەمە کۆنترەو بەڵگەش بۆ ئەمە ئەوەیە، گۆڕستانی جوولەکە هەن مێژووەکەیان دەگەڕێتەوە بۆسەرەتای دروستبوونی شارەکە، ئەم راستیەش خەڵکی شارەکە گەواهی بۆدەدەن. جوولەکەکان هەوڵیانداوە شوێنی گۆڕی مردووەکانیان دیاریکراو نەبێت، بۆئەوەی هەڵنەدرێنەوە. هەندێك لەجووەکانی شاری قەڵادزێ بوون بەمسوڵمان، لەمانەش: باوکم و خوالێخۆشبوو مەلا محەمەدی خەتیبی مزگەوتی ئیمام قاسم. ئەمانە لەدایك و باوکی جوو بوون.)

دەگێڕنەوە دەڵێن: کاتێك لەساڵی (١٩٥١) جووەکانیان لەبەردەم پۆلیسخانەی قەڵادزێ کۆکردونەتەوە بۆئەوەی بیانێرنەوە بۆ ئیسرائیل، یەکێك لەجووەکان سواری سەیارەکە دەبێت و هەنگوستیلەیەکی زێڕی لەپەنجەی دادەبێت، کەسێکی پۆلیس دایدەبەزێنێت و هەنگوستیلەکەی لێدەسەنێت و پێی دەڵێت: بۆ نازانی

بەپێی قانوون قەدەغەیە هیچ شتێکتان لەگەڵخۆتان ببەن. یەکێك لەپیرەمێردەکان (حەسەنی مام برایمی، لەدایکبووی ١٩٢٨) بەپێکەنینەوە گوتی: (بێوەژنێکی جوولەکەی جوان هەبوو بەناوی (سداجە) هەفتەیەك پێش رۆیشتنیان، ئەو خاتوونە سەردانی قامقامیەتی قەڵادزێی کرد، بۆ مامەڵەکردنی قانوونی رۆیشتنی.

قامقام پێی گوتووە: بۆچی تۆ دەڕۆیت؟ بۆچی نایەیتە سەر ئایینی ئیسلام و شوو بەکوڕێکی کورد بکەیت و لێرە بمێنیتەوە؟ تۆ جوانی و دەوڵەمەندی و موڵك و ماڵ و پارەی تەواوت هەیە. لەوەڵامدا گوتویەتی: من خۆم و هەموو موڵك وماڵەکەم لەپێناو نیشتمانەکەم ئیسرائیلدا دادەنێم، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەتا دەمرم خەڵکی قەڵادزێ بەخۆشەویست و کەس و کاری خۆم دەزانم و هەرگیز بیرم ناچنەوە.

بەساڵاچوێکی دیکە بەناوی (مام قادری میراو) گوتی: لێم گەڕێن با ئەوەی بینیومە بۆتانی بگێڕمەوە: تەمەنم لەنێوان (١٥ بۆ ١٦) سالان بوو. دوو رۆژ پێش راپێچکردنی جووەکان، تازە خۆرهەڵاتبوو، منیش دەڕۆشتم بۆپاسەوانیکردنی بێستانەکەمان. بینیم خاو خێزانی جوولەکەکان هاتبوون بۆ قەبرستانەکەی خۆیان لەدارێ والی. کەگوێم لەگریان و هاواربوو، راوەستام و لەژێر دارێك دانیشتم- بۆئەوەی بزانم ئەو مەینەتبارانە چی دەکەن.

ئەو پەژارەیەی کاری کردەسەر رۆح و ویژدانم قەد لەبیرم ناچێتەوە. ژنەکانیان وەك ئافرەتی کورد لەلارِوومەتی خۆیان دەداو شیوەنیان دەکرد. تێیاندا هەبوو باوەشی بەقەبرەکاندا دەکرد. پیاوێکی جوولەکەم بینی باخەڵی پرِکرد لەگڵی سەر قەبرێك. وادیاربوو هاتبوون بۆ دوا ماڵئاوایکردن لەو خۆشەویستانەیان کەلەم گۆرِستانە نێژرابوون. ئەم نرکەوناڵەو تلانەوەیە دڵمی کەواندە لەرزەو گریام، دواتر فرمێسکەکانم سرِین و بەخۆمم گوت: ئەم ژیانە چ حیکمەتێکی تێدایە هەتا مرۆڤ بەرگەی ئەم هەموو چەرمەسەری و نەدامەتیە بگرێت !؟

پێش چەند دەهەیەك جووەکان بەشێك بوون لەهاولاتیانی کوردستان و خاوەن داب ونەریت و سرووتی خۆیان بوون، بەڵام ئێستا بوونەتە رابردوو.

# جوولەکەی قەرەداغ

(موردخـای زاکـین) دەڵێـت: (کەلـە سـاڵی ١٧٨٤ شـاری سـلێمانی دامـەزرا، ئـەو گوتەیـەی لای خـەڵك باوبوو ئـەوە بـوو: هەرشـارێك جوولەکـەی تێـدا نـەبێت پێـی نـاڵێن شـار، چونکە بـوونی جوولەکـە لەهـەر شـوێنێك خواوەنـد رسـق و نیعمـەتی بـۆ زیـاد دەکـات. لەسـەر بنـەمای ئـەو گوتەیـە سـلیمان پاشـا نوێنـەری نـارد بۆشـاری قـەرەداغ بـۆ هێنـان و ڕاگواستنی کۆمەڵێك جوولەکە بۆ ئەم شارە تازەیە.)

مێـژووی جوولەکـەکانی قـەرەداغ مێـژوویێکی دێرینـە. جووەکانی نیشتەجێی قەرەداغ زیاتر لە (٦٠) خێزان بـوون. گـەڕەکێکیان لـەلێواری شـار هـەبووە بـەناوی (گـەڕەکی جوولـەکان) ئـەو گەڕەکـە لـەنزیك پـردە کۆنەکـە و بەتـەك گـەڕەکی (بـەهێ خـان)ەوە بـووە. کلێسـەکەیان لـەنزیك کانیـەك بـووەو هـەتا ئێسـتاش شـوێنەوارەکەی مـاوەو هـەتا ئـەمڕۆش خـەڵکی شـارەکە بەکەنیسـەی جووەکـان نـاوی دەبەن.

حاخـــامی کەنیســـەکەیان نـــاوی (ئیســـفیل)بووە. بازرگـانێکیش هـەبووە بـەناوی (حنینـا)و دوکـانی مـەوادی خۆراکی هەبووە، ئەمجۆرە دوکانانـە لـەو سـەردەکەدا پێیـان گوتوون دوکانی عەتاری، چونکە جگەلـە فرۆشـتنی مـەوادی خـۆراکی بـۆن و بەهاراتیشـیان تێـدا فرۆشـتووە. ئـەو پیـاوە خــۆراك و شــتی دیکــەی بەقــەرز فرۆشــتووە بەگونــد نشینەکان، هەتا وەختی کۆکردنەوەی بەروبووم و دانەوێڵە. کەسـێکی دیکـەش هـەبووە بـەناوی (حلوکـە)و لای خـەڵك ناسـراوبووەو ئیشـی چەرچیەتی کـردووە. کەسـێکی دیکـە هەبووە بەناوی (میرە جوو) ئیشی خمکاری کـردووە. بـەڵام ئـــەوانیتر وەرزێـــرو کرێکـــارو پیشـــەوەر بـــوون. بـــەپێی سەرژمێری گشتتی ساڵی (١٩٥٧)ی عێراقی ژمارەی جووەکـان لەشارۆچکەی قەرەداغ کەمبۆتەوە بۆ یەك کەس.

# جوولەکەی کەرکوك

شــاری کــەرکوك خــاوەنی زۆر شــوێنی مێــژوویی و شــوێنەوارەو نەتــەوەی زۆری تێــدا ژیــاون و جێدەســتیان دیــاربووە لەدەوڵەمەنــدکردنی مێژووەکــەی. جووەکــانیش بەشــێکبوون لــەو شارســتانیەتە. وەك ئــەو خوێندنگایــەی کەوتۆتــە گــەڕەکی موســەلاو لەســاڵی (١٨١٥) دامــەزراوە، هــەروەها خوێنــدنگای (ئــەلیاس) کەلــە ســاڵی (١٩١٣) دامەزراوە، خوێندنگای (مینا)ش لەقەڵاتی کەرکوك.

ژمارەی جووەکانی کەرکوك بەقەد ژمارەی جووەکانی بەغداد نەبووە، ئەوانە لەقەڵات و ناوچەی (جرداغلوا)دا نیشتەجێ بوون.

ســەرەتا جووەکــان لــەناو قــەڵاتی شــاری کەرکوکــدا نیشتەجێ بوون، ئینجا ژمارەی خانووەکانیان زیادیکردووەو دەوروبەری قەڵاتیشی گرتۆتەوە، هەتا لەساڵانی پەنجاکانی سەدەی رابردوودا رۆیشتوون.

ناوچەیەك هەیە بەناوی (پیر داود)و دەکەوێتە نزیك

بازاڕی گەورەی کەرکوك، بەگەڕەکی جووەکان ناسراوە. ماڵەکانیان بەتەك یەکەوە بووەو هەموو خانووەکانیان ڕێڕەوی کراوەیان هەبووە لەگەڵ یەکتریدا، هەتا گەیشتۆتە کڵێساکەیان.

شاری کەرکوك چوار مەزاری دێرینی پێغەمبەرانی جوولەکە لەخۆ دەگرێت. ئاشکرایە کۆنترین پەرستگا لەکەرکوك دوای مەزاری پێغەمبەر دانیاڵ. کەنیسەی (حەمرا)یە، کەمێژووەکەی نزیکەی هەزار ساڵە.

شایانی وەبیرهێنانەوەیە مزگەوتێك هەیە بەناوی مزگەوتی (مەلا عابد عبدوللّە) ئەو پیاوە لەدایك و باوکێکی جوولەکە لەدایکبووەو دوای ئەوەی دەبێت بەمسوڵمان، مزگەوتێك بەناوی خۆیەوە دروستدەکات، دوای مردنی تەرمەکەیان لەناو مزگەوتەکەدا ناشتووە. بەپێی سەرژمێری گشتی ساڵی (١٩٤٧) ژمارەی جووەکانی شاری کەرکوك بە(٤٠٤٢٩) کەس، هەژمارکراون.

# جوولەکەی خانەقین

ڕاپۆرتی ساڵانەی ویلایەتی بغدادی ئیدارەی عوسمانی ساڵی (١٥٩٤) ئاماژە بەوە دەکات ژمارەی جووەکانی شاری خانەقین (٧٢٤) کەس بووە، بەڵام بەپێی سەرژمێری گشتی حکومەتی عێراقی لەساڵی (١٩٤٧)دا ژمارەی جوولەکەکانی نیشتەجێی خانەقین (١٣٩٤) کەس بووە، بۆیەش ئامارەکانی حکومەتی عێراقی جێگای گومانن.

لەشاری خانەقین (٢٠٠) خێزانی جوولەکە هەبوون و لەگەڕەکەکانی (عبدوڵڵە بەگ و تیل خانە) نیشتەجێ بوون. کەنیسەیەکیان لەگەڕەکی (تیل خانە) بووەو تەنها خۆیان سەردایان کردووە. گۆڕستانی جووەکان لەخانەقین دەکەوێتە پاشا کوپری (گەڕەکی کرێکاران) کەگۆڕستانی لێوە نزیکەو لەلایەن حکومەتەوە تۆمارکراوە. حکومەتی هەرێم پلانی ئەوەی هەیە دیوار لەدەوری هەردووک

گۆڕســـتانی مەســـیحی و جووەكـــان كەدەكەوێتـــە نزیـــك پاڵاوگەی ئەلۆەند، دروست بكات.

بـــاری ئـــابووری جووەكـــان بـــاش نـــەبووەو زۆربـــەیان لەهەژاریـــدا ژیـــاون و خـــەریكی كاســـبی بـــازارو حـــەمباڵ و پیشـــەكاری وەك: خمچـــیەتی، پینەچـــی، دەبـــاغ، وەرزێـــرو ئاژەڵداری و...هیتد، بوون.

پێویســـتە ئامـــاژەش بەوەبكـــەین جووەكـــان تـــەنها لـــەناو شـــاری خانەقینـــدا نیشـــتەجێ نـــەبوون، بـــەڵكو ژمارەیـــەك لەئەوان لەگوندەكانیشدا نیشتەجێ بوون، وەك گوندەكانی: ئاوایی تـــەوە و مـــەحمود قەجـــەرو حـــوش كـــورو. (١٠) خێـــزان لـــەو گوندانـــەدا ژیـــاون. هـــەتا ئەوكاتـــەی لەســـاڵانی چلەكانی سەدەی رابردوودا كۆچیانكردو لەرێگای ئێرانەوە چوونەوە بۆ وڵاتەكەی خۆیان (ئیسرائیل.)

# جوولەکەی هەولێر

شاری هەولێر پایتەختی کوردستانی باشوور، دەکەوێتە سەرووی عێراق و لەسەرویەوە وڵاتی تورکیاو لە باشووری خۆرهەڵاتیشیەوە وڵاتی ئێرانە.

ساڵی (٢٣٠٠)ی پێش زایین لەلایەن سۆمەریەکانەوە دروستکراوە. ئەسڵی ناوەکەی وشەیەکی ئاشوریە (ئاربیلوار) واتا: چوار خواوەند، ئاماژەو دیارخەری چوار پەرستگا گرنگەکەی ئاشوریەکانە لەشاری ئەربیل.

لەسەردەمی ئاشوریەکاندا ناوەندێکی سەرەکی بووە بۆ پەرستنی خواوەند عەشتارو ئاشوریەکان بەپیرۆزیان زانیوەو پاشا کانیان پێش دەستپێکردنیان بەهەر هێرشێکی سەربازی وەك حەج و زیارەت سەردانی ئەربیلیان کردووە. لەوانەیە تاکە شاری سەردەمی ئاشوریەکان بێت کەوەك شارێکی ئاوەدان مابێتەوەو پارێزگاری لەئادگارەکانی کۆنی خۆی کردبێت.

لەنووسراوەکانی بابلی- ئاشوریدا ناوی بە (ئەربا- ئیلۆ) هاتووە (واتا: چوار خواوەند) ناوەندی پەرستنی خواوەند عەشتار بووەو دواتر ناوی (عشتار ئەربیلا)ی پێگوتراوە. هەروەها پەرستگای سەرەکی ئاشوریەکانیشی لێبووە.

شەڕی بەناوبانگی مێژوویی نێوان دارای سێیەمی ئەرخەمینی و ئەسکەندری مکدۆنی، ساڵی (٣٣١)ی پێش زایین، لەوێ کراوە. واتا: شەڕی (کوکمیلا) کەئەمە ڕێگە خۆشکەربووە بۆ داگیرکردنی کوردستان لەلایەن ئەسکەندەرەوە.

لەسەدەی سێهەمی پێش زایین، ئەربیل بۆتە شارێکی مەسیحی و ناونراوە (حدیاب)و بووە بەگرنگترین ناوەندەکانی مەسیحیەت.

لەساڵی (٣٢)ی هیجری، لەسەردەمی عومەری کوری خەتابدا، مسوڵمانەکان قەڵاتی هەولێریان داگیرکردووە. لەسەردەمی عوسمانیەکانیشدا ساڵی (١٥١٧) شاری هەولێر خراوەتەسەر ئیدارەی ویلایەتی موسڵ، ئەم ویلایەتە یەکێك بووە لەسێ ولایەتەکەی دیکەی عێراقی (بەسرەو بەغداد.)

لەهەولێردا (١١٠) تەپۆلکە (قەڵاتۆکە)و شوێنی شوێنەواری کۆن هەیەو مێژووەکەیان دەگەڕێتەوە بۆسەردەمی بەرد. گرنگترین پاشماوەی شوێنەوارە کۆنەکانی هەولێر بریتین لە: قەڵاتی هەولێرو گردی سەید ئەحمەدو منارەی چۆلی.

جوولەکەکان کاریگەری کلتوری کوردیان کەوتۆتەسەر، لەمانەش زمانی کوردی. ئەوانە بەزمانی ئارامی و کوردی دواون. دەڵێن بوونی جوولەکەکان لەم ناوچەیە دەگەڕێتەوە بۆسەردەمی ئەنفالکردنیان لەلایەن ئاشوریەکان.

زۆربەی جووەکانی هەولێر لەناوەراستی شارەکەدا ژیاون- بەتایبەت لەناو قەڵات لەگەڵ هاوڵاتییە رەسەنەکانیدا کەپشتاو پشتیان کورد بوون و توانیویانە پارێزگاری لەکلتورو داب و نەریتی خۆیان بکەن، تەنانەت ئەو کۆمەڵەو کەمینانەی لەقەڵاتی شارەکەدا ژیاون، خاوەنی ئایین و باوەڕی خۆیان بوون و هیچ کاتێك کوردەکان گرفتیان لەبەردەم ئازادی ئەو جوولەکانە دروست نەکردووە. ئەو جووانە ژمارەیان زۆر بووە. لەم بارەوە (هاوکار چاوشلی) دەڵێت: (بێجگە لەقەڵاتی هەولێر لەلێوار شاریش گەڕەکێکی بچوك بەناوی جوولەکەکان هەبووە، گوایە ئەو جووانەی لەم گەڕەکە نیشتەجێ بوون لەقەلاتی هەولێرەوە هاتوون. گەڕەکی جوولەکەکان کەوتبۆ نێوان گەڕەکەکانی عەرەب و سەعدون ئاوا، لەو گەڕەکەدا خەڵکانی مسوڵمانیش نیشتەجێ بوون، لەبەر ئەمە دابەشبووە بەسەر دوو گەڕەکدا: گەڕەکی تەعجیلی جووەکان و گەڕەکی تەعجیلی مسوڵمانەکان. بەڵام سەبارەت بەو جووانەی لەقەلاتی هەولێر نیشتەجێ بوون، کەنیسەکەیان لەخۆیانەوە نزیکبووە. ئەوانە پەیوەندی

باشیان لەگەڵ خەڵکی شارەکەدا هەبووە. جووەکان زیاتر ئافرەتەکانیان دەبوون بەمسوڵمان، چونکە کاتێك توشی کێشە دەبوونەوە بەدوای دەرچەیەکی سەلامەتدا دەگەڕان، بۆیە پەنایان بۆ کوردەکان بردووە. هەندێك لەکوردەکانیش داوای هاوسەرگیریان لەئافرەتە جووەکان کردووە، لەمانەش: حاجی فاتمەو ئامینە ئیسحاق و... هیتد. بوون بەمسوڵمان.

لەپیاوەکانیش بەنموونە: حاجی فەقێ مراد، کەخۆی و خێزانەکەی بوونەتە مسوڵمان. ئەو بازرگانێکی بەناوبانگ بووەو دوای ئەوەی هاتۆتەسەر دینی ئیسلامی مزگەوتێکی بەناوی خۆی (فەقێ مراد) دروستکردووە. ناوبراو لەساڵی (٢٠٠١) کۆچی دوایی کردووەو ئێستاش رۆڵەکانی لەهەولێری پایتەخت دەژین.

ئەوکاتەی دەوڵەتی جوولەکە دروستبوو، جووەکان رۆیشتن و هەموو بیرەوەریە خۆش و ناخۆشەکانیان جێهێشت و هەموو مڵك وماڵ و ئەو دەستو دیاریانەی هەیانبوو بەنرخێکی هەرزان فرۆشتیان و دەیانگوت: ئێمە دەفرۆشین وئێوە دەیکڕن، ئەی ئەوکاتەی ئێوە دەی فرۆشن کێ لێتان دەکڕێت؟!

ئەمە ناوی هەندێك جوولەکەی ناسراوی شارەکەیە: یوسف سالح- موختاری گەڕەکی تەعجیل. دانیاڵ غزرەکان، قەساب. زەکی باروخ، مامۆستای هونەر. ساسۆن درین،

خـاوەنی دوکـان. نەسـیم دانـی، کوتـالفرۆش. شـحیل داوود، شوشەو فەخفوری فرۆش. موسا سلجاھ، فرۆشیاری مـەوادی خــۆراکی. نــاموم بیخلــی، دوکــانی مــەی فرۆشــی هەبووەو...هیتد.)

بــەپێی ســەرژمێری گشــتی ســاڵی (١٩٢٠) ژمــارەی جووەکانی شـاری هـەولێر (٤٨٠٠) کـەس بـووە. بـەڵام بـەپێی ســەرژمێری گشــتی حکومــەتی عێراقــی لەســاڵی (١٩٤٧)دا ژمارەی جوولەکەکانی ناوەندی شاری هـەولێر (١٣٢٠) کـەس، بوون.

# جوولەکەی کۆیە

زۆربەی جووەکانی شاری کۆیە لەگەڕەکی (هواو)دا نیشتەجێ بوون، هەندێکیشیان لەوگەڕەکەی پێیان دەگوت: بەفری قەندی، بوون.

لە کتێبی: (گەشتی میسونیرك، سالّی (١٨٧٨) بۆ کوردستان. ناوبراو چووە بۆ شاری کۆیەو دەلّێت: دانیشتوانی ئەم شارە نزیکەی (١٠) هەزار کەس بووەو رێژەی جوولەکەکانیش (٣٠) خێزان بوون.) بەلاّم بەپێی سەرژمێری گشتی سالّی (١٩٤٧)ی حکومەتی عێراقی، ژمارەی نیشتەجێبوانی جوولەکە لەوشارەدا (٤٤٠) کەس بوون.

(شمسدین سامی) سالّی (١٨٩٨) لەکتێبەکەیدا دەلّێت: (قەزای کۆیە لە (٢٥٢) گوندو ئاوەدانی پێکهاتووە، رێژەی دانیشتوانی نزیکەی (١٨) هەزار کەس بووە. (٥٠٠) کەسیان کلدانی بوون. (٦٠٠) کەسیشیان جوولەکەو ئەوەی ماویشتەوە مسولّمان بوون).

لەکاتێکا ژمارەی جووەکان لەسالّی (١٩٥١)تەنها (٤٠٠) کەس بوون. بۆیە هیچ سەرچاوەیەکی تەواو باوەڕپێکراو

نییە سەبارەت بەژمارەی جووەکان لەم شارەدا. جووەکانی کۆیە جگەلە زمانی عیبری زۆر بەباشی بەزمانی کوردیش قسەیان کردووە. ئاشکرایە هەموو میللەتێك زمانەکەی شوناسیەتی بۆپاراستنی نەتەوەکەی.

گۆڕستانێکی تابەت بەخۆیان هەبووە. بەڵام دوای کۆچکردنیان بۆ ئیسرائیل حکومەتی عێراقی ئەو گۆڕستانەی لەناوبردو کردی بەشوێنی نیشتەجێ بوون و گەڕەکێکیان لێدروستکرد بەناوی (سەرباغ.)

شایانی باسە سەرەتای هاتنی جووەلەکە بۆ شاری کۆیە، خەریکی کشتوکاڵ و وەرزێری بوون، دوای ئەوە چوون بۆشارو خەریکی کاسبی و ئیشی پیشەکاری بوون. ئەو کەسە ناسراوانەی خەریکی ئیشی پیشەیی بوون ئەمانە بوون: حایە، شلکە، یابی، داوودۆك، لهبلە، مارمور، شنتو، بنیامین، فەرجی بابە جویە، میسان ئیبن رەحمان و حیوم.

لەراستیدا جووەکانی شاری کۆیە لەئیشی پیشەیدا داهێنەر بوون.

دەوڵەتی عوسمانی لەساڵی (١٨٥٥) بڕیارێکی قانوونی دەرکرد لە دەقەکەیدا هاتووە: هەموو جوولەکەیەك دەتوانێت پارەبدات لەبری سەربازیکردن. ئەم بڕیارە بووەهۆی ئەوەی جووەکان هەلیان بۆبڕەخسێت و هەر خەریکی کاری خۆیانبن، بەڵام سەبارەت بەگەنجە کوردەکان

دەبــوا لەخزمــەتی ســەربازیدا مابانــەوەو نەیانــدەتوانی لـەرووی ئابووریـەوە هەلومـەرجی خۆیـان باشـبکەن و پـارە کۆبکەنــەوە. جووەکـانی کۆیــە هــەموو مــافێکی سیاســی و ئــابووری و ئایینیــان هــەبووە، پەیوەنــدی نێــوان کــوردو جووەکـان زۆر باشـبووە. کۆمـەڵێك کەسـایەتی و ڕیشسـپی ئــەم شــارە بــەرگریان لــەمافی جوولەکــەکانی ئــەم شــارە کردووە. لەمانەش: کاك زیاد، ئاغای غەفووری، مەلای کۆرە-خــەتیبی مزگــەوتی گــەورەو جــەمیل ئاغــای عــەوێزی. ئەوکاتــەی جووەکـان لەبـەردەم پۆلیسـخانەی شـاری کۆیـە کۆکرانــەوە بەمەبەسـتی ناردنـەوەیان بـۆ ئیسـرائیل. واتـا: ساڵی (١٩٥١) خەڵکی شاری کۆیە لەسەر شەقامەکان راوەسـتا بوون و غـەمگین بـوون و فرمێسـك لەچاوەکانیاندا قـەتیس مابوو، هەر بۆیە دەبینین لەساڵانی (٢٠٠٨- ٢٠٠٩)دا کۆمەڵێك جــوو بەســەردان هاتوونەتــەوە شــاری کۆیــە، لەمانــەش: موردەخای ئیبراهیم سلیمان، ئەیوب، سلیمان حاتان، نیسـان قوردخای.

# جوولەکەی دیانە

جووەکانی شاری دیانە لەناوچەی دهۆکەوە هاتوون، من خۆم لەگوندی باوڵیان لەگەڵیاندا ژیاوم و ژمارەیان نزیکەی (١٠) خێـزان بـوون. (ئەمـە بـەڕێز: حـاجی ئەحمـەد حسـێن- لـــەدایکبووی (١٩٣٠) وادەڵێـــت: خانووەکانیـــان بەتـــەك یەکتریەوە بوون، لەنێوان خۆیاندا بـەزمانی خۆیـان دەدوان، زمـانی کوردیشـیان بەباشـی دەزانـی. زۆربـەیان خـەریکی ئیشـی رسـتن و چـنین و کشـتوکاڵکردن بـوون. پابەنـدی باوەڕەکـــەیان بـــوون و بەوپـــەڕی ئازادانـــە ســـرووتە تایبەتیەکانی خۆیان بەجێ دەگەیاند. لەگەڵ خەڵکی شـاردا تێکـەڵاویان هـەبوو. بـەڵام سـەبارەت بـەژن و ژنخـوازی و خزمایەتی کـردن لـەنێوان مسـوڵمان و جووەکـان، شـتی لـەم جۆرەمان نەبووە.

ئەمـــەش نـــاوی ژمارەیـــەك خێزانـــی جوولەکـــەی نیشتەجێی شاری دیانەیە: میخائیل بخشـی، جامو ئـەلیاس، داود خوسـی. بـەڵام ژمـارەی ئـەو جوولەکانـەی لەگونـدی (رۆســتێ) نیشـتەجێ بـوون، بـەڕێز: حـاجی (ئیسـماعیل

مـەحموود- لـەدایکبووی (١٩٢٩) دەڵێـت: (٣٠) خێـزان بـوون. واتـا: ژمـارەی کەسـەکانیان لـەنێوان (١١٠- ١٢٠) کـەس بـوون. لەوگونـدەدا خـانووی جووەکـان بەیەکتریـەوە نوسـابوون و لـەولای گوندەکـەوە بـوون. تـەداروکاتی بـووك هێنانیـان هاوشـێوەی ڕێـورەسمی کـوردەواری بـوو. دوو گۆڕسـتانی تایبەت بەخۆیان هەبوو بەناوەکانی: غەرەی کنیشەو سینی سەفەر.

پەیوەنـدی نێـوان کـوردو جووەکـان باشـبوو، جیـاوازی ئـایینی نـەببووە هۆکـار بـۆ سـەرهەڵدانی هـیچ کێشـەیەك. سـەبارەت بەخوێنـدنی منداڵەکانیشـیان لەگونـدی ڕۆسـتی قوتابخانـەی سـەرەتایی لێبـوو و منـداڵی جووەکـانیش هاوشانی منداڵە مسوڵمانەکان مافی ئەوەیان هەبوو بچن بۆ قوتابخانـە: ئەمـەش نـاوی هەنـدێك قوتـابی جوولەکەیـە: نـاهود کـوڕی بلبـل، بـالموك سـونوی، فەیسـەڵ برانسـبوك. حاخامەکەشیان نـاوی بنیـامین بـوو. شـایانی باسـە کەسـێك هـەبوو بـەناوی (موزەخـان) ناوەنـاوە بۆمـاوەی سـێ مـانگ دەڕۆیشـت و سـەفەری دەکـرد. کەلێشـیان دەپرسـی لـەکوێ بووی، دەیگوت: مـن مـالومم و بەگوندەکانـدا دەگـەڕێم بـۆ سەربڕینی ئاژەڵ بۆ جووەکان. دواجار لـەکاتی گەڕانـەوەیان بۆ ئیسـرائیل لەسـاڵی (١٩٥٠) نـاوبراو ڕاسـتییەکەی درکانـدو گوتی: ئەوکاتەی لەگوندەکە دیارنەدەمام، ئـەوا دەچـووم بـۆ ئیسرائیڵ بۆکاری سیاسی. ئەمەش ناوی هەنێك جوولەکەی

ئەو گوندەیە: زمیرە رونو، یەهودا بیت شیت، میکایل رزی، برایم جوو، جرشور لیعاش، شەبتە، ملم دانیر، شیرین مەلەکان، ناز لیروك و رفقە. بەمجۆرە لەگەڵ جووەکاندا ژیاین بەبێ هیچ کێشەیەك.

# جوولەکەی شەقڵاوە

ژمـــارەی جووەکـــان لەشـــاری شـــەقڵاوە نزیکـــەی (٥٠) خێزان بووە. بەڵام دوای سـاڵی (١٩٥٠) ژمارەیـان کەمبۆتـەوە بـۆ سـێ خێـزان. ئەوانـە خـەریکی ئیشـی پیشـەیی بـوون. لەنێوان ئەو جووانەدا دوو کەسی بەتواناو لێهاتوو هـەبوون بـەناوەکانی: نیسـو و دانـو، ئەوانـە بازرگـانی گـەورە بـوون. چـەند کەسێکیشـیان مامۆسـتا بـوون، لەمانـەش: (زەکـی باروخ)[١].

گۆڕستانێکی تایبەت بەخۆیان لەسـەر گردێك هـەبووە، داب و نـەریتی خۆیـان هـەبووەو هەنـدێکیان لـەهی ئێمـە چـووە. سـەرۆکەکەیان نـاوی (حاخـام )بـووەو لەگونـدی (حـەریر) دانیشـتووەو ئەرکـە ئایینیـەکانیان لـەوێ بـەجێ گەیاندووە. بەپەیوەندیان لەگەڵ مەسیحیەکاندا لاوازبـووەو

---

[١]- بشماس میخائیل. مێژووی شەقڵاوە. چاپخانەی ماردین. سـاڵی ٢٠٠٠ ل ٦٣

لەئاســـتی پێویســـتدا نـــەبووە- تەنانـــەت خۆشیشـــیان نەویســـتون و بـــەدوژمنیان زانیـــون. بـــەڵام ســـەبارەت بەجوولەکـەی (بەحرکـە) بـەڕێز (حـاجی سـوارە مـەولود ئەمین، لەدایکبووی ساڵی (١٩٢٦) دەڵێت: ژمـارەی جووەکـانی بەحرکــە (١٠- ١٢) کــەس بــوون. زۆربــەیان هــەژاربوون و خەریکی کاسبی وەك: قالیچە چنین و بەرماڵ رستن بوون و بــەو ئیشــەیان بــژێوی ژیــانی خۆیــان دابــین کــردووە. هەرچـەندە زۆر دەترسـان، بـەڵام زۆربـەی خـەڵکی بەحرکە هەڵسوکەوتی باشـیان لەگەڵدا دەکـردن، هەمیشـە جووەکان ویسـتویانە بەئاشـتیانە لەگـەڵ خـەڵکی شـارەکەدا بـژین و حەزیان لەگرفت و کێشمەکێش نەبووە.

کاتێــك دۆخــی ئــابووری تێکدەچــێت -یــان هــەژاری و بێکـاری زۆردەبێـت، پیرەمێردەکـانی شـەقڵاوە دەڵـێن: ئـەو خێــرو بەرەکەتـــەی بـــەبوونی جووەکـــان لەشـــارەکەیاندا هەبووە، لەگەڵ رۆشتنی جووەکاندا رۆیشت.

# جوولەکەی ڕەواندز

شاری ڕەواندز بەدرێژایی چەند سەدەیەك قەرەباڵغ و پڕ دانیشتوان بووە، لەسەردەمی دەوڵەتی عوسمانیش، پایتەختی شانشینی سۆران بووە. بەتایبەت لەو ساڵانەی (میر محمد پاشای ڕەواندزی) سەربەخۆی خۆی لەدەوڵەتی عوسمانی ڕاگەیاند.

هەر وەك هەموو شارو گوندەکانی دیکەی کوردستان جووەکان لەم شارەدا بەئاشتیانە ژیاون. (سەیدو تورانی) لەگەشتنامەکەی (١٩٣١) کەلە عەممانەوە هاتووە بۆ ئامێدی و لەوێشەوە چووە بۆ ڕەواندز، دەڵێت: ژمارەی ماڵی ئەو شارە (٥٦٥) ماڵە کوردو (٧) ماڵی جوولەکەیە. بەڵام بەپێی سەرژمێری گشتی ساڵی (١٩٤٧)ی حکومەتی عێراقی ژمارە جووەکانی ناو شاری ڕەواندز (٢٩٥) کەس بووە، ژمارەی ئەو جووانەی لەناحیەی حەریر بوون (١٥١) کەس و ئەوانەی لەناحیەی باڵەکیش بوون (٤٢) کەسن.

# جوولەکەی دهۆك

هەرچــەندە زیــاتر لەســەدەیەك جوولەکــە لەشــاری دهۆکـــدا هـــەبوون. بـــەلاّم بەڵگـــەو نووســـراوی کـــەم لەبەردەســـتدان، دەربـــارەی جووەکـــانی دهـــۆك. ژمـــارەی دانیشتوانی شاری دهۆك لەساڵی (١٩٤٧) (٤٠٠٠) هـەزار کـەس بـووە، لـەو ژمارەیـەش (٢٥٠) جوولەکـەو (٣٥٠) مەسـیحی بـوون. جووەکـان خـەریکی کشـتوکاڵکردن و وەرزێـری و دروستکردنی شاڵ و بازرگانی و...هیتد، بوون.

گەڕیــدەی جوولەکـــە (بنیـــامینی دووەم) ســـەبارەت بەگونـــدی (ســـندور)ی جوولەکەنشـــینی ناوچـــەی دهـــۆك دەڵێـت: (دوای یـازدە کیلۆمـەتر لەسـەر ڕێگاکـەمان تووشـی گونـدێك بـووین بـەناوی سـندور کەلەسـەر گردێکـی بـەرز دروســـتکرابوو، نزیکـــەی (٢٥) مـــاڵ دەبـــوو، هەمووشـــیان جوولەکە بوون.

(ئەحمـــەد سوســـە) لەکتێبەکـــەی لـــەژێر ناونیشـــانی (چاوپیاخشـانێك بەمێـژووی دێرینـی جووەکـانی عێـراق) ئاماژە بەوەدەکات جووەکان لەناوچەکانی: ئامێدی، ئاکرێ،

دهۆك، زاخۆ، زرێبار، برواری سەروو، برواری خوارو، مزوری و دۆسـکی بڵاوبوونـەوە. هـەروەها دەڵێـت: دوو گونـدی تایبـەت بـەجووەکانیش هـەبوون، ئـەوانیش لـە بـرواری سەروو بوون، زۆربەی گوندی بەراش جوولەکەنشـین بـووەو خەریکی ئیش وکاری تەون و بزووکردن بوون.)

بـەڵام بـەپێی سـەرژمێری سـاڵی (١٩٤٧)ی حکومـەتی عێراقـی، ژمـارەی جووەکـان لەشـاری دهـۆك (١٧٣٩) کـەس و لەناحیەی سلیفانی (٦) کەس و لەناحیەی سندی (٤٩) کـەس بوون. لەسـەرەتای پـەنجاکانی سـەدەی بیسـتەم، جووەکـانی دهۆك کۆچیانکرد بۆ ئیسرائیل و دەسەڵاتدارانی ئیسـرائیل ئەمانەی لەدەوروبەری شاری قودس نیشتەجێ کردن.

# جوولەکەی زاخۆ

زاخۆ پێگەیەکی ستراتیژی گرنگی هەیەو هەر سێك وڵاتی تورکیاو سوریاو عێراق بەیەکەوە دەبەستێتەوە. ئەم پێگەیە بووەهۆی ئەوەی ببێتە خاڵی کۆکردنەوەو لێوە دەرچوونی ئەو جووانەی بەقاچاغ دەڕۆشتن بۆ فەڵەستین.

جووەکانی عێراق پێش جەنگی جیهانی یەکەم و داگیرکرنی عێراق لەلایەن بریتانیا، لەساڵانی (١٩١٨) هەندێکیان لەرێگای زاخۆوە کۆچیاندەکردو دەچوونە دەرەوەی وڵات.

(رابی داڤید) گەڕۆکی جوولەکە، لەکاتی سەردانەکەی لەساڵی (١٨٢٧) دەڵێت: نزیکەی (٦٠٠) خێزانی جوولەکە لەم شارەدا هەن‌و دەوڵەمەندترین کەسی ناوچەکە کەسێکی جوولەکەیە بەناوی (جالوس)و سەرۆکی جووەکانیشە. زۆر کەسی دەوڵمەندی جوولەکە هەن و خاوەنی مەڕو ماڵاتی زۆرن. ئەوانە کاری پیشەیی دەکەن‌و زۆربەشیان پیشەی تەون و بووزو. کەنیسەیەکی زۆر کۆنیان هەیەو بە بەردی گەورە دروستکراوەو کەوتۆتە سەر رۆخی رووبارەکە.

هەنـدێك دەستنووسـی كۆنیـان هـەن كەجگەلـە جیـاوازی هەنـــدێك پیـــت، هـــیچ جیاوازیـــەكی دیكـــەیان لەگـــەڵ نووسراوەكانی ئێمەدا نییە).

گەرۆكی بـەناو بـانگی جوولەكە (بنیـامینی دووەم)یـش بەمجۆرە باسی دەكات: نزیكـەی (٢٠٠) خێزانـی جوولەكـەی تێدا نیشتەجێیە، زمان و نەریتی عیبری نـازانن، زانیارییـان لەسـەر (لاویـین)(١) زۆر كەمـە. هـەر ئاواییـەك تـەنها سـێ چـــوار جوولەكـــەی تێـــدان. بـــەڵام ئاهـــەنگ و نەرتـــە ئاییــنیـەكانیان تائێسـتاش بـەپێی داب و نـەریتی مێـژووی كۆنــە، بۆیــە پێموایــە ئەوانــە بەشــێكبن لــە دە تــیرە ونبووەكـە.)(٢) درێـژەی پێـدەدات و دەڵێـت: (شـاری زاخـۆ دەبێـت بـەدوو بەشـەوە بەشـێكیان مسـوڵمانن و بەشـەكەی دیكەشـــی زۆربـــەیان جوولەكـــەن و بازرگانـــانی دیـــاری شارەكەن. زاخۆ یەكێكە لەوشـوێنە دێرینانـەی جوولەكـەی تێدا نیشـتەجێ بـوون. ژمـارەی دانیشـتوانی بـەپێی ئامـاری گشـتی سـاڵی (١٩٤٧) (١١٤٠٠) كـەس بـووەو لـەو ژمارەیـەش (٥٠٠٠) هــەزار كەســیان جوولەكــە بــوون و بەچــوار زمــان قســەیانكردووە. كـوردی، عـەرەبی، عیـبری و لەسـرووت و

---

١- سەیری تەورات بكە پاژەی (٢) ل٤٠

٢ - دە تــیرە. مەبەســت لــەو دە هۆزەیــە كەلەكۆنــدا دەوڵــەتی ئیسرائیلیان پێكهێناوە.

نوێــژو ســڵاواتە ئایینیەکانیشــیاندا بــەزمانی ئــارامی گوتویانەتەوە. لەڕاستیدا ئەم زمانـەی دواییـان زۆر زاراوەی تورکی و فارسی و عەرەبی و کوردی و عیبری تێکەڵاو بووە.

لەڕیزبەنــدی کۆمەڵایەتیانــدا حاخــام هەیــە کەپەروەردەی ئایینی و سوننەتکردن و سەربڕینی ئـاژەڵ و مـارەکردن ئەکەوێتـە ئەسـتۆی ئـەو. هـەروەها (شاشـام)یش داودەرمان و بۆن دروستدەکات و خەونەکان لێکدەداتەوە.

# جوولەکەی بارزان

سەبارەت بەناوچەی بارزان هەموو شارۆچکەو ئاوەدانیەکی جوولەکەی تێدا بڵاوبوونەتەوەو لەگەڵ ئەوانی دیکەدا ژیاون و سەرقاڵی بژێوی ژیانیان بوون. جوولەکەو مسوڵمان و گاور لە گوندی بارزان پێکەوە ژیاون و هەر یەکەشیان پەرستگای ئایینی تایبەت بەخۆیان هەبووەو سرووتە ئایینیەکانی خۆیان تێدا بەجێ گەیاندووە. ئەوەی لێرەدا سەیرە جوولەکەکانی کوردستان بەدرێژایی ئەو مێژووە دوورو درێژە دەستبەرداری زمانە ئەسڵیەکەی خۆیان نەبوون- ئەو زمانەی لەلایەن پێغەمەر موساوە بەکار هاتووە.

بەپێی گوتەی ڕیش سپی و بەساڵاچووەکان لە ساڵی (١٩٢١)دا ژمارەی جوولەکەکان لە مسوڵمان و گاورەکان زیاتر بووە. ئەوانە خەریکی باغەوانی بوون، کە ژمارەی ئەو باغ و بێستانانە نزیکەی (٢٠٠) دانە بووەو هەریەکەیان بەناوی خاوەنەکەیەوە بووە. بۆنموونە: باغەکانی: بیوك، سۆلس، قس، دیرو موشی و... هتد. بەشێوەیەك ئەو باغ و

بێستانانە بەڕێوەبراون خاوەنەکانیان کە لەسەر مەزهەبی دیکەش بوون، هیچ کێشەیەکیشیان لەنێواندا دروست نەبووە.

گاورەکان هەرچەندە ژمارەیان کەم بووە، بەڵام دوو گوندی تایبەت بەخۆیان هەبوون بەناوەکانی: (بیدیاڵ و ئەردیل)، بەڵام جووەکان هیچ گوندێکی تایبەت بەخۆیان نەبووە.

# جوولەکەی ئاکرێ

نزیکـــەی (١١٠- ١٢٠) خێزانـــی جوولەکـــە لەهـــەردووک گەڕەکی حوسلای (واتا: شاری ئاکرێی جووەکان) و گـەڕەکی (جەژنیکا)ی ئەم شارەدا نیشتەجێ بوون.

جووەکـان کەسـانی دەوڵەمەنـد بـوون و خـەریکی کـاری پیشەوەری بوون. ئەوانـە بەسەربەسـتانە ژیـاون و خـاوەنی گۆڕستان و کەنیسەی تایبەت بەخۆیان بـوون. (حـاجی نـوح ئـاکرەیی لـەدایکبووی (١٩٢٥) دەڵێـت: بـیرم دێـت جووەکـان لەبۆنە ئایینیەکانیاندا سرودێکیان بەزمانی عیبری دەگوت، ئێمـــە جگـــە لەوشـــەی ئیزرائیـــل هیچـــی دیکـــەی تێنەدەگەیشـــتین و وامانـــدەزانی لـــەئیزرائیل دەترســـن. لـەکاتێکا ئـەوان دەیـانگوت: نیشـتمانمان ئیسـرائیلەو بـژی ئیسرائیل.

بـــەپێی ئامـــاری ســـاڵی (١٩٤٧)ی حکومـــەتی عێراقـــی. ژمارەی جووەکانی دانیشـتووی شـاری ئـاکرێ (٤٧٣) کـەس و ژمارەی جووەکـانی ناحیـەی سوچیە (٢٤٧) کـەس و ژمـارەی ناحیەی حەوت عەشایر (١٩٩)و ژمـارەی جووەکـانی ناحیـەی (پیرە گەورە)ش (٨٦) کەس بوون.

## جوولەکەی ئامێدی

بـــەپێی سەرچـــاوەکان، جووەکـــانی ئامێـــدی دوو کەنیســـەیان لەشـاری ئامێـدی هـەبووەو کەوتونەتـە سـەر قەڵاتەکەی. هەروەها کەنیسەیەکیشـیان لەسـندور هـەبووەو چوارەم کەنیسەشیان لە(بیت نور) بووە.

مەزارێکیشیان هەیە بەناوی (باین حران) واتـا: داوودی کـوڕی یوسـفی پێغەمبـەریان- کـە لـە سـاڵی (١٦٢٠)ی زاینیـدا مـردووە. لەتـەك گۆڕەکـەی نـاوبراو قـەبری هاوسـەرەکەی خـــاتوو (نەجادە)یـــەو کەوتۆتـــە نزیـــك کەنیســـەکەیان لەئامێدی.

بەپێی ئاماری گشتی ساڵی (١٩٤٧) ژمـارەی جوولەکـەکان لەناو شاری ئامێدی (٢٠) کەس بوون، لەناحیەی عەمادیەش (٦٢) کەس و لەناحیەی بزوەریکـان (١١٤) کـەس و لەناحیـەی برواریش (١٠٥) کەس بوون.

لەلایـــەکی دیکـــەوە هـــەر لەســـەرەتای دروســـتکردنی خوێنـــدنگای (ئەلیاســـی) جوولەکـــە لەســـەرەتای ســـاڵانی سەدەی بیستەم لەشارەکانی وەك: موسڵ و حیلـەو کازمیـەو

عمارەو بەسرە، لەژێر کاریگەری کۆمەڵەکانی فەرەنسی بریتانی و بەپەیڕەوکردنی ئەمەو ڕێنمایی وەفدی ئایینی بریتانی بەسەرۆکایەتی دکتۆر دەبلیو، ئەو خوێندنگا جوولەکەییەش (ئەلیاس) لەشاری ئامێدی دروستکراوە.

## جوولەکەی موسڵ

لەساڵی (١٠٨٠) ئاشوریەکان شاری نەینەوایان کردبە پایتەختی خۆیان، شوێنەواری شارە کۆنەکە لەبەشی چەپی ئەوشارە هەرماوە، ئەو دیوارەی کەئاشوریەکان بەدەوری ئەو شارەدا دروستیان کردووە، لەدەروازەی خۆرنشین و گردی قوینجق و دەروازەی مسقی و دەروازەی نرکاڵ و گردی پێغەمبەر یونسدا شوێنەواریان ماوە. هەروەها ئاشوریەکان کۆمەڵێك قوللەیان بۆ بەرگریکردن لەخۆیان دروستکردووە، واتا لەسەر رووباری دیجلە لەبەرامبەر شاری نەینەوا کەپێی دەڵێن (قایمە رێگا) لەساڵی (٦١٢)ی پێش زاین، میدی و کلدانییەکان دوای شەڕێکی خوێناوی ئەو شارەیان داگیرکردووەو وێرانیان کردووە. شاری موسڵ بە یەکێك لەگرنگترین شارە مێژووییەکان دادەنرێت، چونکە پایتەختی ئیمپراتۆریەتی ئاشوری بووەو گەیشتۆتە لوتکەی بەرفراوانی فەرهەنگی خۆی. لەهەزارەی یەکەمی پێش زاییندا گەورەترین کتێبخانەی تێدابووە کەمرۆڤایەتی بەخۆیەوە بینیبێت.

لەرووی مێژووییەوە دانیشتوانە سەرەتاییەکانی شاری نەینەوا ئەو ئاشوریانە بوون کە تێکەڵاوی ئارامیەکان بوون و دواتر زمانی ئارامیەکان بۆتە زمانی باو و گشتی.

جوولەکــەکانی لــەو شــارەدا ژیــاون ئەوانــەبوون کــە (شلمنسـری سـێیەم)ی پاشـای ئاشـوری لەسـاڵی (٧٢١ پ.ز)ی شانشـــــینی ســــامری جوولەکـــــەکانی داگیرکـــــردووەو دانیشتوانەکەی بۆ ئیمپڕاتۆریەتی ئاشوری ئەنفالکردوون.

بــەپێی مێژوونووسـانی جوولەکــەی کــورد، جوولەکــە ســـەرەتاییەکان دوای داگیرکردنـــی شانشـــینی ئیســـرائیل لەلایـــەن ئاشـــوریەکانەوە هاتونەتـــە کوردســـتان. واتـــا: لەســـەدەی هەشـــتەمی پـــێش زاینیـــدا .دوای ئەمـــە ئـــەو جوولەکــە ئەنفالکراوانــەیان گواســتوونەتەوە بــۆ شــاری نەینــەوا. لــەماوەی ســەدەی یەکــەمی پــێش زاینیــدا، پاشــای هزوانــی و گەلەکــەی باوەڕیــان بــەئایینی جوولەکــە هێنــاوەو شاژن هیلین و کچەکەی کۆشکێکیان لەئۆرشەلیمی قودس بۆ دروســتکردووە. بــەو شانشــینە گــوتراوە ئــەدیابین. ئەوانــە نەتەوەیــەکی دێــرین بــوون و لــەوڵاتی نێــوان دوو رووبــاردا ژیاون، کەخاکەکــەی پێکهـاتووە لـەزەوی نێـوان دوو رووبـارو هەروەها هەندێك خاکی ئێسـتای وڵاتـانی تورکیـا و سـوریا و عێراق.

هیزوانیـــەکان شانشـــینێکیان دروســـتکردووەو هـــەولێر (ئەربیل)یان کردۆتە پایتەختی خۆیان.

گەڕیدەی جوولەکە (بنیامین) کەلە نیوەی دووەمی سەدەی دوازدەهەمدا ژیاوە، لەکتێبە بەناو بانگەکەی خۆیدا بەناوی (گەشتەکانی بنیامین)ە باس لەوە دەکات: (لەکوردستاندا سەد شوێنی نیشتەجێبوونی جوولەکەکان هەیەو ژمارەی دانیشتوانی جولەکە زۆربوون و بەشێوە زمانێکی ئارامی تایبەت بەخۆیان دواون. دوای ئەوەی ناوبراو چووەتە موسڵ، دەڵێت: (لەناوچەی موسڵ حەوت هەزار جوولەکە هەن، بەسەرۆکایەتی حاخامێك لەرەچەڵکی پاشا داوود، (درودی خوای لەسەربێت) لەناوچەی ئاشوریدا زۆر پەرستگای جووەکانی لێن و ناوی ئەو پێغەمبەرانەیان لێناون کەلەو ناوچەیەدا ژیاون، وەك: کەنیسەکانی پێغەمبەر عوبەیدا، نەبی یونس و پێغەمبەر ناحوم. رابەری ئایینیان (ئاسنات بەرزانی)بووە کەلە ساڵی (١٥٩٠) لەدایکبووەو هەتا ساڵی (١٦٧٠) لە موسڵ ژیاوە. ناوبراو کچی سموئیل بەرزانی بووە لەکوردستان، دواتر شووی بەحاخام یەعقوب مزراحی کردووە، ئەمیش مامۆستاو بەڕێوەبەری خوێندنگایەکی ئایینی جوولەکە بووە لەعەمادیە. خاتوو (ئاسنات) بەناوبانگبووە لەشارەزایی لەتەوڕات و تەلمود. دوای مردنی مێردەکەی بۆتە سەرۆکی ئەو خوێندنگایە لەعەمادیەو بۆتە مامۆستایەکی گەورە تێیدا، چونکە یەکێکبووە لەگەورەترین ئەو زانایانەی کوردستان کەشارەزایی تەواوی لە رێنماییەکانی تەوڕاتدا هەبووبێت.

لەســەردەمی خــاچ پەرســتەکان، لەســەدەی دوازدەدا، دوای ئـەوەی گاورەکـان وڵاتـی شـام و زۆر ناوچـەی دیکـەیان داگیرکرد، جوولەکەکان ناوچەکانی خۆیان چۆڵکردو هەڵاتن بـۆ کوردسـتانی باشـوور، زانیـان بـرا جووەکانیـان لـەوێ خۆشـگوزەرانن و دەوڵەمەنـد بـوون و ناوەنـدی بازرگـانی و رۆحیان هەیە. بەردەوام ژمارەی جووەکان لەموسڵدا بـەرەو زیـادی ڕۆیشـتوون، بـەجۆرێك لەچـارەکی کۆتـایی سـەدەی نۆزدەدا ژمارەیان گەیشتە (٣٢٧٣) کەس، ئەمانە لەناو شاری موســڵ و دەوروبەریــدا نیشــتەجێ بــوون. ژمــارەی ئــەو جووانەی لەناوشاری موسڵدا نیشـتەجێ ببـوون (٩١٠) کـەس بــوون. ژمارەیــان لەقــەزای عەمادیــە (٥٦٠) کــەس بــوون. لەقـەزای زاخـۆش (٢٤٦) کـەس. لەقـەزای ئـاکرێش ژمارەیـان گەیشـتۆتە (٧٧٩) بـەڵام لەقـەزای دهۆکـدا گەیشـتۆتە (٦٣١) کەس.

لەساڵی (١٩١٨) ژمارەی جوولەکـەکان لـەپارێزگای موسـڵ بەنزیکــەی (١٣٨٣٥) کــەس مەزەنــدە کــراوە، کــەدەیکردە (١٨,٣٪)ی کۆی دانیشتوانی ویلایەتی موسڵ. لەساڵی (١٩١٩)دا (ئارنۆڵد ولسن) ژمارەی جووەکانی عێراقی بە(٨٦٤٨٨) کـەس هــەژمارکردووە، کەدەکاتــە (٢٪) بــۆ (٢,٥٪)ی کــۆی گشــتی دانیشتوانی عێراق. لەکاتێکا هێزەکانی داگیرکـەری بریتـانی لەسـاڵی (١٩٢٠) ژمـارەی جووەکـانی موسـڵی بـە(١٤٨٣٥) کـەس لەقەڵەم داوە، لەکۆی گشـتی جووەکـانی عێـراق کـەژمارەیان (٨٧٤٨٨) هەزار کەس بووە.

# کۆچکردنی جووەکان بۆ ئیسرائیل

کۆچــکردنی جوولەکــەکانی کوردســتان پــێش جــەنگی جیهــانی یەکــەم و پــەیمانی بلفــۆریش دەســتی پێکــردووە. کــوردە جووەکــان لــەرێگای زاخــۆ و ناوچــەی رەزاییــەو دياربــەکرەوە، رۆیشــتوونەوە بــۆ نیشــتمانە ئەســڵیەکەی خۆیان.

دوای دروســتبوونی دەوڵــەتی ئیســرائیل لەســاڵی (١٩٤٨) لەگەڵ پرۆسەی دەرکردنی جوولەکەکانی عێراق لەژێر ناوی (عــزراو نحمیــا) هــەموو جوولەکــەکانی کوردســتانی باشــوور رۆشــتنەوە بــۆ ئیســرائیل. هەرچــەندە جوولەکــە کوردەکــان لەگەڵ هەموو بوارەکانی ژیان لەدەوڵەتی ئیسرائیلدا گونجاو بــوون و راهــاتن، بــەڵام ئــەو کوردانــە تــا ئێســتاش پابەنــدن بەفەرهــەنگی کوردیــەوەو یــەکێك لەبۆنــەکانیان ئاهــەنگ گێرانــــە بەجــــەژنی نــــەورۆزەوە. شــــایانی باســــە زۆر لــەکوردەکانی ئیســرائیل لایــەنگیری لەکوردســتان دەکــەن و لەدڵیانەوە خوازیاری ئەوەن ئەو رۆژە بێت گەلی کــورد دوای

چەندەها ساڵ لەچەوسانەوەیان، سەربەخۆی خۆیان بەدەست بێنن. جوولەکە کوردەکان بەتایبەت بەساڵاچوەکانیان، هەتا ئێستاش لەماڵەکانی خۆیاندا بەزمانی کوردی قسە دەکەن و سەبارەت بەئەوان زمانی دایکە.

هەر لەدێر زەمانەوە- بەدیاریکراوی دوای وێرانبوونی شانشینی یەکەم و راگواستنی جوولەکەکان بۆ وڵاتی نێوان دوو رووبار، جووەکان فێری زمانی ئارامی بوون و بەو زمانە خوێندویانەتەوەو نووسیویانە، تەنانەت تەلموردیش بەوزمانە نووسراوە. جوولەکەکان هەتا بەئەمڕۆش بەو زمانە تەلمود دەخوێننەوەو لێکۆڵینەوەی لێدەکەن. تەلمودی بابلی کەبەزمانی ئارامی کۆن نووسراوە، لەدەقەکەیدا هاتووە: جووەکان (٢٨٠٠) ساڵە لەکوردستاندا نیشتەجی بوون.

جووەکانی کوردستان دیکۆمێنتی گەشاوەن لەمێژووی کوردستان و گەواهیش بۆ ئەمە کاریگەری و شوێنەواریانە لەهەموو بوارەکاندا. ئەمە جگەلە مەزارو خوێندنگا ئایینیەکانیان.

کوردستان بۆتە ناوەندێکی گرنگی جوولەکەکانی دنیا، زۆر لەگەڕۆکە جووەکان گەشتی زانستیان بۆ کوردستان کردووە- بۆ دۆزینەوەی دە تیرەکەیان و لێکۆڵینەوە لەمێژووی جووی جیهانی و سەرچاوە سەرەتاییەکانی.

بانگەشـــەکانی ســـەهۆنیەت بەهـــەموو ئامرازەکـــانی هاندان و سۆزی ئایینی بۆ ئـەوەی جووەکان کۆچ بکـەن بـۆ ئیسرائیل- بەڵام کۆچکردنی جوولەکەی نیشتەجێی وڵاتانی عەرەبی هەر سنووردار بوو، تەنانەت لەنێوان ساڵانی (١٩١٩- ١٩٤٧ ) تـەنها (٧٩٨٨) جوولەکـە کۆچیان بـۆ ئیسـرائیل کـردو زۆربەیان لەکوردستانی، عێراقەوە بوون[١].

لەسـاڵی (١٩١٠) رێکخـراوی جوولەکـە (J.C.A) هەولێـدا خێزانە جووە کوردەکان لەگوندی (شجرە) نیشتەجێ بکات، دواجـــار کوردەکـــان لـــە(کفار بـــاروخ) نیشـــەجێکران‌و لەخۆرهـــەڵاتی (حـــەیفا) هۆردوگایـــان بـــۆ دروســـتکردن. هەروەها لەگوندی (عیزریە)و (کفار ئوریاش) هەن.

پـێش دروسـتبوونی دەوڵـەتی جوولەکـە، ژمـارەی ئـەو کوردە جووانەی گەیشتبوونە قـودس نزیکـەی (٦٠٠٠) کـەس بـوون‌و ناوەنـدە ئایینیەکـەیان لەقودسـی کۆن بـوو. بـەپێی سەرچاوەکانی ئیسـرائیل لـەمڕۆدا نزیکـەی (٦٠٠٠٠٠) هـەزار کوردی جوولەکە لەو وڵاتـەدا هـەن. ئـەوەی سـەیرە ئەوەیـە ئەو جـووە کوردانـە هـەتا ئـەمڕۆش دەسـتبەداری شـوناس‌و کلتـوری کوردایـەتی خۆیـان نـەبوون، تەنانـەت پابەنـدی کوردیەتی خۆیانن‌و کۆمەڵـەو رێکخـراوی تایبـەت بـەخۆیان

---

[١]- الابحاث فی الیهودیة والصهونیة. تالیف: احمـد سوسـة. دار الامـل للنشر والتوزیعـ اربدـ الاردن ٢٠٠٣ ص١١٥

دامەزرانــدوون، هــەتا لەئێســرائیلدا (٢٤) گونــدو گــەڕەكی کوردی هەن کەهاوشـێوەی گـەڕەك‌و گونـدەکانی کوردەواری دروستکراون، ئەمە جگە لەوەی شارێکیشیان هەیە بـەناوی (کستل) کەدەکەوێـتە نزیك کێوی سەهیۆن.

خەڵکانێك هەزاران ساڵ لێرە لەکوردستان ژیـان، بـەڵام دەســتەبەرداری زایــەدگای خۆیــان بــوون لــەپێناو ئــایین‌و نیشتمانەکەیان، ئەمانە بوون بـەرابردوو، بـەڵام بەبەشـێك لەمێــژووی ئێمــە دەمێننــەوە. وەك موردەخــای دەڵێــت: (پەرۆشــی جــووە کوردەکــان بــۆ کوردســـتان، ســەیرو سەرسـوڕهێنەرە، ئـەو دابڕانـەیان بۆتـە پاڵنـەر بۆسـۆزو پەرۆشیان بۆ ئـەو کوردستانەی جێیانهێشت)[1]. لەوکاتـەی جوولەکــەکانی عێراقیــان راپێچــدەکردن بگەڕێنــەوە بــۆ ئیســرائیل، یــەکێك لــەجووەکان گــوتی: دواجــار ویــژدانی مرۆڤایــەتی بــەئاگا هاتــەوە، ئیــدی دەگەڕێینــەوە وڵاتــی خۆمــان، لەگــەڵ ئــەو یادەوەریانــەی (٣٠٠٠) هــەزار ســاڵ درێژەی کێشا.

---

[1]- جولەکەی کوردوستان- مێژووی ژیانیـان‌و پەیوەنـدیان لەگـەڵ ئاغــاو کوردەکــان. نووســینی: دکتــۆر موردەخــای زاکــین. وەرگێڕانــی بــۆ زمــانی کــوردی: ســیروان حســێن بیــەیی. لەبڵاوکراوەکانی ئاودێر ٢٠١٥ ل١٣٦

## (تۆماری مێژوویی)

## ڕێچکەی مێژووی جوولەکە - پێش زایین

٤٠٠٠ ★- کۆچــکردنی کەنعانییــەکان لــە شــێوە دوورگــەی عەرەبی بۆ فەلەستین (خاکی کەنعان).

٣٠٠٠ ★- دروستکردنی شارو گوندی کەنعان لەفەلەستین.

٢١٠٠ ★- ماوەی باوانی: ئیبراهیمو ئیسحاقو یەعقوب (٢١٠٠-١٢٠٠)

٢٠٠ ★- هاموشۆی عەموریەکانو نەتەوەکانی دیکە- لەنێوان وڵاتی نێوان دوو ڕووبارو کەنعان (٢١٠٠-١٩٠٠)

١٨٠٠ ★- هکسوسەکان کەنعان داگیردەکەنو فەرمانڕەوایەتی میسردەکەن هەتا ساڵی (١٥٧٠)

١٦٧٥ ★- عیبرانیەکان کۆچدەکەن بۆ میسر، تیرەکەی یوسف

له(جوش) خۆرهەڵاتی دلتّا نیشتەجێ دەبن (١٥٧٠-١٥٩٠)

●- شانشینێکی تازەی میسری زاڵدەبێت بەسەر کەنعاندا (١٥٧٠-١٣٠٤)

●- فەرمانڕەوا یبوس داوای یاریدەدان لەفرعەونی میسری دەکات دژ بەشاڵاوەکانی (خابیر)یەکان.

(تابلوکانی گردی عەمارنە)

١٥٥٠ ★- شارستانیەت -یان گاریێت، دەگاتە لوتکەی دەسەڵاتی (١٤٠٠)

١٣٠٤ ★- کۆچی ئارامیو نەتەوەکانی دەریای فلستییە، سوریاو کەنعان داگیردەکات (١٣٠٠-١٢٠٠)

١٢٧٥ ★- دەرچوون - یان رەوکردنی عیبرانیەکان لەمیسر (١٢٧٥-١٢٥٠) لەسەردەمی رەمسیسی دووەم، پەیمانی سیناو پەرستنی یەهوە.

١٢٥٠ ★- تێکەڵاوبوونی عیبرانییەکان لەکەنعان، بەسەرۆکایەتی (یوشع نون)و سەرەتای دەسەڵاتداریێتی خواوەندی، هەتا ساڵی (١٠٢٠)ی پێش زانین.

١٢٣٦ ★- لەتۆمارەکاندا هاتووە: هێرشکرایە سەر ئیسرائیلو لەناوی برد (١٢٣١) لەوانەیە ناوی ئیسرائیل ناوی عەشیرەتێك- یان گوندێکی کەنعانی بێت، ئەگەری ئەوەش هەیە هۆرێکی عیبرانی بێت و هەرگیز کەنعانیان جێنەهێشتبێت، لەکاتێکدا قورئانی پیرۆز ئاماژە بەوە دەکات: ئیسرائیل ناوێکی دیکەی پێغەمبەر یەعقوبە.

١٢٠٠ ★- فـــەرمانڕەوایی (قفـــاه)و شـــەڕکردن دژ بـــەو فلسـتینیانەی هاتبوونـەناو ئـەو خاکـەی عیبرانیـەکان تێیـدا نیشتەجێ بوون (١٢٠٠-١٠٠٠)

١١٩٨ ★- رەمسیسی دووەم بەرپەرچی لیبیەکانو نەتەوەکانی نیشـــتەجێی لێـوار دەریـا دەداتـــەوەو فەلەســتینییەکان لەکەنعانـــدا نیشـــتەجێ دەکـــات کـــە ئـــەوکات ســـەر بەدەسەڵاتدارێتی میسر بووە.

١١٢٥ ★- دەبورە (گۆڕانی دەبورە.)

١٠٥٠ ★- سەرکەوتنی فەلەستینییەکان بەسەر عیبرانیەکاندا.

١٠٢٠ ★- یـەکگرتنی هـۆزە عیبرانییـەکان. شـائولی یەکـەم پاشـــای عیبرانیـــەکان (١٠٠٤-١٠٢٠) دەســـەڵاتەکانی ئـــەو لەسـەرووی سـتادی سـەربازیەوە بـوو، دوای ئـەوەی تێشـکا، خۆی کوشت.

●- سموئیل (١٠٠٠-١٠٢٠)

١٠٠٤ ★- داوود (١٠٠٤-٩٦٥) دەبێتـــە جێگـــرەوەی شـــائولو پشـــتگیری یـــەکگرتویی هۆزەکـــان دەکـــاتو دەیکـــات بەشانشـینیەکی یـەکگرتوو، پایتەختەکـەی قـودس دەبێـتو سـنووری شانشـینیەکەی بـەرفراوانتر دەکـات، موئـابییو عـــەمونیو ئەدۆمیـــەکان تێکدەشـــکێنێتو دژی شۆڕشـــە بچوکەکانی ناو شانشینیەکەی دەوەستێتەوە.

٩٦٥ ★- پێغەمبـەر سـلیمانی (٩٦٥-٩٢٨) دەبێتـە جێگـرەوەی داوودی باوکی، ئەمەیان یەکەم کەسی عیبرانییە کەبەڵگەی

مێـژوویی نـاو تـەوراتی لەسـەر هەیـە. لەسـەردەمی ئـەودا شانشینی عیبرانی گەشەدەکاتو شـاری تـازە دروسـتـدەکاتو بــواری بازرگــانی چــالاك دەكــات. لەســالّی چــوارەمی فەرمانڕەوایەتیەکەیــدا دەســـتدەکات بەدروســـتکردنی پەرســتگای گــەورە (٩٦٠) بەیاریــدەدانی لەبەرگرتنــەوەی نەخشەکێشـی دیواربەنـدی پاشـای سـۆری فینیقـی. لەسـالّی (٩٥٣) دوای حــەوت ســالّو شــەش مــانگ تــەواوی دەكــات. لەکۆتایی سـالانی فەرمانڕەوایەتیەکەیدا، شـۆڕش دژی ئـەو بـەرپا دەبێـت، بـەهۆی کـارپێکردنی سـۆغرەکانی- یـان وەك دەلێن (رزین). لەوکاتـەدا پاشـای ئارامییـەکان لەهـەژموونی سـلیمان رزگـاری دەبێـتو (ئـەدۆمیون)ەکانیش دەسـتدەکەن بەدژایەتیکردنی سلیمان.

٩٢٨ ★- رحبعـام دەبێتـە جێگـرەوەی سـلیمانی بـاوکیو رازی نابێــت ســەرانە کــەم بکاتــەوە. یربعــام ســەرکردایەتی دەتیرەکــە دەکــاتو دژبــە رحبعــام یــاخی دەبێــت، دواتــر شانشینی عیبرانی یەکگرتوو دابەشدەبێت بۆ دوو شانشینی عیبرانـی. شانشـینی سـەروویان بـەناوی (یـەهودا)و ئـەوەی خوارووشـیان بـەناوی (ئیفـرایم – ئیسـرائیل) لـەکاتی ئـەو دوو بەش بوونەیاندا (عمونیو)کان سەربەخۆ دەبن.

●- شانشـینی سـەروو بەسـەرۆکایەتی تـیرەی ئیفـرام (٩٢٨-٧٢٠) دەبێـتو ناوەنـدێکی ئـایینی جیـا لـەقودس لـە (دان و ئیل) دروستدەکەن. شانشینی سـەروو دەوڵەمەنـدترو زیـاتر مەترسـی داگیرکردنـی لەسـەربووە لەلایـەن بیانیەکانـەوە-

بەبەراورد بەشانشینی خواروو. پاشاکانی ئەو شانشینییە سیاسەتێکی دەرەکی روونیان نەبووەو لەبنەڕەتیشدا لەڕووی سیاسییەوە جێگیر نەبووە. لەماوەی (٣١٠) ساڵدا (١٩) پاشا فەرمانڕەوایەتیان کردووە، (١٠) دانە پاشایان لەڕێگەی توندو تیژیەوە کوژراون، حەوت دانەش لەو نۆزدە پاشایە تەنها بۆماوەی دوو ساڵ فەرمانڕەوایەتیان کردووە (٩٢٨-٧٩٥)

●- شانشینی خوارووش بەسەرۆکایەتی هۆزی یەهودا، پایتەختەکەی (قودس) بووە. لەشانشینی سەروو سەربەخۆ و جێگیرتر بووە. بەهۆی بچوکی پانتاییەکەیی‌و هەژاری‌و دووری لەسەر رێگای سوپا داگیرکەرەکان، زۆربەی پیغەمبەرکان لەوێدا سەریان هەڵداوە. هەروەها زۆربەی تەوراتیشیان لەوێدا نووسیوەتەوە.

●- یربعامی یەکەم: یەکەم پاشای شانشینی دەوڵەتی سەروو (٩٢٨-٩٠٧) (شەکیم) دەکاتە پایتەختی شانشینیکەی خۆی. پەرستگای لەدان‌و ئیلی دروستکردووە- بۆئەمەکداری لەبەرامبەر دە هۆزەکەی قودس. هێنانە ناوەوەی پەرستنی بتپەرستێتی‌و وەلانانی لاوین بەو ئیعتبارەی دەزگایەکی ئیداری شانشینی یەکگرتوویە.

٩١١ ★- رحبعامی کوڕی سلیمان (٩٢٨-٩١١) یەکەم پاشای شانشینی دەوڵەتی خواروو. ئەمەش کوڕی سلیمانەو لەژنە عمونیەکەیەتی.

●- شیشـــنق: یەكــەم شانشــینی خـــواروو داگیردەكـــاتو خشـڵەكانی پەرسـتگاكە دەبـات (٩١٨-٩١٧) هـەروەها دەڵـێن شانشینی دەوڵەتی سەرووشی داگیركردووە.
●- ئابیامی دووەم: پاشای شانشـینی دەوڵـەتی خـواروو (٩١١-٩٠٨) دەكەوێتە شـەڕێكی درێژخایـەن لەگـەڵ پاشـا یوبعـانی پاشـای مەملەكـەتی سـەروو. بـەهۆی هاوپـەیمانێتی كردنـی لەگەڵ (ئارام دیمشق) بەسەریدا سەردەكەوێت.
٩٠٨ ★- ئاسـا: سـێیەم پاشـای مەملەكـەتی خـواروو (٩٠٨-٨٦٧) هاوپەیمانێتی لەگەڵ (ئارام دیمشق)دا دەكات، بۆ ڕێگـەگرتن لـەداگیركاری شانشـینی مەملەكـەتی سـەروو. مەملەكـەتی خـــواروو هـــەموو ئومێـــدێك لەدەســـتدەدات بـــۆ بەدەستهێنانەوەی مەملەكەتە یەكگرتووەكەیو ئەو شارانە تۆكمەو قایم دەكات كەكەوتبوونە سنووری نێوان ئـەو دوو شانشینە.
٩٠٧ ★- ناداب: دووەم پاشای شانشینی سەروو (٩٠٧-٩٠٦)
٩٠٦ ★- بعشا: سێیەم پاشای شانشینی سەروو (٩٠٦-٨٨٣)
٨٨٧ ★- مـاوەی باڵكێشـانی ئـارامیو ئاسـایش لەمەملەكـەتی سەروو (٨٨٧-٧٤٣)
٨٨٣ ★- ئیلاه: چوارەم پاشای شانشینی سەروو (٨٨٣-٨٨٢)
٨٨٢ ★- زمـری: سـەركردەی كوردەتاچـیو پێنجـەم پاشـای مەملەكـــەتی ســـەروو، تـــەنها بۆمـــاوەی حـــەوت ڕۆژ فەرمانڕەوایەتی كردووە.

●- عوموری: حەوتەم پاشای مەملەکەتی سەروو (٨٨٢-٨٧١) بۆماوەی چوار ساڵ فەرمانڕەوایەتی کردووە، خەریکی ئاوەدانکردنەوە بووە. هەژموونی بەسەر موئابینەکاندا پەیداکردووە، لەسەردەمی ئەودا ئارامییەکان فشاری زیاتریان کردۆتەسەر- هەتا دواجار ناچاربووە رێگا بەشارو هەرێمەکان بدات سەنتەری بازرگانی لەمەملەکەتی سامریدا بکەنەوەو ئیمتیازاتی تایبەتی پێداون. چالاکی بازرگانی شانشینیەکەی دەگاتە قوبرس. بڵاوبوونەوەی بتپەرستی لەشانشینیەکەیدا زیاد دەکات.

٨٧٥ ★- پێغەمبەر ئیلیاهو.

٨٧١ ★- ئاخاب: هەشتەم پاشای مەملەکەتی سەروو (٨٧١-٨٥٢) ململانێی توند لەنێوان بنەماڵەی پاشاو پێغەمبەرەکان، بەهۆی بڵاوبوونەوەی بتپەرستی. هاوپەیمانیکردن لەنێوان شانشینی خواروو و ئارام دیمشق، لەکاتی فەرمانڕەوایەتی (هدد)ی یەکەم بۆ بەرپەرچدانەوەو بەرەنگاربوونەوەی ئاشوورییەکان، ئاخاب هاوپەیمانێتی لەگەڵ یەهوشافات، پاشای مەملەکەتی خوارووداد دەکات، پێکەوە دژی ئارام دیمشق دەجەنگن، بەڵام تێکدەشکێنو ئاخاب هەر زوو هەڵدێت و شەڕەکە جێدەهێڵێت.

٨٦٧ ★- یەهو شافات، چوارەم پاشای مەملەکەتی خواروو (٨٦٧-٨٤٦) هاوپەیمانێتی لەگەڵ شانشینی سەروودا دەکات بۆئەوەی شەڕی ئارامییەکان بکەن، بەڵام توشی شکست

دەبێتـەوە، هێـرش دەکاتەسـەر موئـابو زاڵـدەبێت بەسـەر ئادومدا.

●- شـەڕی قرقـاز لـەنێوان ئاشـوریەکان لەلایـەكو ئـارامیو عیبرانیـەکان لەلایـەکی دیکـە. میسـر هـەزار سـەرباز بـۆ یاریـدەدانی ئاخـاب دەنێرێـت (پاشـای شانشـینی سـەروو) هەرچـەندە ئاشـوریەکان سـەرکەوتن، بـەڵام شـەڕەکە تـەواو یەکلایی نەبۆوە.

٨٥٢ ★- ئاحزیا: نۆیەم پاشای مەملەکەتی سەروو (٨٥٢-٨٥١)

٨٥١ ★- یـورام: دەهـەم پاشـای شانشـینی مەملەکـەتی سـەروو (٨٥١-٨٤٢) موئابییـەکان لەسـەردەمی ئـەودا سـەربەخۆیی خۆیـان بەدەسـتدێنن، ئارامییـەکانیش هێـرش دەکەنەسـەر شانشینیەکەی.

٨٤٦ ★- یورام: پێنجەم پاشـای مەملەکـەتی خـواروو (٨٤٦-٨٤٣) ئەدۆمیونەکان لەکاتی فەرمانڕەوایەتی ئـەودا سـەربەخۆیی خۆیـان بەدەسـتدێنن. پەرسـتنی (بعـل) (بـت) زیـادیکرد، فلستیونیەکان شانشینیەکەی داگیر دەکەن.

٨٤٣ ★- ئاحازیـا: شەشـەم پاشـای مەملەکـەتی خـواروو (٨٤٣-٨٣٦)

٨٤٢ ★- عسلبا: حەوتەم پاشای مەملەکەتی خواروو (٨٤٣-٨٤٢)

●- یـاهو: پاشـای یازدەهـەمی شانشـینی سـەروو (٨٤٣-٨١٤) پەیوەندیـەکان لەگـەڵ فینیقیـەکانو شانشـینی خـوارووی دەپسـێنێ، سـەرانە دەداتـە ئاشـوریەکان لەبەرامبـەر

پارێزگاریکردن لەمەملەکەتەکەی، دوای ئەوەی (سلمانسری دیمەشق) شکست دێنێت، هێزی ئارامییەکان مەملەکەتەکەی داگیر دەکەن.

٨٣٦ ★- یوئاش: هەشتەم پاشای مەملەکەتی خواروو (٨٣٦-٧٩٨) باجو خەراج لەداهاتی قبلە دەدات بەپاشا ئارام دیمەشق.

٨١٤ ★- یوئاحاز: پاشای دوازدەهەمە لەنێوان پاشاکانی مەملەکەتی سەروو (٨١٤-٨٠٠) لەسەردەمی ئەودا شانشینییەکە سەر بەئارام دیمەشق دەبێت، بەڵام جارێکی دیکە هەڵسانەوەو بەهێزبوونەوەی ئاشوریەکان دوای گەیشتنی (ئاداد نیراری سێیەم) بەکورسی دەسەڵات- یان وەك تەورات دەڵێت: موخیلس، هاوسەنگی هێز گۆرانی بەسەر دادێت.

●- یوئاش: پاشای سێزدەهەمی مەملەکەتی سەروو (٨٠٠-٧٨٤) لەکاتی تێشکانی ئارامییەکان لەبەرامبەر ئاشوریەکان، هەندێك شار دێنێتەوە ژێر رکێفی دەسەڵاتدارێتی خۆی. هێرش دەکاتەسەر مەملەکەتی خواروو، تالانی پەرستگای سەرەکی دەکات لەقودس، دوای بەسەرداسەپاندنی سزای ئابووری، شانشینی خواروو دەکاتە دەوڵەتێکی سەربەخۆی.

٧٩٨ ★- ئامسیا: نۆیەم پاشای مەملەکەتی خواروو (٨٩٧-٧٦٩) سوپایەك لەبەکرێ گیراوی مەملەکەتی سەروو کۆدەکاتەوە، بۆ ملپێکەچکردنی (ئادوم لهیمنته)

٧٨٥ ★- نەبی یۆنان (٧٨٥-٧٤٥) گەمارۆی مەملەکەتی سەرووی داوە، ئەوکاتەی یربعامی دووەم پاشای بووە. (رایەکی دیکە هەیە دەڵێت: ناوبراو لەسەدەی چواری پێش زایین ژیاوە.)

●- یوربعامی دووەم: پاشای چواردەهەمە لەنێوان پاشاکانی مەملەکەتی سەروو (٧٨٤-٧٤٨) بەهۆی لاوازی ئاشوریەکان شانشینەکەی ئاسایشی بەخۆیەوە بینیوە، لەخۆرهەڵاتی خاکی ئێستای ئوردون، پانتاییەکی زەوی نیشتەجێبوون تەرخان دەکاتو ئەو ئەفسەرە سەربازیو کەسانەی سەربەخۆی بوون پارچێك زەوی گەورەیان دەداتێ، بەمەش چینێك لەخاوەن ملكو دەوڵەمەند دروستدەبن.

٧٦٩ ★- عزیا: دەهەم پاشای دەوڵەتی باشور (٦٩٧-٧٣٣) بۆماوەی زیاتر لەسی ساڵ فەرمانڕەوایەتی کردووە، دوای ئەوەی گەیشتە لوتکەی بەهێزی سەرکردایەتی هاوپەیمانێتی لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەی دوژمنی ئاشوریەکان بوون، درووست کردووە.

٧٦٠ ★- پێغەمبەر عاموس (٧٦٠-٧٤٦) هەریەك لەمەملەکەتەکانی: عزیا لەمەملەکەتی خواروو رو یوربعام لەشانشینی سەرووی، گەمارۆ داون.

٧٥٨ ★- یوسام: پاشای یازدەهەمی شانشینی خواروو (٧٥٨-٧٤٢) ناوبراو میراتگرەوەی تەختی پاشایەتی بووە (تەزاوید) فشاری لێکردووە بێتەناو ئەو هاوپەیمانیەتیەی دژبە ئاشوریەکان پێکهێنراوە.

●- پێغەمبەر هوشع: (٧٥٠-٧٢٢) لەمەملەکەتی خوارروو گەمارۆی عزیاو یوسام و ئاخازو حزقیای داوە، لەشانشینی سەرووش گەمارۆی یوربعامی دووەمی داوە، پێغەمبەر عاموسیش لەهەمان رۆژگاردابووە.

٧٤٨ ★- زەکەریا: پازدەهەمین پاشای شانشینی سەروو بووە، ساڵو شتێك فەرمانڕەوایەتی کردووە.

●- شالوم: شازدەهەمین پاشایە لەنێوان پاشاکانی شانشینی خواروو، تەنها بۆماوەی مانگێك فەرمانڕەوایەتی کردووە.

٧٤٧ ★- مناحیم: پاشای حەڤدەهەمی شانشینی سەروو بووە (٧٤٧-٧٣٧) هەوڵیداوە پانتایی خاکی شانشینیەکەی بەرفراوان بکات، بەڵام ئاشوریەکان رایانگرتووە.

٧٤٣ ★- ئاخار: دوازەهەمین پاشای شانشینی خواروو بووە (٧٤٣-٧٢٧) هەتا ساڵی (٧٣٣) شازادەی جێگرەوەی تەختی پاشایەتی بووەو لەو ساڵەدا کورسی دەسەڵاتی گرتۆتەدەست، هەتا ساڵی (٧٢٧) فەرمانڕەوایەتی کردووە، هەموو جۆرە فشار لێکردنێکی رەتکردۆتەوەو ملکەچ نەبووە بۆ ئەوەی بچێتەناو ئەو هاوپەیمانێتیەی کەئارام دیمەشق و شانشینی سەروو دژبە ئاشوریەکان بەستویانە، (ئتجلات بلاسری سێیەم یارمەتی دەداتو دەوڵەتی شانشینی سەروو دەخاتە ژێر رکێفی خۆیەوە، دواتر ئادۆمیۆکان هێرش دەکەنەسەر شانشینی خواروو.

٧٣٧ ★- فقحیا: هەژدەهەمین پاشای شانشینی سەروو بووە

(٧٣٧-٧٣٥) تـەنها بۆمـاوەی سـاڵێك فەرمانڕەوايـەتی كـردووە، پێش ئەوەی يەكێك لەئەرستۆكراتەكانی خۆرهەڵاتی ئوردن بیڕوخێنێتو دەستبەسەر كورسی پاشايەتيدا بگرێت.

٧٣٥ ★- فاقح: نۆزدەهەمين پاشای شانشـينی سـەروو بـووە ( ٧٣٥-٧٣٣) ناوبراو سەركردايەتی كودەتايەك دەكات، ئەمـەش بـەهۆی نارەزايـەتی دەوڵەمەنـدەكانی خۆرهـەڵاتی ئـوردن لەبەرامبـەر ئـەو هەژموونـەی ئاشـوريەكان هـەيانبووە، چونكە ئەمانە پەيوەندی پتـەويان لەگـەڵ ئارام ديمەشـقدا هەبووە، ناوبراو (شا فـاقح) هاوپـەيمانێتی لەگـەڵ (رزيـن)ی پاشـای ئـارام ديمەشـق بەسـتووەو هێرشيكردۆتەوەسـەر شانشـينی خـواروو بۆناچـاركردنی (يوسـام)، دواتـريش كوڕەكـەی بـۆ هاتنـەناو ئـەو هاوپەيمانەتيـەی دژبـە ئاشوريەكان درێژەی پێداوە، دواجار (ئاحاز) پـەنا بـۆهێزی ئاشـوريەكان دەبـات رزگـاری بكـەن، بەپاڵپشـت بـەهێزی ئاشـوريەكان، نـاوبراو مەملەكـەتی ئـارام ديمەشـق داگيردەكـاتو دەسـت بەسـەر جـەليلو جلعـاد دا دەگرێـتو بـەديلگيراوەكانی ئـەو مەملەكەتانـە دەنێرێـت بـۆ ئيمپراتۆريەتی ئاشوريەكان.

٧٣٤ ★- پێغەمبەر ئاشيعيا: (٧٣٤-٦٨٠) عزياو يزسـاكو ئاحازو حزقيای لەشانشينی خوارووگەمارۆداون.

٧٣٣ ★- هوشـع: بيسـتەمو دوايـن پاشـای مەملەكـەتی سـەروو بـووە (٧٣٣-٧٢٤) بـەهاوكاری ئاشـوريەكان شانشـيينيەكەی

بەهێز دەبێت، بەڵام دواتر بەهاندانی شانشینی میسر دژی ئاشوریەکان دەوەستێتەوە، ئاشوریەکان ئەو شانشینیە لەناودەبەن‌و تەنها دەبێتە هەرێمێکی سەربە دەسەڵاتداریێتی ئاشوریەکان.

٧٣٠ ★- پێغەمبەر میخا: (٧٣٠-٧٠١) لەشانشینی خواروو، گەمارۆی یوسام‌و ئاحازو حزقیا دەدات.

٧٢٧ ★- حزقیا: سێزدەهەمین پاشای شانشینی خواروو بووە، (٧٢٧-٦٩٨) بەهاندانی میسر سەربەخۆیی خۆی لەدەسەڵاتی ئاشوریەکان رادەگەیەنێت و دژیان دەوەستێتەوە، هاوپەیمانێتی لەگەڵ شارەکانی فلستییەو هەرێمی دیکەدا دەکات دژبە ئاشوریەکان (سرجونی دووەم هێرشی دەکاتەسەر. دواتر سناخریب فیگرو سوپاکەی دێنێتەسەر شانیشینی خواروو، قودس گەمارۆ دەدات، بەڵام بەبێ هیچ هۆیەکی نەزانراو پاشەکشە بەسوپاکەی دەکات‌و تەنها باج‌و خەراجیان دەخاتە سەر.

●- ئاشوریەکان دەسەڵاتدارانی شانشینی سەروو دەگرنەدەست و ژمارەیەك لەدانیشتوانەکەی بەدیل دەگرن و رایاندەگوێزن بۆخاکی خۆیان (بەئەنفالی جووەکان لەلایەن ئاشوریەکان ناسراوە) بەهۆی پەرتەوازەیی‌و تێکەڵاوبوونیان لەگەڵ دانیشتوانی ئیمپراتۆریەتی ئاشوری ئەو جووانە بەنادیاری دەمێننەوە. لەئەدەبیاتی مەسیحی‌و جوولەکەدا بە دە تیرە ونبووەکە ناویان دەهێندرێت.

٦٩٨ ★- مونەسا: چواردەهەمین پاشای شانشینی خواروویە (٦٩٨-٦٧٢) نزیکەی نیو سەدە فەرمانڕەوایەتی کردووە، شانشینیەکەی لەئاشتی ئارامیدا ژیاوە، چونکە باج و سەرانەی داوەتە ئاشوریەکان. هاتنە ناوەوەی ئایین و پەرستنی خواوەندی دیکە.

٦٦٣ ★- سەرەتای چوونی عیبرانیەکان بۆ میسر وەك بەکرێگیراو، پاشاکانی شانشینی باشوور هاوڵاتی و پەیوەندەکانی خۆیان بەچەك و چۆڵی میسری دەگۆڕیەوە، سەرەتای گۆڕانی جووەکان بۆ کۆمەڵی بارکێش.

٦٤١ ★- ئامون: پازدەهەمین پاشای شانشینی باشوور (٦٤١-٦٤٠) دوای ئەوەی بۆماوەی کەمتر لەدوو ساڵ فەرمانڕەوایەتی دەگرێتە دەست، دەکوژرێت.

٦٣٩ ★- یۆشیا: شازدەهەمین پاشای شانشینی خواروو (٦٣٩-٦٠٩) بەهۆی لاوازی ئاشوریەکانەوە شانشینیەکەی ئارام و سەربەخۆ دیاردەکەوێت، میسر هەوڵدەدات یارمەتی ئاشوریەکان بدات، لەبەرامبەر هێزی بابلیەکان کەلەزیادبوندابوو. یوشیا بەرەنگاری هێزەکانی میسر دەبێتەوەو لەشەڕی مجدۆدا هەڵدێت.

٦٣٣ ★- پێغەمبەر ناحوم:

٦٣٠ ★- پێغەمبەرسفنیا:

٦٢٦ ★- ئیرمیا لایەنگرانی: یوشیا، یەهو، یاقیم، یەهویاکین و سدقیا.

٦٠٩ ★- یوئاحاز: حەڤدەهەمین پاشای شانشینی خوارووتەنها بۆماوەی سێ مانگ فەرمانڕەوایی کردووە.

٦٠٨ ★- یەهویاقیم: هەژدەهەمین پاشای شانشینی خواروو (٦٠٨-٥٩٨) لایەنگری خۆی بۆ میسر رادەگەیەنێت، دوای ئەوەی ماوەیەك ملکەچی بابلیەکان بوو، هێزەکانی بابلی گەمارۆی قودس دەدەن‌و یەهویاقیم لەکاتی گەمارۆکەدا دەمرێت.

●- دانیاڵ: (٦٠٥-٥٣٧) گەمارۆی نەبوخوزنەسرو دارا، دەدات.

٥٥٩ ★- نووسینەوەی پێنج پەڕتوکەکەی موسا(٥٩٩-٥٠٠) وادیارە پرۆسەی نووسینەوەکە پێش ئەنفالکردنیان دەستیپێکردووەو لەبابل کۆتایی پێهێندراوە.

٥٩٧ ★- یەهویاکین: نۆزدەهەمین پاشای شانشینی خواروو، بۆماوەی سێ مانگ حوکمڕانی دەکات، پێش ئەوەی خۆی رادەستی نەبوخوزنەسر بکات، قودس داگیردەکرێت‌و پاشا دوور دەخرێتەوە بۆ بابل.

●- سدقیا: دواین پاشای شانشینی خواروو (٥٩٧-٥٨٦) واخۆی دیاردەخات کەلایەنگری بابلیەکانە، بەڵام لەنۆیەم ساڵی فەرمانڕەوایەتیەکەیدا هاوپەیمانێتی لەگەڵ میسردا دەکات‌و هەوڵدەدات سەربەخۆیی خۆی بەدەست بێنێت، دەچێتە پاڵ ئەو یاخیبوونەی کە فینیقی و فەلەستینیەکان دەستیان دابۆیە، میسر هێز دەنێرێت بۆ یارمەتیدانی شانشینی باشوور، بەڵام تێدەشکێت‌و هەوڵی

سەربەخۆبوونەکەی شکست دێنێت، بەمەش قودس و هەموو شاری شانشینیەکەی و پەرستگای قودسیش وێران دەکرێن. راگواستنی بژاردە عیبرانیەکان بۆ بابل (٥٨٦)

●- پێغەمبەر خوقیال: (٥٩٧-٥٧٠) گەمارۆی نەبوخوزنەسری دا.

٥٩٤ ⋆- ریفۆرمە قانونیەکانی (سولون) لەیۆنان.

●- بسمتیکی دووەم: (٥٩٤-٥٨٨) بەکرێگیراوی ئاسیایی-ئارامی و عیبرانی لەدوورگەی (منتاین) ئەسوان نیشتەجێ دەکات، دوای هێرشکردنەکەی بۆسەر نوبە، سەرەتای بڵاوبوونەوەی جوولەکە بۆ دەرەوەی خاکی فەلەستین، کەپێی دەگوترێت (دیاسبورا)

٥٨٧ ⋆- راگواستن- یان ئەنفالکردنی بابلی.

●- پێغەمبەرانی سەردەمی ئەنفالکردنەکەیان، حزقیال و ئەشعیای دووەم (٥٨٦-٥٣٨)

●- کوژرانی جدالیا: فەرمانڕەوایەکی بابلی لەشانشینی باشووری جووەکان.

٥٤٦ ⋆- لەناوچوونی ئیمپراتۆریەتی بابل و سەرهەڵدانی ئیمپراتۆریەتی فارسی(٥٤٦-٣٣٠)

٥٣٨ ⋆- دەرکردنی بڕیاری فەرمی لەلایەن (قورش)ەوە سەبارەت بەگەڕانەوەی عیبرانیەکان بۆخاکی خۆیان لەژێر سەرکردایەتی کردنی (ششبازار) زۆربەی جووەکان لەبابل دەمێننەوە.

●- ششــبازار: بناغــەی پەرســتگای ســەرەکی (قبلــەی جووەکان) بنیاد دەنێت. دەڵێن ششبازار خۆی هەر هەمان (زرو بابل) بووە.

٥٢٢ ★- زرو بابـل: فـەرمانڕەوای هـەرێمی جووەکـان بـووە. فارسـەکان ئـەم ناوەیـان بەهـەرێمێکی بچـوك گوتـووە، لەدەوروبەری شاری قودس.

●- دارای مەزنی یەکەم: (٥٢٢-٥١٥)

٥٢٠ ★- دووبارە بنیادنانەوەی پەرستگای دووەم (٥٢٠-٥١٥)

●- هـەردووك پێغەمبـەر: حجـای‌و زخاریـا، هاوسـەردەمی دارای گەورە بوون.

٥٠٩ ★- دامەزراندنی کۆماری رۆمانی.

٤٥٨ ★- گەڕانەوەی چەندەها جووی دیکە لەبابلەوە بۆخاکی خۆیان، لەژێر سەرکردایەتی نەحمیاو عزرا، عـزرا ریفۆرمی ئـایینی کـردوو تـەوڕاتی کـردە بناغـەی بـاوەڕی جوولەکـەو بنـەمای یـەکگرتوویی ئـایینی لـەنێوان جوولەکەکانـدا (٤٥٨-٤٤٠)

٤٥٠ ★- هەردووك پێغەمبەر: عوبەیدیاو ملاخی.

٤٤٨ ★- قەوارەیـــەکی تـــازەی جووەکـــان لەئـــەدەبیاتی جوولەکــەدا پێــی دەڵــێن (کۆمۆنوێڵســی دووەم) عــەزرا بانگهێشـتی گەلەکـەی دەکات بـۆ پەرسـتگای (قیبلەکـەیان) قـەوارەی دەوڵەتەکـەی‌و بۆمـاوەی هەفتەیـەك تـەوڕاتیان بەســـەردا دەخوێنێـــت، پاکژکردنـــەوەی جـــووێتی،

بەجێگەیاندنی دابو سرووتەکان بەتوندی، سوور بوون لەسەر ئەوەی هاوسەرگیری لەگەڵ غەیرە جووەکاندا نەکرێت، نووسینەوەی پەڕتوکی پێغەمبەرەکان.

٤٤٤ ★- نەحیمیا: فەرمانڕەوایەتی هەرێمی جووەکان دەکان، کە لەژێر رکیفی فارسەکاندا بووە (٤٤٤-٤٣٢)

٤٢٨ ★- سامرییەکان پەرستگایەك لەجریزیم دروستدەکەن.

٤٢٧ ★- ئیفلاتوون (٤٢٧-٣٤٧)

٤٠٠ ★- پێغەمبەر یونێل.

●- پەرتوکی سۆفریم (٤٠٠-١٠٠)

٣٩٩ ★- نووسینەوەی پەڕتوکەکانی (گوتەکانی) ئەیوبو پەندەکانو چەند بەشێك لە پەڕتوکی (مزامیر) (٣٩٩-٣٠٠)

٣٨٤ ★- ئەریستۆ (٣٨٤-٣٢٢)

٣٥٦ ★- ئەسکەندەری مەزن (٣٥٦-٣٢٣) پاشای مەکەدۆنیاو دامەزرێنەری ئیمپراتۆریەتی یۆنانی، ساڵی (٣٣٤) لەشەڕی جرانیکۆس فارسەکان تێکدەشکێنێت، دواتر لەساڵی (٣٣٢)ش لەشەڕی ئایسوس لەنزیك ئەسکەندەرونە تێکیان دەشکێنێت، ساڵی (٣٣٣) سوریا داگیردەکات، ئینجا هەموو فینیقیا دەخاتە ژێر رکیفی خۆیەوە.

٣٣٢ ★- ئەسکەندەری مەزن میسرو فەلەستین داگیردەکات و شاری ئەسکەندەریە دادەمەزرێنێت (٣٣٢).

٣٢٣ ★- دابەشبوونی ئیمپراتۆریەتی یۆنانی، دوای مردنی ئەسکەندەری مەزن.

کۆبوونەوەی جوولەکەکان لەئەسکەندەریە بەو ئیعتبارەی یەکێکە لەناوەندە سەرەکیەکانی جوولەکەو ژمارەی ئەو جووانەی لەوێ بوون زیاتر بووە لەژمارەی ئەو جووانەی لەقودس بوون. بەهۆی ئەوەی بەدەوری دەریای سپی ناوەڕاست (لەبەشی باشووری خۆرهەڵاتی) بڵاوببوونەوە.

٣٢٠ ★- بتلیموسی یەکەم: فەلەستین دەخاتەژێر دەسەڵاتداریێتی ئیمپراتۆریەتیەکەی خۆی.

٣١٢ ★- لەوڵاتی نێوان دوو رووبار بنەماڵەی سلوقیەکان (٣١٢-٦٤) سلوقی یەکەم (٣١٢-٣٨٠) دادەمەزرێنێتو ناوبراو فەرمانڕەوایەتی زۆربەی ئیمپڕاتۆریەتی کۆنی فارسی دەکات، دوای شەڕی ئیسۆس، سلوقی یەکەم فەرمانڕەوایەتی سوریا دەکاتو ئەنتاکیا دروستدەکات (پێشی دەڵێن: سلوقیە) کردوویەتی بەپایتەختی خۆی. لەلوتکەی دەسەڵاتداریەتیەکەیدا هەریەك لەبابلو فارسو سوریاو باکتریاو هەندێك لەخاکی ئاسیای بچوکی خستوتە ژێر دەسەڵاتداریێتی خۆی.

●- ململانێی بتلیموسو سلوقیەکان لەسەر خاکی فەلەستین (٣٠١-١٩٨)

٣٠٠ ★- تێکچوونی نەریتی سامریەکان.

٢٩٩ ★- نووسینەوەی (پەڕتوك) دەستنووسەکانی سروتی سروتەکان و جامعەو دانیاڵ.

٢٨٣ ★- بتلیموسی دووەم: فیلادلفوس (٢٨٣-٢٤٥) فەرماندەکات

تەوڕات وەربگێڕدرێتە سەر زمانی یۆنانی (بە وەرگێڕانە حەوتینەکە ناسراوە) بۆئەوەی جووەکانی ئەسکەندەریە بیخوێننەوە، چونکە زمانی عیبریان بیر چۆبۆوە. ناوبراو دەستدەکات بەنیشتەجێکردنی جووەکان لەهۆردوی سەربازی تایبەت بەخۆیان، بەو ئیعتبارەی (کلیروخوا)ن واتا: نیشتەجێکراو هاوشێوەی مەکدۆنیەکان.

٢٦٤ ★- سەرەتای هێرشکردنی رۆمیەکان بۆسەر قرتاجیە.

٢٢١ ★- بتلیموسی چوارەم: (٢٢١-٢٠٣) رێگا دەکاتەوە جووەکان رەوبکەن بۆ میسرو شەڕ دژی سلوقیەکان بەرپادەکات.

٢١٩ ★- ئەنتیوخوسی سێیەم: خاکی فەلەستین داگیردەکاتو دەیخاتەسەر ئیمپراتۆریەتی سلوقی (٢١٩-٢١٧)

٢١٨ ★- هانیپال: رۆما داگیردەکات.

٢١٧ ★- بتلیموسی چوارەم: ئانتیرخوسی سێیەمی سلوقی لەشەڕی رەفخ تێکدەشکێنێتو فەلەستین دێنێتەوە ژێر دەسەڵاتدارێتی خۆی.

★- لەشەڕی بانیۆم، بتلیمۆس فەلەستین لەدەست دەدات، دوای ئەوەی سەلوقیەکان لەوشەڕەدا سەردەکەون.

★- ئەنباتەکان: لەگەڵ لاوازبوونی هێزی سلوقیەکان بەسوریادا بڵاودەبنەوەو هەندێك ناوچەی دەوروبەری فەلەستین دەخەنە ژێر ڕکێفی خۆیان. (٢٠٠) پێش زایین (١٠٠) زایینی.

★- فێرکەرانی (تەنائیم) لەفەلەستین و بابل (٢٠٠) پێش

زایین (٢٠٠) دوای زایین:

١٩٨- فەلەستین و وڵاتی نێوان دوو ڕووبارو ناوچەکانی دەوروبەری لەژێر دەسەڵاتدارێتی سلقیەکانە (١٩٨- ٧٦)

١٨١ - بتلیمۆسی شەشەم- یان حەوتەم (فیلو میتور) (١٨١- ١٤٥) ڕێگا دەدات جووەکان بێن لەمیسردا نیشتەجێبن (١٨١- ٤٧) ئەوکاتە کۆمەڵێك بتلیموسی لاواز فەرمانڕەوایێتی میسر دەکەن، کە کەسایەتیان لەسنووری میسر تێپەری نەکردووە.

١٧٥- هەژموونی کەسانی جوولەکەی ئەغریقزا (بە ئەغریقی بوون) لەسەر جوولەکەکانی دیکەو سەرهەڵدانی تیرەی ئایینی لە ئایینی جوولەکەدا دەرکەوت کە: سدوقی، فریسیون، ئاسنیون و گیور بوونەکان، بوون.

*- دیارکەوتنی کتێبی خەوننامە (ئابۆکالیبس) ئەو قۆناغە بەپێزترو بەبەرترین قۆناغی مێژووی هزری ئایینی جوولەکە زانراوە، لەو قۆناغەدا جووێتی دەبێتە ئایینێکی یەکتاپەرستی. فریسیویەکان خەریکی تەبەشیر دەبن لەدەوری دەریای ناوەڕاست.

*- ئەنتیۆ خۆسی چوارەم: (ئیبیفانیس) (١٧٥- ١٦٤) ئایینی جوولەکە لەفەلەستیندا بەناشەرعی رادەگەیەنێت (١٦٨) پەرستگای سەرەکی (قبلە) دەگاتە پەرستگایەکی بتپەرستی. لابردنی حاخامی گەورە (ئونیاسی سێهەم)و دانانی (یاسۆن) لەجێگای ئەودا.

١٧٢- قــودس دەبێتــە شــارێکی یۆنــانی (بــولیس) بــەناوی ئینتیۆخیـا. سـەرەتای یـاخیبوونی حشـمونی(مکابی) لـەژێر سەرکردایەتیکردنی حاخام (ماتاسیاس)ی.
١٦٦- کوژرانی ماتاسیاس حشمونی.
١٦٤- بەســــەرکردایەتی یــــەهودا مکـــابی، حشـــمونیەکان سـلوقیەکان بـەدەردەنێن و پەرسـتگا (قبلـە) لەبتـەکان پـاك دەکەنەوەو دووبارە ڕێکی دەخەنەوە.
١٦١- ئۆنیاسی سێیەم: هەڵدێت بۆ میسر.
⋆- یــــەهودا مکـــابی: ســــەرکردەی ســــلوقی(نیکـــانور) تێکدەشـــکێنێت، واژۆکردنـــی پەیماننامەیـــەك لـــەنێوان حشمونیەکان و رۆمییەکاندا. کوژرانی مکابی لەسەردەستی سەرکردەی هێزی سلوقیەکان.
١٦٠- یۆناســـــان (١٦٠– ١٤٢) جێگـــــەی یــــەهودا مکـــابی سەرکردەیان دەگرێتەوەو دەبێتە کاهینی مەزن (١٥٢)
١٥٧- بەســـــتنی پەیماننامەیــــەك لــــەنێوان ســــەرۆکی حشمونیەکان. بـەپێی ئـەو ڕێککەتنـە لەشـکری سـلوقیەکان پاشەکشە بکات و هێزی یۆناسان بچێتە ناو قودس.
١٤٦- رۆمییەکان قرتاجیە (تونسی ئێستا) داگیردەکـەن، رۆمـا بەسەر یۆنان و مەکدۆنیادا زاڵدەبێت.
١٤٥- کـاهینی گـەورە (ئونیاسـی چـوارەم) پەرسـتگایەك لـە (لینتو پۆلیسی) میسر دروستدەکات (بەفەرمانی بتلیمۆس)
١٤٢- کـــوژرانی یۆناســـانی حشـــونی. شـــەمعون دەبێتـــە

سـەرکردەی حشـمونیەکان، دانپیانـانی دیمتریوسـی یـەهودا.
تازەکردنەوەی هاوپەیمانێتی نێوان حشمونیەکان و ڕۆما.
★- شەمعون مکابی (١٤٢ — ١٣٤)
١٤٠- بەزۆرینـەی ڕای بەرپرسـانی شـاری قـودس، شـەمعون دەبێتـە سـەرۆکی گـەل (ئیسـنارخ)و کـاهینی گـەورەو سـەرکردەی سـوپا. ئـەم پلـەو پایانـە دەبنـە میراتـی بـۆ ڕۆڵـەکانی دوای خۆشـی، هـەتا کۆتـایی فەرمانڕەوایـەتی حشمونیەکان. واتا: فەرمانڕەوایەتی بنەماڵەی حشمونی. تا سەرەتای سەرهەڵدانی حزبی فریسی دژبە سدوقیەکان.
١٣٤- کوژرانی شـەمعون لەسـەر دەسـتی هاوسـەری کچەکەی. بتلیموسی فەرمانڕەوای هەرێمی ئەریحا.
١٣٥- یوحەننا ئیرکانوسی یەکەم: (١٣٥- ١٠٤) کوڕی شـەمعون جێگای باوکی دەگرێتەوە، هاوپـەیمانێتی لەگـەڵ ڕۆمییـەکان تازە دەکاتەوە.
١٠٤- یەهودا ئەریستۆ بولیسی (ئەریستۆ بولیسی یەکەم)یان یەهودا فیلهیلین. واتا: هیلینیەتی خۆشەویست (١٠٤- ١٠٣)
١٠٣- ئەسـکەندەر یانـایوس (١٠٣- ٧٦) کـوڕی یوحـەنا هیرکانوسی یەکەم. دەوڵەتی حشمونی بەسەر هەموو خـاکی فەلەستین و زۆربەی خاکی خۆرهەڵاتی ئوردوندا زاڵدەبێت. شەڕی ناوخۆ دژبە فریسیەکان.
★- سـدوقیەکان نوێنـەری چـینی کاهینیـەتی دەکـەن، هـەتا هەرەسهێنان و لەناوچوونی قیبلەی جووەکان.
★- فریسـیون لایـەنگرانی شـەریعەتی سـەرزارەکی (پـێش

زایـــین هــەتا کۆتــایی ســـەدەی یەکــەمی زایــین) لەگــەڵ نزیکبوونــەوەی هــەزارەی پـێش زایــین، بــەپێی هەنــدێك سەرچـاوە، ژمـارەی جوولەکـەکانی دنیـا گەشـتۆتە هەشـت ملیۆن. لەو ژمارەیەش تەنها دوو ملیۆنی و نیو لەفەلەسـتین ژیاون، ئەمەش پێش ئـەوەی (تیتـۆس) پەرسـتگاو قـەوارەی شانشینی ئیسرائیل وێران بکات. نزیکەی سێ ملیـۆن و دوو سـەد هـەزار جوولەکـە لەسـوریا و ئاسـیای بچـوك و بابـل ژیـاون، واتـا: هـەر یـەکێك لـەو وڵاتانـە زیـاتر لـەملیۆنێك جوولەکەی تێدا بوون.

٧٠- پۆمپیێ دەکرێتە کونسولی گشتی رۆما (٧٠- ٤٨)

٦٧- بۆماوەی چـوار سـاڵ شـەڕی نـاوخۆ لـەنێوان هیرکانوسـی دووەم (کەسـاڵی ٣٠ پـێش زایـین مـردووە) ئەرسـتۆ پولـوس (کەساڵی ٤٨ پێش زایین مردووە) بەردەوام دەبێت.

٦٥- پۆمپیێ (یوحەنا هیدکانوسی دووەم) دەکاتە رابەری گەلی ئیسـناریخ، هـەروەها کـاهینی گـەورەش بـەبوونی دەسـەڵاتی سیاســی ســنووردارەوە، رێگــای پێــدەدات شــکۆی نازنــاوی دۆکس (واتا: پاشای رۆمانی) هەڵگرێت (ئیتباتر)یش دەکاتە راوێــژکاری ئــەو. بەمــەش دەوڵــەتی حشــمونی رواڵــەتی سەربەخۆیی بوونی خۆی لەدەست دەدات.

٦٣- داگیرکردنـی قـودس لەلایـەن پـۆمپیێ، فەلەسـتین دەبێتـە هەرێمێك لە سوریای ژێر دەسەلاتدارێتی رۆمییەکان.

٥٧- ئۆلـۆس جـابینوس: (٥٧— ٥٥) فــەرمانڕەوای رۆمانییــە

لەسوریا، نازناوی (پاشای رۆمانی) لە هیرکانوسی دووەم دەستێنێتەوە.
★- هیرکانوس پشتگیری یۆلیۆس قەیسەر دەکات کەنازناوی پاشای رۆمانی پێدابوو، بۆئەوەی پانتایی شانشینەکەی بەرفراوانتر بکات. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هێزی راستەقینە هەر لەدەست ئانتیباترو منداڵەکانیدا دەمێنێتەوە.
★- کوژرانی یۆلیۆس قەیسەر.
٤٤- ئانتیجونۆس (کوڕی ئەرستۆ بۆلیسی دووەم) بەیاریدەدانی ئەو فرسیانەی فەلەستینیان داگیرکردبوو، دژبە رۆمییەکان رادەپەڕێ و یاخی دەبێت، بەڵام رۆمییەکان دەستگیری دەکەن و لەساڵی (٣٧) لەسێدارەی دەدەن.
★- ئانتیجونۆسی دووەم: (ماتاسیاس) (٤٠ - ٣٧)
٤٠- خۆپیشاندان دژبە جوولەکەکانی شاری ئەسکەندەریە.
٣٨- هیرود (کوڕی ئانتیباتر) هەڵدێت بۆ ڕۆما، رۆمانیەکان پشتگیری دەکەن و دەگەڕێتەوەو بەهاوکاری سوپای رۆمانی فەلەستین داگیردەکات. دواتر نازناوی (دوکس)ی پێدەبەخشن و دەیکەن بەپاشای رۆمانی هەرێمی یەهودا.(٣٧) پێش زایین هەتا (٤) زایینی.
١٠- ٨- لەدایکبوونی مەسیح و بڵاوبوونەوەی مەزهەبەکانی عرفانی (عنوصی) لەخۆرهەڵاتی ناوینی کۆن، بەتایبەت لەشارەکانی هیلینی کە کۆمەڵانی جوولەکەی لێبوون.

# پاشکۆ و زانیاری

١- **کارل کاوتسکی:** فەیلەسوف، سیاسی و بیرمەندی سۆسیال- دیموکراسی ئەڵمانی- چیکی، لە ١٦ ئۆکتۆبەری ساڵی (١٨٥٤) لە براگ لەدایك بووە. لە ١٧ ئۆکتۆبەری ساڵی (١٩٣٨) لە ئەمستردام کۆچی دوایی کردووە.

٢- **جووەکانی ئێران:** مێژووەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ (٢٤٠٠) ساڵ لەمەوبەرو هەتا بەئەمڕۆش. بەپێی بەشی پەڕتوکی ئەستیر- لە کتێبی تەوڕاتدا، دوای داگیرکردنی قودس لەلایەن نەبوخوزنەسرەوە، هەزاران جوولەکە ئاوارەو پەرتەوازەبوون بە دنیادا، لەمانەش ئیران. بەڵام سەرچاوە مێژووییەکان دەڵێن: جووەکان لەسەردەمی ئەخمینیەکاندا کۆچیان کردووە بۆ ئێران. ئەمڕۆ لە ئێراندا نزیکەی (٤٥) هەزار جوولەکە دەژین، ئەوانە دووەم گەورەترین کۆمەڵەی جوولەکەن لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاست دوای ئیسرائیل. لە شاری تاراندا دە

پەرستگای جوولەکەی کراوەو چالاك هەن. گرنگترینیان کەنیسەی (ئابریشم)یە، کەدەکەوێتە بینایەکی جوانی ناوەراستی تاران. سەرۆکی جووەکانی ئێران ناوی حاخام (ماشاللّە غلستانی نەجاد)ە.

٣- **تەلمود:** وشەیەکی عیبریە بەمانای لێکۆڵینەوە دێت. پەڕتوکێکە دەربارەی پەیڕەو وفێرکردنی ئایینی جوولەکەو گفتوگۆ و دەمەتەقێی نێوان حاخامەکانە سەبارەت بەشەریعەتی جوولەکە نووسراوەتەوە. لەمانەش: رەوشت و نەریت لەکلتوری جوولەکەدا. هەروەها سەرچاوەیەکی بنەڕەتییە لە جێبەجێکردنی پەیڕەوە قانونییەکان. لەبەرئەمە تەلمود کاریگەری گەورەی لەسەر بیرو باوەڕی جووێتی هەیە. جگەلەمەش هەر چەندە شەریعەتێکی قانونی فەرمی نییە، بەلاّم بنەمایەکی بنەڕەتیە بۆ هەموو شەریعەتە قانونیەکانی دواتر.

٤- **جوولەکەیی:** سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن بنەڕەتی نازناوی (جوویی) لەناوی یەهوزای کوڕی یەعقوبەوە هاتووەو بەدانیشتوانی ئەو شانشینە گوتراوە کە ئەو تیرەیە دروستیان کردووە. لە بەڵگەنامە شوێنەواریەکاندا ئەو شانشینیە بە(خانەی داود) ناوی هاتووە. لەپەڕتوکی پاشایانی دووەم (١٨) بەوەچەکانی پێغەمبەر داوود گوتراوەو بە یەهویە ناوی هاتووە.

٥- **رۆڵــەکانی ئیســـرائیل**- یـــان نـــەوەکانی ئیســـرائیل، زاراوەیەکـە لـە (تنـاخ)داو بەرۆڵـەکانی یـەعقوبی کـوڕی ئیسحاقی کوری ئیبراهیم گوتراوە (واتا: دوازدە کوڕەکەی ئیـــبراهیم) هــەروەها (بنـــو ئیســـرائیل) بـــە دوانـــزدە تیرەکـــەش ناســـراوە. بـــەپێی دەقـــی تـــەورات: وشـــەی ئیســـرائیل بـــەمانای (ئـــەوەی لەگـــەڵ خـــوادا تێکۆشـــا) هەروەك چۆن لەتەوراتدا هاتووە. (لاَ يُدْعَى اسْمُكَ فِي مَا بَعْدُ يَعْقُوبَ بَلْ إِسْرَائِيلَ، لأَنَّكَ جَاهَدْتَ مَعَ اللهِ وَالنَّاسِ وَقَدَرْتَ).

٦- **ســیودۆر هیتــزل:** ســاڵی ١٨٦٠ لــە مەجـەر لـەدایکبووە. لـە زانکـۆی ڤیننـا دکتـۆرای لـە قـانونی رۆمـانی بەدەسـت هێنـاوە. هیرتـزل دامەزرێنـەری راسـتەقینەی دەوڵـەتی ئیسـرائیلە. نـاوبراو کـۆنگرەی سـەهیۆنی سـاڵی ١٨٩٧ ی سویسـرای رێکخسـتوەو هـەتا سـاڵی ١٩٠٤ سـەرکردایەتی رێکخـراوی سـەهیۆنی جیهـانی کـردووە. لـەنێوان ساڵانی (١٨٩١- ١٨٩٥) هیرتـزل کتێبـە بەناوبانگەکـەی دەرکـردووە بەناوی (وڵاتی جوولەکە) نـاوەڕۆکی کتێبەکـەی بریتییـە لە: هەتا جووەکان لەئەوروپای سەرمایەداریدا بمێننەوە، ئـەوا بـەردەوام روو بـەڕووی سـتەم لێکـردن دەبنـەوە، ئەمـەش بـەهۆی رکەبـەرێکردنی ئابووریـان لەبەرامبـەر ئـەوروپادا، باشـترین چارەسـەر ئەوەیـە دەوڵـەتێکیان لەفەلەستین بۆ دروسـت بکرێـت. هیرتـزل لەسـاڵی (١٩٠٤)

لەئاوایی ئۆلاخی مەجەر کۆچی دوایی کرد. لەساڵی (١٩٤٩) تەرمەکەیان بردەوە بۆ ئیسرائیل.

٧- **کەریمی عەلەکە:** کوردێکی گاوری خەڵکی سلیمانیە، لە حکومەتەکەی (شێخ محمود)دا، وەزیر بووە. ناوبراو دەوڵەمەندترین کەسی شاری سلیمانی بووە. لای دانیشتوانی شار کەسایەتیەکی خۆشەویست و رێزدار بووەو بەکەسێکی خێرخواز ناسراوە. لەشەڕی جیهانی یەکەمدا یارمەتی زۆری هەژارانی داوە. کاتێك بریتانیا لە ساڵی (١٩٢٢) هەڕەشەی ئەوەی کرد، ئەگەر شێخ مەحمود لە شاری سلێمانی نەچێتەدەر- ئەوا بەفڕۆکە ئەو شارە بۆمباران دەکات. لەبەر ئەمە خەڵکی سلێمانی وەفدێکیان پێکهێنا بۆ رێگەگرتن لەمە، کەریم عەلەکەش سەرۆك و قسەکەری ئەو وەفدە بوون کەچوون بۆ بەغداد.

٨- **رەبانی:** وشەی رەبانیەکان لەقورئانی پیرۆزدا هاتووەو دەڵێت: (إنا أنزلنا التوراة فيها هدى ونور يحكم بها النبيون اللذين هادوا والربانيون والاحبار بما استحفظوا من كتاب الله...٨٢)

٩- **هترِوان:** ناوی پاشایەکی کوردە لەناوی (مانی)ە کۆنەکانەوە هاتووە. پاشای شانشینی ئەدیابین بووە (حدياب)

١٠- **جووە ئەشکنازا و سیفارداکان:** ئەشکنازەکان، ئەوانەی جووی ئەڵمانیاو فەرەنساو ئەوروپای خۆرهەڵاتن.

سـيفارادەکانیش، جووەکـانی: ئیسـپانی و پرتوگـال و ئیتالیـاو یۆنـان و سـەرووی کیشـوەری ئـەفریقاو خۆرهـەڵاتی ناوەراسـتن. وشـەی ئەشـکناز لـە وشـەیەکی لێکدراوی عیبری ئەڵمانیـەوە هـاتووە. وشـەی سـیفارداش لەوشەیەکی لێکدراوی عیبری ئیسپانیەوە هاتووە.

بـاوەڕی سـیفاردیەکان لـە بنەڕەتـدا لەگـەڵ جـووێتی ئیرسەدۆکسیدا دێتەوە، هەرچەندە سیفاردیەکان قـانونی جـوویی (هالاخـا) بەشـێوەیەکی جیـاواز لەگـەڵ ئەشـکنازەکاندا لێکدەدەنـەوە. یـەکێك لـەو جیاوازیانـە سـەبارەت بەجـەژنی (پاکـژی) جـووە سـیفارادەکانە، لـەماوەی ئـەو جەژنـەدا بـرنج و گەنمەشـامی و فاسۆلیا دەخۆن. زمانی ئاخاوتنی ئەشکنازیەکان یەدیشیە. بەڵام جووی سیفارادی زمـانێکی تایبـەت بـەخۆیان هەیـە کـە تێکەڵەیەکە لەزمانی ئیسپانی و عیبری.

١١- **سـەهیۆنی**: بزوتنەوەیـەکی سیاسـییە، لـە کۆتاییـەکانی سـەدەی نـۆزدە لەخۆرهـەڵاتی ئـەوروپا سـەری هەڵـدا، جووەکانی هاندەدا کوچ بکەن بۆ خـاکی فەلەسـتین. بـەو بـاوەڕەی خـاکی بـاوکو باپیرانیانـە. وشـەی (zionim) ناوەکەی لەچیای سەهیۆنی خواروی قودسـەوە هـاتووە. پـەڕتوکی مـزامیر (٩) دەڵێـت: (رتلـوا للـرب السـاکن فی صهیون حدپوا الشعوب باعماله ینتقم ممن یسفك الدم.)

١٢- **هـیرودوت**- یـان هیرودوتـس (Herodotus) مێـژوو

نووسێكی یۆنانی ئاسیایی بووە، لە سەدەی پێنجی پێش زایـــین ژیـــاوە. (٤٨٤ -٤٢٥) پـــێش زایـــین. بەناوبانگـــە بەباسكردنی ئەو شوێنانەی لەو سـەردەمەدا بـەناوبانـگ بوون.

١٣- **پەڕتوكـەكان**: كتێبـە پیرۆزەكـانی جوولەكـە دابەشـدەبن بەســـەر دوو بەشـــدا: یەكـــەم: تـــەوراپ و كتێبـــی پێغەمبەرەكانی تری دوای ئەو.

أ- تناخ: بەزمانی عیبری بـە(ت، ن، ك) دەنووسـرێت ئەمـەش بەمانای كورتكراوەی، تەوراپ و نەبونیم (پێغەمبەران)و كتـوبیم پـەڕتوك (كتێـب) دێـت، ئـەوە ئـەو سـێ بەشـە سەرەكیەیە كەتەوراتی لێپێك دێت.

ب- خوێنـــدن: بـــەمانای دەقـــی خوێندنـــەوە، چـــوونكە داوادەكـەن لـە خـوا پەرسـتیەكەیاندا بخوێندرێتـەوە، بگەڕێنەوە بـۆ رێسـاو پـەیڕەوەكانی، بـۆ رێكخسـتنەوەی ژیانیان.

ج- میســـورە: ئەمـــە لای ئـــەوان خەســـڵەتێكی مـــەعریفی تایبەتی هەیەو گرنگی بەو دەقـە پیرۆزە دەدەن كـەباس لە ئەژدادیان دەكات.

دووەم: تەلمود: جووەكان پێیانوایە یەكێكە لەپێنج پەڕتوكـە شـەریعەتیە پیرۆزەكانیـان، لـەدوو بـەش پێكـدێت و بـە بەشـی یەكـەمی دەگوترێـت (مشـنا) بـە دووەمـەیش دەگوترێـت (جمـارا) زۆر پـەڕتوكی ئـایینی دیكـەش لای

جووەکـان هـەن و ناکەونـە گـەڵ کتێبـە پیرۆزەکانیـان و پێیـان دەڵێن: کتێبـی ناقـانونی- یـان (ئابۆکریفـا) بـەڵام گرنگـی زۆریـان پێـدەدەن و دەیکەنـە درێـژە پێـدەری مێژووەکەیان.

١٤- **ئاشـور:** شارسـتانیەتێك بـووە کەوتۆتـە سـەرووی وڵاتـی نێـوان دوو رووبـار، لـە هـەزارەی دووەمـی پـێش زایـین بەرفراونبووەو لەبەشی سەروویەوە شارەکانی نەینـەواو نەمرودو خورسبادی لەخۆگرتوون. لەساڵی (١٨١٣)ی پێش زایـین پاشـا (شمـش) فەرمانڕەوایـەتی ئاشـوری کـردووە هەتا ساڵی (١٧٦٠)ی پێش زایین. حـامورابی پاشـای بابـل شاری ئاشـوری (شلمنسـری یەکـەم) بـابلی داگیرکـردووەو لەســاڵی (١٢٧٣)ی پـێش زایــین بەســەر میتانیەکانــدا زاڵبــووەو لەســاڵی (١٠٠٠)ی پــێش زایــین ئارامیــەکان ئاشوریان داگیرکردووە. دواتـر ئاشـوریەکان سـاڵی (٧٢١)ی پـێش زایـین شانشـینی سـامریان داگیرکـردووە. لەسـاڵی (٧٠١)ی پــــێش زایــــین (ســــرجونی دووەم) پاشـــای ئاشوریەکان ئۆرشـەلیمی داگیرکردووەو جووەکانی ئەنفال کــردوون. لەســاڵی (٦٨٦) پــێش زایــن، ئاشــوریەکان بــەهاوکاری میدیــەکان شــاری بابلیــان داگیرکــردووەو وێرانیان کردووە.

١٥- **کلـدان:** سـەبارەت بەئەسـڵی کلدانیـەکان ڕاو بۆچـوونی هەمەجۆرو جیـاواز هەیـە: بۆنموونـە: (دیلابـورد) دەڵێـت

ئەوانــە ئــارامین، هــەروەها (ئــادون بڤن)یــش دەڵێــت: کلدانیــەکان نــەوەی رەســەنی ئارامیــەکان بــوون. ئــەو پەیوەســتە بــەهێزەی لــەنێوان ئــارامی و کلدانیەکانــدا هــەبووە وای لەلێکۆڵــەرەوان کــردووە بەیــەك تیرەیــان هەژماربکەن- یان یەك بنەچە. لەدەقە نووسراوەکانی ئاشــوریدا بۆیەکــەمجار نــاوی کلدانیــەکان لەســاڵی (٨٨٣) پێش زاییندا، هاتووە.

١٦- **میدیــەکان**: یەکێکــە لــەو میللەتانــەی لــەدێر زەمانــەوە نیشتەجێی چیاکانی زاگرۆس بووە، واتــا: لــە خۆرهــەڵاتی بــاکوری کەئێســتا پێــی دەڵــێن: کوردســتان. پانتــایی نیشــتمانەکەیان پێکهــاتبوو لــەئازەربایجان و ناوچــەی کاروخ. بەپشتبەستن بەکتێبەکانی (هیرودوت) کــەدەڵێت: میدیــەکان لــە شــەش تــیرەی ســەرەکی پێکهــاتوون. (ئــەوانیش: فەیلیــە، باریتــاك، ستروخات، ئاریــا، پــودی و مــوگی) بــوون، هــیرودوت بــەو تــیرە ئاریاییانــەی گوتــووە میدیــەکان. بەپشــت بەســتن بــە(تــەورات)ش ئەوانــە لەبنەچەی یافسی کوری نوحی یەکەمن. دەستنووســە کۆنــەکانی یۆنــانی ســاڵی (٨٣٦)ی پــێش زایــین، نــاوی میدیــەکانی واهێنــاوە ئەوانــە بــاج و خــەراجیان داوە بەپاشــای ئاشــوری. (شلمنســری ســێیەم) کۆدەنگیــەك لەســەر ئــەوە هەیــە میدیــەکان فــارس نــەبوون، بــەڵام زمانەکــەیان لەیــەکتری نزیــك بــووە. بەپیشتبەســتن

بەکتێبەکـەی، (د. زریـار) لـەژێر ناونیشـانی: (ئێـران شۆڕشـێك لەزینـدوێتی) کەسـاڵی (٢٠٠٠) لەپاکسـتان بەچاپی گەیاندووە، دەڵێت: ساڵی (١٥٠٠)ی پێش زایین، دوو تـیرەی گـەورەی ئـاری رووبـاری ڤۆلگـای سـەرووی دەریاچەی قەزوینیان بڕیوەو لە ئێراندا نیشتەجێبوون. ئـەو دوو تیرەیـە میـدی و فارسـەکان بـوون. میدیـەکان لـەباکوری خۆرهـەڵاتی ئـەو خاکـەدا شانشـینی میـدیان دروسـتکردووە. ئـەوەی دیکەشـیان شانشـینێکیان لـە باشـووردا دروسـتکردووەو گریکـەکان پێیـانگوتووە: بارسیس و ناوی فارسیش لەمەوە هاتووە.

هەندێك کورد لەو بڕوایەدان میدیـەکان یـەکێکن لەڕیشـەی کورد. ئەم بڕوایەش لەو سرودی نیشتمانیەوە سەرچاوە دەگرێـت، چـونکە لـەو سـرودەدا بـەڕوونی ئامـاژە بـەوەکراوە کـورد رۆڵـە - یـان نـەوەی میدیـەکانن. بەمێژوونووسی کورد (محمد ئـەمین زەکی ساڵی (١٨٨٠-١٩٤٨) لە کتێبەکەی بەناونیشـانی (کورتەیـەك لەمێـژووی کورد و کوردسـتان) دەڵێت: میدیـەکان ئەگـەر پێکهاتـەی سـەرەکی گـەلی کـورد نـەبووبن، ئـەوا هاتوونەتـە پـاڵ کوردەکـان و نەتـەوەی کوردیـان پێکهێنـاوە. رەوتێکـی دیکە هەیە باوەڕی بەوەیە رەگوڕیشەی کوردەکان ئارین و دەچنەوەسـەر رەگـەزی میدیـەکان. چـونکە کـۆدەنگی لەسەر ئەوە هەیە میدیەکان قەومی ئاری بوون.

هیرودوت دەڵێت: (ئەسڵی میدیەکان دەگەڕێتەوە بۆ کەسێك کەناوی دیاکۆبووەو سەرکردەی هۆزی ناوچەی شاخاوی زاگرۆس بووە. لەنیوەی سەدەی حەوتەمی پێش زایین میدیەکان سەربەخۆیی خۆیان بەدەست هێناوەو ئیمپڕاتۆریەتێکیان بەناوی میدیا دروستکردووەو (فرورتیش) (٦٦٥- ٦٣٣)پێش زایین، یەکەم پاشای ئەو ئیمپراتۆریەتە بووە. بەهاتنی سەدەی شەشەمی پێش زایین توانیویانە ئیمپراتۆریەتێکی گەورە پێکبهێنن کەدرێژ بۆتەوە بۆ خاکی ئازەربایجانی ئێستاو ئاسیای ناوەراست و ئەفغانستان.

میدیەکان باوەڕیان بەئایینی زەردەشتی هێناوەو توانیویانە لە ساڵی (٦١٢)ی پێش زایین، پایتەختی ئاشوریەکان، نەینەوا داگیربکەن، ئەم رووداوە ترس و لەرزی خستۆتە دڵی بابلیەکان و ئەوان دەستپێشخەریان کردووە بۆ بەستنی پەیمانی ئاشتی. بابلیەکان (نەبوخوزنەسر) هاوسەرگیری لەگەڵ کچی سیاخاریسی ئیمپراتۆری میدیەکاندا کردووە. دەسەڵاتداریێتی میدیەکان درێژەی کێشا هەتا پاشای فارسی (کرۆش) لەمیدیەکان هەڵگەرایەوەو دواجار لەساڵی (٥٥٣)ی پێش زایینی، بە سەریاندا سەرکەوت.

١٧- **موزس موشی هس:** لە شاری بۆن لەدایك بووە (١٨١٢-١٨٧٥) فەیلەسوفێکی سۆسیالیستی جوولەکەی

ئەڵمانیایە. یەکێکە لەدامەزرێنەرانی جوولەکەی سیاسی کرێکـــاری. کتێبێکـــی هەیـــە بەناونیشـــانی (رۆمـــا و ئۆرشـــەلیم، ١٨٦٢) نـــاوبراو لـــە پـــاریس کۆچـــی دوایـــی کـردووەو لەسـەر داوای خـۆی لەگۆڕسـتانی جووەکـان لـە کۆلۆنیا نێژراوە. لەساڵی (١٩٦١) روفاتەکەیان هێناوەتـەوە بـۆ ئیسـرائیل و لەگۆڕسـتانی تیبریـا ناشـتویانەتەوە. ناوبراو لەتـەك گـۆڕی ئـەو کۆمۆنیسـتانەیە کـە بـێ دیـن بـوون، وەك: نحمـان سـیرکین. پێـر بۆرۆخـۆف و پـیر کاتزنیلسـۆن. بـۆ رێزگـرتن لـەناوبراو ئـەو گۆڕسـتانەیان بەناوی (هیس)ناوە.

١٨- **کلـۆس جـیمس رِیـچ**: خۆرهـەڵاتناس و گەڕیـدەو زانـای شوێنەوارناســی ئینگلیــزە. ســاڵی(١٨٢٠) گەشــتی بــۆ کوردسـتان کـردووە. گەشـتەکانی بۆخۆرهـەڵات بـەدوورو درێژی تۆمارکردوون. دوای مردنی هاوسەرەکەی لەساڵی (١٨٣٦)ی زایینـی بەچاپی گەیانـدووەو وەك کتێـب بـڵاوی کردۆتەوە.

١٩- **مۆمدانی جووەکان:** مۆمدانێکی حـەوت پـەلیـە، مۆمدانـە گەورە کۆنەکە لـەزێڕی بێخـەوش دروسـتکراوەو وەختـی خۆی لەپەرستگای سلیمان لەناو ئـەو خێمەیـەدا دانـراوە کەکۆبوونـــەوەکانی تێـــدا کـــراون. هەنـــدێك جوولەکـــە پێیانوایە رووناکی حەوت مۆمەکە نیشانەو ئاماژەیـە بـۆ حەوت ئەستێرەکان.

٢٠- **لاهـــوت**: زاراوەی لاهـــوت (theology) لـــەدوو وشـــەی لێکـــدراوی یۆنانیـــەوە هـــاتووە، بـــەمانای: لێکۆڵینـــەوە لەخواوەنـد. زانسـتی لاهـوتی مەسـیحی هەوڵدانـە بـۆ تێگەیشتن لەخواوەندو ئەمە لەئینجیلدا خراوەتـە روو. وەك چـۆن زانسـتی لاهـوتی پێشـتر لـەفکری یەهودیـدا هەبووە. فەیلەسوفی لاهوتی (موسا بن میمون) باشـترین نموونـەی ئەمـەی لەکتێبەکـەی بەناونیشـانی: (بەڵگـەی واقورمـان) خسـتۆتەروو. هـەروەها فەلسـەفەی بـوزی و هیندۆسیش سۆلۆجیای تێدایە.

٢١- **مدراش**: کۆمەڵێك رێنـوێنی و قسـە لەسـەرکردنی کۆنـە. لەسەر بەشەکانی تناخ بەپۆلێنکردنی جیاجیا لەیەکتری. هەربەشێك لە کتێبـی مـدراش دەکرێـت زۆر کـورت بێـت- یـان یـەك ڕسـتەش بێت. هەنـدێك بەشـی لەتەلمودیشـدا هەن.

٢٢- **هیکل سلیمان**: یان پەرستگای سلیمان- یـان مـاڵی پـیرۆز- یـــان خانـــەی همقـــدش. بـــەپێی کتێبـــی پـــیرۆز: یەکـــەم پەرسـتگای جوولەکەیـە لـەقودس کەپێغەمبـەر سـلیمان دروستیکردوە، بـەوەی لەپـەڕتوکی پاشـاکانی یەکەمینـدا هاتووە، پاشـا سـلیمان دەسـتی بەدروسـتکردنی کـردووەو دوای مردنی کوڕەکەی پێغەمبەر داوود تەواوی کـردووەو ئـەو تـابوتی پـەیمانی کۆن و ئـەو بەردانـەی شـەریعەتی موسـای لەسـەر نووسـراون هێنـاونی بۆئـەو پەرسـتگایە.

دروستکردنی ئەو پەرستگایە (١٦) ساڵی خایاندووە. واتا: قبلەی جولەکەکان.

٢٣- **خانەی پیرۆز**: بەشاری قودس دەگوترێت، پێشی دەڵێن: شاری یبوس. هەروەها شاری ئیلیاش. قودس کۆنترین شارە هەر لە سەردەمی بەردینی یەکەوە، کەمرۆڤی تێدا نیشتەجێ بوبێت (٥) هەزار ساڵ پێش زایین دروستکراوە. خانەی پیرۆز هەرێمیشە.

٢٤- **بعل**: ناوی بتێکە، یەکێکبووە لەخواوەندەکانی وڵاتی شام و ئاسیای پچوك. ناوەکەی بەمانای: پاشا- یان گەورە دێت، بەڵام دەقەکانی (ئوگارێت) پێی وایە: (بەعل) بەمەبەستی خواوەندی خەسڵەت دیاریکراوە، ئەویش (هداد)ە.

٢٥- **خالید بکداش**: (١٩١٢- ١٩٩٥) سیاسەتمەدارێکی کوردی سوریایە. لەساڵی ١٩٣٠ پەیوەندی بەحزبی شیوعی سوریەوە کردووە. لەساڵی (١٩٣٣) بۆتە سکرتێری ئەو حزبە. ناوبراو دامەزرێنەری رۆژنامەی (دەنگی گەل) بووە. لەساڵی (١٩٣٧) ئەو یەکەم کەسە مانیفێستی حزبی کۆمۆنیستی وەرگێڕابێتە سەر زمانی عەرەبی. هەتا مرد هەر سکرتێری ئەو حزبە بوو.

# سەرچاوەکان


١ ـ الدين و الصراع الطبقى — فى المجتمح الشرقى العبودى القديم. تاليف: كارل كاوتسكى. ترجمة: سعيد العليمى. مركز الدراسات و الابحاث العلمانية فى العالم العربى. دار روافد للنشر والتوزيع فى القاهرة. (القسم الثالث ـ اليهود) ٢٠١١ ص١٦

٢ - بنەچەی کورد- یان رەچەڵەکی کوردو زمانەکەی. نووسینی: فێردیناند هێنەر بیشلەر. وەرگێڕانی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆر. عەتیە کەریم محمد. ناوەندی توێژینەوەی مێژوویی جەمیل رۆژبەیانی ٢٠١٦ ل ٦٢

٣ ـ اليهود انثروبولوجيا: تايف: د. جمال حمدان. الناشر: دار الهلال. ٢٠٠٧ ص ٨٢

٤ ـ قصة الحضارات. تاليف: ول داريل ديورانت. ترجمة: زكي نجيب محمود. الناشر: دار الجيل للطبع والنشر والتوزيع ٢٠٠٧ مجلد ٢ ص ٣٣٨

٥ ـ الخروج من بابل ـ المواطنون اليهود تذكرة بلا عودة. تاليف: استير مئير غليتسنشتين ـ دفنه تسمحونيا و موشيه غات. ترجمة: د. طالب القريشي. دار قناديل للنشر والتوزيع. بغداد الطبعة الاولي ٢٠١٩ ص ٢٥١
٦ ـ الديانة اليهودية والتاريخ اليهود وطاة ٣٠٠٠ عام. تاليف: اسراييل شاخاك. ترجمة: رضى سليمان. شركة المطبوعات للتوزيع والنشر. بيروت لبنان. الطبعة الرابعة ١٩٩٧ص١٥٠
٧ ـ اليهود فى تاريخ الحضارات الاولى. تاليف: جوستاف لوبون، ترجمة: عادل زعيتر. الناشر: مكتبة النافذة ـ الطبعة الاولى ٢٠٠٩ ص٢٧
٨ ـ سفر التاريخ اليهود ـ اليهود تاريخ وعقائدهم. تاليف: رجاء عبدالحميد عرابى. الناشر: الاوائل للنشر والتوزيع. سورية دمشق ـ الطبعة الثانية ٢٠٠٦ ص ٧٦ ـ ٢٦٧
٩ ـ اليهود نشاة وتاريخيا. تاليف: الشيخ صفوت الثواد. دار التقوى للنشري التوزيع ٢٠٠٩ ص٥١
١٠ ـ اليهود العالمى. تاليف: هنرى فوزد. تعريب: خيرى حماد. منشورات الافاق الجديد — بيروت ص٦٢
١١ ـ تاريخ الديانة اليهودية. تاليف: دكتور محمد خليفة حسين احمد. الناشر: دار قباء للطباعة والتوزيع. القاهرة ١٩٩٨ ص ٢١٢

١٢ ـ جدلية الدين والتنوير. تاليف: ف. هيجل. ترجمة: ابى يعرب المرزوقى. الناشر: هيئة ابوطبى للسياحة والثقافة/ كلمة ٢٠١٤ ص١٨١
١٣ ـ العالم الشرقى ـ المجلد الثانى من محاظرات فى فلسفة التاريخ. تاليف: ف. هيجل. ترجمة: د. امام عبدالفتاح امام. الناشر: دار التنوير للطباعة والنشر والتوزيع ـ بيروت الطبعة الثالثة. ٢٠٠٧ ص١٦٤ـ١٦٥
١٤ - مێژووی ئاراميیەكان لەكوردستان. نووسینی: شاسوار هرشمی. چاپی دووەم. سلێمانی ١٩٩٩ ل٢٦
١٥ - جوولەكەی كوردستان. نووسینی: ئاريك براور. وەرگێڕانی: شاخەوان كەركوكی- عەبدلرەزاق بۆتانی. دەزگای ئاراس بۆ چاپ وبلاوكردنەوە، هەولێر. لاپەڕە ٥٠
١٦ - ئايينو تايفه ئايينيەكانی كوردستان. نووسینی: ميهرداد ئێزدی. وەرگێڕانی: كامەران فەهمی. مەكتەبی بیرو وشیاری. سلێمانی ٢٠٠٢ ل ٨٦
١٧ ـ رحلة متنكر الى بلاد ما بين النهرين وكردستان. تاليف: ميجر سون. ترجمة: فواد جميل. الجزء الاول. الطبعة الاول ـ بغداد ١٩٧٠ ص ١٤٥
١٨ ـ يهود كوردستان ورؤسائهم القبليون. تاليف: د. مردخاي زاكين. ترجمة: الي اللغة الكوردية: د. سعاد محمد خضر، من منشورات مؤسسة زين في (السليمانية) سنة ٢٠١٥

١٩ ـ اليهود تاريخ وعقيدة. تاليف: كامل سعفان. سلسلة كتاب الهلال. سنة ١٩٨١ ص ٢١٣ـ ٢١٤
٢٠ ـ منظمة العدالة لليهود من الدول العربية. (موقع جيمينا)
٢١ ـ الموساد فى العراق ودول الجوار- انهيار الامال الاسرائيلية والكردية. تاليف: شلومو نكديمون. ترجمة: بدر عقيلى. دار القدس- بيروت ١٩٩٧ ص٢٥١
٢٢ ـ دراسة أجراها مجموعة من علماء السلالات البشرية فى عام (١٩٥١) عن الاجناس والتباينات العرقية. مجلة: افاق عربية، عدد يناير سنة ١٩٧٧ ص ١٩
٢٣ ـ مجلة الدراسات التاريخية والحضارية. المجلد (٦) العدد (١٨) كانونى الثانى (٢٠١٤) اليهود فى شمال العراق. دراسة تاريخية (أ.م.د) سعد سلمان عبدالله المشهدانى.
٢٤ ـ هجرة يهود العراق- الظروف والتاثيرات. تاليف: د.عباس شبلاق. ترجمة: مصطفى نعمان احمد. دار كتب والوثائق. بغداد ٢٠٠٨ ص١٨٧
٢٥ ـ كلوديوس جيمس ريج. رحلة ريج الى كردستان. ترجمة: محمد حمة باقى ١٩٩٢ص ١٣٨
٢٦ ـ كەريمى زەند، گەلى جوولەكە. گۆڤارى يەكێتى مافناسانى كوردستان- لقى سليمانى. سالّى دووەم. هاوينى ١٩٩٨ ژمارە ١٣ ل٧٣
٢٧ـ هاملتون: طريق الى كردستان. ترجمة: جرجيس فتح

الله. مطبعة الدار الجاحظ ـ بغداد ١٩٧٣ص٢٩١ـ٢٩٢
٢٨ـ يهود كورد فى اسرائيل. جريدة الاستاذ الكورد. عدد ١٩ ص٢٠
٢٩- چاوپێکەوتن لەگەڵ مێژوونووسی بەناوبانگ: کەریم زەند (١٩٩٩/٣/١٥)
٣٠ـ صادق حسن السودانى. النشاط الصهيونى فى عراق (١٩١٤ـ١٩٥٢) الطبعة الثانية. بغداد ١٩٦٨ ص ٢٩
٣١- ئەکرەمی سالح رەش. جوولەکەکانی سلێمانی. رۆژنامەی سلین. ژمارەکانی ١١-١٢ شارەوانی سلێمانی. حوزەیرانی ٢٠١٠ ل ٤
٣٢- ئەکرەمی سالح رەش. جوولەکەکان لەسلێمانی. گۆڤاری سلێمانی. ژمارە (١١)حوزەیرانی ٢٠٠١ ل ٣٩
٣٣- رەشید شەوقی. ئەوەی روویداو بەسەر رەشید شەوقیدا هات. ئامادەکردنی سەدیق سالح. سلێمانی. چاپی یەکەم (٢٠٠٣)
٣٤- تاهیر ئەحمەد حەوێزی: جوولەکەی کۆیە. ل١٦٧
٣٥- ئەریك براور، سەرچاوەی پێشوو. ل٢٢٤
٣٦ـ ميجر سون. رحلة متنكر الى بلاد مابين النهرين و كوردستان. ترجمة: فواد جميل. جزء الاول، الطبعة الاول. بغداد ١٩٧٠ص ٢٩٦
٣٧ـ هنرى فيلد: جنوب كردستان. دراسة انتروبولوجية.
٣٨ـ ترجمة: جرجيس فتح الله , الطبة الاولى ٢٠٠١ص٦٤

٣٩ - بشماس میخائیل. مێژووی شەقلاوە. چاپخانەی ماردین.
٤٠- ساڵی ٢٠٠٠؟ ل ٦٣
٤١- سەیری تەورات بکە پاژی ٢ ل ٤٠
٤٢ـ الابحاث فی الیهودیة والصهونیة. تالیف: احمد سوسة. دار الامل للنشر والتوزیعـ اربد الاردن ٢٠٠٣ ص ١١٥
٤٣- یهود کردستان، مێژووی ژیانیانو پەیوەندیان لەگەڵ ئاغاو کوردەکان. نووسینی: دکتور موردەخای زاکین. وەرگێڕانی بۆ زمانی کوردی: سیروان حسێن بیەیی. لەبڵاوکراوەکانی ئاودێر ٢٠١٥؟ ل١٣٦



**وێنەی ئەو جووانەی حکومەتی عێراقی لە کوردستانەوە**
**دەریکردن بۆ ئیسرائیل. ساڵی ١٩٥١**



دەستاڕ





پیرۆز ڕاگرتنی ئەستێرەی شەش گۆشە



**کیبا**



**تاوەری بابل**



**جوولەکەی کورد، فرۆکەخانەی تەلئەبیب- ١٩٤٩**




خوێندنگای ئەلیاس، کرکوك



دیواری گریان



نەبوخوزنەسر




نەخشەی ئیسرائیلی گەورە




**جووەکانی شاری شنۆیە بەبۆنەی دروسبوونی دەوڵەتی ئیسرائیل ئاهەنگ دەگێڕن ١٩٤٩**




**جوولەکەی کورد فڕۆکەخانەی قودس- ١٩٤٩**



ئەو ئەستێرە شەش گۆشەی لەلایەن  پێغەمبەر داوودەوە بەکار هێنراوە




ناوی دوازدە تیرەکەی جوولەکە



**مۆمدانی جوولەکە**


הדרן עלך כל ישראל יש לה׳
סליקא לה מסכת סנהדרין
ודיני סימניהון: דיני ממונות
כהן גדול. זה בורר. אחד דיני
היו בודקין. נגמר הדין. ארבע
מיתות. בן סורר. הנשרפין
הנחנקין. חלק. חזק
Thelmud hierosolymitani In libris sanhedrin
quos Joannes Reuchlin phorcensis sibi diligenter
acquisivit Anno christi M D XII

تەورات







**ئەلف و بای زمانی ئارامی و عیبری**

# کـۆتـایی